حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی کوردی

# زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ_فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی

نامەیەکە

**ناهیدە ڕەحمان خەلیل**

پێشکەشی فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان/سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا .

سەرپەرشت

**پ. ی. د. بەکر عومەر عەلی**

2713 ک 2013 ز

ئەم نامەیە (زمانپژاندن و دیاردە سایكۆ_فۆنۆلۆژییەكانی زمانی كوردی) بە چاودێری من لە زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوە و بەشێكە لە پێویستییەكانی وەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا .

ناو : پ. ی. د. بكر عمر علی

رۆژ : / / ٢٠١٣

بەپێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

ناو :پ.ی.د.دڵشاد علی محمد

سەرۆكی لیژنەی خوێندنی باڵا

رۆژ : / / ٢٠١٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە، بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت .

ناو :
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو :
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / /

ناو :
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو :
ئەندام
ڕۆژ: / /

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی زمانەوە پەسەنکرا .

ناو :
ڕاگری سکوڵی زمان
ڕۆژ:

# پێشکەشە بە

- ئەو فریشتانەی بەها باڵاکانیان فێرکردم (دایکم ،باوکم )،
- ئازیزانم (خوشك و براکانم) ،کە هەمیشە هاندەر و یارمەتیدەرم بوون ،
- ئەو کەسەی هێمنی دەریای پێبەخشیم،هاوسەرم (م.ئاری مارف)
- جگەرگۆشەکانم (نوا ، نامی )،ئەو هەناسانەن ، ڕۆحم ئاسودە دەکەن ،
- ئەو پەپوولانەی دەربڕینەکانیان بووە داتای لێکۆڵینەوەکە.

## ناهیدە

# سوپاس و پێزانین

- ماموٚستای خۆشەویست و سەرپەرشتم بەڕێز (پ. ی. د. بكر عمر علی)، کە بەگیانێکی ئەکادیمی پتەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.
- سەرجەم ئەو ماموٚستا بەڕێزانەی لە قۆناغەکانی خوێندنمدا فێریان کردم .
- هاوڕێی دڵسۆز، ماموٚستای خۆشەویستم (د.ئاڤێستا کەمال مەحمود)،کە لە بەدەستخستنی سەرچاوە و ڕێنموویکردنمدا بێ پەروا هاوکارم بووە.
- سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و کەسە بەڕێزانە دەکەم ،کە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا یارمەتیدەرم بوون.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما | لێکدانەوە |
|---|---|
| * | واتای ناڕێزمانیی |
| / | یان |
| // | فۆنیم،مۆرفیم |
| ~ | ئەڵتەرناسیۆن |
| σ | بڕگە |
| → | دەبێت بە |
| [ ] | دەربڕینی فۆنەیتیکی |
| LAD | دەزگای زمانوەرگرتن |
| L1 / ز١ | زمانی یەکەم |
| (−،+) | بەهای ( سیمای واتای / فیچەری فۆنۆلۆژی) |
| [ ] | نیشانەی سیمانتیکیی |
| ♀ | ڕەگەزی مێ |
| ♂ | ڕەگەزی نێر |
| >> << | زاراوە |
| ی | یادگە |
| ' | جێکەوتەی هێز |
| . | سنوری بڕگە |

# لیستی زاراوەکان

| | ئ |
|---|---|
| Attention | ئاگایی |
| Metathesis/ Exchange | جێگۆڕکێ |
| Articulation | دەربڕین |
| contra lateral | ئەرکی دژلایی مێشك |
| Broca’s Aphasia | ئەفاژیای برۆکا |
| Wernicke’s Aphasia | ئەفاژیای ڤێرنیکا |
| Alternation | ئەڵتەرناسیۆن |
| | ب |
| Phonological Loop | بازنەی فۆنۆلۆژی |
| Retrieval | بەدەستهێنانەوە |
| Object permanence | بەردەوامیی شتەکان |
| Production | بەرهەمهێنان |
| | پ |
| Message | پەیام |
| Perception | درککردن |
| Communication | پەیوەندی |

| | |
|---|---|
| Process | پرۆسەکان |
| Simplifications process | پرۆسەی ئاسانکردن |
| Deaffrication process | پرۆسەی خشۆکی کردن |
| Voicing process | پرۆسەی دەنگدارییکردن |
| Phonological process | پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان/دیاردە فۆنۆلۆژییەکان |
| Devoicing process | پرۆسەی کپکردن |
| Stopping process | پرۆسەی وەستاندن |
| Storage process | خەزنکردنی زانیاریی/گەنج–هەلگرتن |
| | ت |
| Cognitve Theory | تیۆری درکپێکردن/مەعریفی |
| Nativsm Theory | تیۆری خۆرسکیبوونی زمان |
| Segmental Theories | تیۆرەکانی سەگمێنتالێتی |
| Immitation Theory | تیۆری لاساییکردنەوە |
| Input | تێکردە |
| Languge disorders | تێکچوونی زمان |
| Distortion | تێکەڵیی و ناڕوونی |
| Comprehension | تێگەیشتن |
| Situational Understanding | تێگەیشتنی بارودۆخیی |
| Addition | تێهەڵکێشکردن |
| critical age | تەمەنی هەستیاریی |

| | |
|---|---|
| | ج |
| Encoding | جفرەکردن (کۆدکردن) |
| Structural Encoding | جفرەکردنی دروستەییانە |
| Semantic Encoding | جفرەکردنی واتایی |
| Phonemic Encoding | جفرەکردنی فۆنیمیی |
| decoding | جفرەلێکدانەوە |
| Universalty of Language Acquisition | جیهانیبوونی زمانوەرگرتن |
| Position | جێکەوتە |
| | چ |
| Conceptualization | چەمکاندن |
| | خ |
| Self-Monitoring | خود چاودێری |
| | د |
| childish creativiy | داهێنانی منداڵانە |
| Languae acquisition device | دەزگای  زمانوەرگرتن |
| Lexical Access | دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی |
| Situational Context | دەوروبەری بارودۆخی |
| | ر |
| Intelligence  quotient | ڕادەی زیرەکیی |
| Behaviorism | ڕەفتارگەراییەکان |

| | |
|---|---|
| | ز |
| Applid linguistics | زانستی زمانی جێبەجێکەرانە/کارەکیی |
| Psycholinguistics | زانستی زمانی دەروونیی |
| neurolinguistics | زانستی زمانی دەماریی |
| Language Acqiuisition | زمانوەرگرتن |
| Second Language Acquisition | زمانوەرگرتنی دووەم |
| First Language Acquisition | زمانوەرگرتنی یەکەم (زمانپژاندن) |
| | س |
| Cerebral dominance | سەرکردایەتی کردنی مێشك |
| | ف |
| Language Faculty | فاکولتی زمان/توانستی زمانییی ناو مێشك |
| Featuer | فیچەر/نیشانە |
| Feedback | فیدباك/دەرخواردی گەڕاوە |
| Learning | فێربوون |
| Second Language Lerning | فێربوونی زمانی دووەم |
| First Language Lerning | فێربوونی زمانی یەکەم |
| Formulation | فۆرمەلەکردن |
| | ق |
| The Pre-linguistic stage | قۆناغی پێش زمانیی |
| Telegraphic Speech Stage | قۆناغی دەربڕینی دوو وشەییی/قۆناغی ئاخاوتنی تەلەگرافیی |

| | |
|---|---|
| Holophrastic stage | قۆناغی دەربڕینی یەك وشەیی |
| The linguistic stage | قۆناغی زمانیی |
| Babbling stage | قۆناغی گروگاڵکردن |
| | ك |
| deletion | کرتاندن |
| consonant harmony | کۆنسۆنانت هارمۆنیی |
| | گ |
| Language Development | گەشە/پەرەی زمانیی |
| Babbling | گروگاڵکردن |
| critical age hypothesis | گریمانەی تەمەنی هەستیاریی |
| Semantic Feature Acquisition Hypothesis | گریمانەیوەرگرتنی نیشانە واتاییەکان |
| extension/ Generalization | گشتوەگیریی |
| overgeneralization | گشتوەگرییکردنی زێدەڕۆیی |
| undergeneralization | گشتوەگرییکردنی ناتەواو |
| Shift / Substitution | گۆڕین / جێگرتنەوە |
| | ل |
| phonological deviations | لادانی فۆنۆلۆژیی |
| | م |
| critical period | ماوەی هەستیاریی |

| | |
|---|---|
| Modularity | مۆدولارێتی |
| | ن |
| Broca’s area | ناوچەی برۆکا |
| Wernicke’s area | ناوچەی وێرنیکا |
| | هـ |
| Speech errors | هەڵەی زمانیی |
| Selection | هەڵاوێرکردن |
| | و |
| Pivot word | وشەی سەرەکیی |
| open word | وشەی کراوە |
| Assimilation | وێکچوون |
| | ی |
| Memory | یادگە |

## ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


**پێشەکیی** ................................ ١

**بەشی یەکەم/ زمانوەرگرتن**................................ ٦

١ /١)پەیوەندییەکانی نێو زمانوەرگرتن ........................ ٧

١/١-١) پێکهاتە و بونیادی ئاوەزو مێشکی مرۆڤ.................. ٩

١/١-١-١ )ئاوەزی مرۆڤ پەیوەست بەزمانوەرگرتنەوە.................. ٩

١/١-١-٢) زمانی ئاژەڵان پەیوەست بە پرۆسەی زمانوەرگرتنەوە ............ ١٥

١/١-٢) چەمکی زمانوەرگرتن.............................. ١٨

١/١-٢-١)  چەمکی زمانپژاندن ........................ ٢٣

٢/١) تیۆرییەکان و قۆناغەکانی  زمانپژاندن ........................ ٣٠

١/٢- ١)تیۆرییەکانی زمانپژاندن .............................٣٠

١/٢- ١-١)تیۆری ڕەفتارییەکان ..........................٣٠

١/٢-١-٢)تیۆری عەقڵگەرایی .......................... ٣٥

١/٢- ١-٣)تیۆری درکپێکردن ............................. ٣٩

١/٢- ٢)قۆناغەکانی  زمانپژاندن .............................. ٤٢

١/٢-٢-١)قۆناغی پێش زمانیی .............................. ٤٦

١/٢- ٢-١-١)قۆناغی گریان و قیژە .............................. ٤٧

١/٢- ٢-١-٢)قۆناغی گروگاڵکردن .............................. ٤٩

١/٢- ٢-٢)قۆناغی زمانیی ............................... ٥٣

١/٢- ٢-٢-١)قۆناغی لاسایکردنەوەو دووبارەکردنەوە ............... ٥٣

١/٢- ٢-٢- ٢) قۆناغی فێربوونی وشە و دەربڕاو ڕستە ............. ٥٤

١/٢- ٢-٢-٢ -١)قۆناغی دەربڕینی یەك وشەیی .................. ٥٤

١/٢- ٢-٢-٢) قۆناغی دەربڕینی دوو وشەیی .................. ٥٧

١/٢- ٢-٢-٣)قۆناغی دوو وشەیی بەرەو ژوور .................. ٥٨

بەشی دووەم/  پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی زمان پەیوەست بە زمانپژاندنەوە ........ ٦٠
٢ /١)فێربوونی زمان و یادگە ........................................ ٦١
٢/١-١)فێربوونی زمان ........................................ ٦٢
٢/١-٢)یادگە ........................................ ٦٥
٢/١- ٢-١)جۆرەکانی یادگە ........................................ ٦٦
٢/١- ٢-١-١ )یادگەی هەستیی ........................................ ٦٦
٢/١-٢-١-٢)یادگەی کورت-خایان/یادگەی کارکەر ........................................ ٦٧
٢/١- ٢-١-٣)یادگەی درێژ-خایان ........................................ ٦٨
٢/١- ٢-٢)گەشەکردنی یادگەی منداڵ پەیوەست بە چەشنی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانەوە ٧٠
٢/١-٢-٣ )یادگە و بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان ........................................ ٧٢
٢/١-٢- ٣-١) پرۆسەی بەجفرەکردن ........................................ ٧٦
٢/١-٢- ٣ -٢) پرۆسەکانی پاراستن و خەزنکردنی زانیارییەکان ........................................ ٧٧
٢/١-٢-٣-٣) پرۆسەکانی بەدەستهێنانەوە ........................................ ٧٩
٢/٢) تێگەیشتنی  زمان ........................................ ٨٠
٢/٢-١) پرۆسەکانی تێگەیشتنی زمان ........................................ ٨١
٢/٢-١ -١)  پرۆسەی پەیبردن ........................................ ٨٣
٢/٢-١ -٢)  پرۆسەی جفرە لێکدانەوە ........................................ ٨٤
٢/٢-١ -٣)  پرۆسەی نرخپێدان ........................................ ٨٥
٢/٢-٢) قۆناغەکانی تێگەیشتنی زمان لای منداڵ ........................................ ٨٥
٢/٢-٢-١) پەیبردن بە دەنگەکانی ئاخاوتن ........................................ ٨٦
٢/٢-٢-٢) تێگەیشتن لە واتای وشەکان لای منداڵ ........................................ ٨٩
٢/٢-٢-٢-١) چۆنییەتی تێگەیشتنی واتای وشەکان لای منداڵ ........................................ ٩٠
٢/٢-٢-٢-٢) قۆناغەکانی تێگەیشتن و وەرگرتنی واتای وشەکان لای منداڵ .... ٩٤
٢/٢-٢- ٢ -٢ -١)گشتوەگیریی ناتەواو ........................................ ٩٥

٢/٢-٢-٢- ٢-٢)گشتوەگیریی زێدەڕۆیی .......... ٩٦

٢/٢-٢-٢ -٢-٣)گشتوەگیریی دروست .......... ٩٨

٢/٢-٢-٣) تێگەیشتن لەڕێکخستنی ڕستەکە و واتاکەی .......... ٩٨

٢/٢-٢-٤) تێگەیشتن لە واتای دەق .......... ١٠٠

٣/٢) بەرهەمهێنانی ئاخاوتن .......... ١٠١

٢/٣-١)چەشنەکانی جفرەکردن.......... ١٠٢

٢/٣- ١-١) جفرەکردنی واتایی .......... ١٠٢

٢/٣-١ -٢) جفرەکردنی دروستەییانە .......... ١٠٣

/٣-١ -٣) جفرەکردنی فۆنێمیی .......... ١٠٤

٢/٣-٢)قۆناغ و میکانیزمەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن .......... ١٠٥

٢/٣-١-١). چەمکاندن .......... ١٠٦

٢/٣-١-١) فۆڕمەلەکردن .......... ١٠٧

٢/٣-١-١) ئامێرێتی دەربڕین .......... ١٠٨

٢/٣-١-١)خودەچاودێری .......... ١٠٩

٢/٣-٣) مۆدیلە شیکەرەوەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن .......... ١١٠

بەشی سێیەم/ دیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن .......... ١١٣

١/٣) جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە پرۆسەی زمانپژاندند... ١١٤

٣/١- ١ )جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی لای منداڵ .......... ١١٤

٣/١-٢) گۆڕانەکان لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا .......... ١١٧

٣/١- ٢-١) فۆنیم و پێڕەوی فۆنۆلۆژیی .......... ١١٧

٣/١- ٢-٢)هۆکاری گۆڕان لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا .......... ١١٩

٢/٣) دیاردەفۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن .......... ١٢٢

٣/٢- ١)چەشنەکانی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان .......... ١٢٢

٣/٢- ١ -١) وێکچوون/کۆنسۆنانت هارمۆنیی .......... ١٢٣

٣/٢– ١– ٢) ئاڵوگۆڕکردن ........................................ ١٢٩
٣/٢– ١– ٣) جێگرتنەوە ........................................ ١٣٠
٣/٢– ١–٤)کرتاندن ........................................ ١٣٦
٣/٢– ١– ٥ )زیادکردن ........................................ ١٣٩
٣/٢– ١– ٦) تێکەڵیی و ناڕوونی دەربڕینی دەنگ ........................ ١٣٩
٣–٢–٢)بڕگە و دیاردە سەرو سەگمێنتییەکانی زمانپژاندن .................. ١٤٠
٣–٢– ١) بڕگە ........................................ ١٤٠
٣–٢– ٢) هێز ........................................ ١٤٢
٣–٢– ٣) ئاواز ........................................ ١٤٢

ئەنجام و پێشنیاز........................................ ١٤٤
سەرچاوەکان ........................................ ١٤٨
پاشکۆ........................................ ١٥٥
الخلاصة ........................................ ١٥٧
Abstract ........................................١٥٩

# پێشەکی

# پێشەکی

## ٠/ ١) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ_فۆنۆلۆژییەکانی  زمانی کوردی ) یە،کە بواری لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ زمانپژاندن ،فێربوونی زمانی یەکەم لە کۆمەڵگایەکی یەك زمانییدا لەلایەن منداڵەوە و ئەو دیاردە فۆنۆلۆژییانەی لە قۆناغەکانی زمانپژاندندا پەیڕەوییان دەکات لە زمانی کوردیدا ، کە شیکردنەوە و خستنەڕووی چۆنێتی(زمانوەرگرتن ، پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی زمان پەیوەست بە زمانپژاندنەوە و دیاردە– فۆنۆلۆژییەکانی )ی دەربڕینەکانی منداڵ لە زمانی کوردیدا پەیوەست بەو لێکدانەوانەی  زانستی زمانی دەروونیی پێشکەشی کردوون.

## ٠/ ٢) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی پرۆسەی زمانوەرگرتن بە گشتی و زمانپژاندن بەتایبەتی ،کە بنەمای فێربوونی زمانە ،بە هۆیەوە منداڵ  ئەو بیرانەی هەیەتی لە ڕێگەی زمانەوە دەریدەبڕێت و گوزارشتیان لێدەکات، ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی زمانی دەروونیی ، کە لقێکە لەو زانستانەی لەم سەردەمەدا جێی بایەخ و گرنگی  پێدانی زمانەوانەکانە،بەڵام لە زمانی کوردیدا کەمتر گرنگیی بەم لایەنە دراوە،زیاتر لێکۆڵینەوەکان لە خزمەتی زانستی  زمانی تیۆریدا بووە، واتە کەمی لێکۆڵینەوە لە بواری زانستی زمانی کارەکیی لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردیدا ، بەتایبەتی تر لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ( زمانوەرگرتن ) دەگمەنە ،کە ئەم بابەتە دەچێتە چێوەی زانستی زمانی کارەکیی لەوانە ( زانستی زمانی دەروونیی ) ەوە ، بۆیە  بەپێویستمان زانی ، کە هەوڵبدەین لەم بوارەدا خزمەتێك بە زمانی  کوردی بکەین بە ئومێدی ئەوەی توانیبێتمان ،ئەو ئامانجەمان پێکابێت ،کە لێکۆڵینەوەکە کاری بۆ کردووە .

## ٠/ ٣) ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ( زمانی کوردی – دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست– شێوەزاری سلێمانی ) بەکارهێنراوە ،نموونەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی منداڵەوە( لە ساتی لەدایکبوونەوە هەتا تەمەنی شەشساڵیی ) وەرگیراوە و بەتایبەتی  دیاردە فۆنۆلۆژییەکان ، لەم نامەیەدا ڕێبازی (شیکاریی پەسەنکارانە)  پەیڕەوکراوە

،هەروەها لێکۆڵینەوەکە سوودی لەو ڕێبازانەش وەرگرتووە ، کە زانستی زمانی پراکتیکیی بۆ پەیپێبردن ودرکپێکردنی زانیارییە زمانییەکان پێشکەشیانکردووە .

## ٤/٠)گرفتی لێکۆڵینەوەکە

کەمیی سەرچاوە بە زمانی کوردی لە بواریی زانستی زمانیی کارەکیی بە تایبەتیتر زانستی زمانی دەروونیی. گرفتێکی دیکە ، کێشەی زاراوەکانە ،کە زاراوەی گشتیی زانستیی نییە تاوەکو خوێندکار وەکو ستانداردێك بەکاریان بهێنێت لە کاتی نوسینی لێکۆڵینەوەدا .هەروەها گرفتی وەرگرتنی داتاکانی لێکۆڵینەوەکە بوو ، چونکە داتاکان زمان و دەربڕینەکانی منداڵە،کە لە سەرەتادا جیاکردنەوە و تێگەیشتن لەو دەربڕینانە، تۆمارکردن ، وەرگرتن و بەکار هێنانی وەك داتا کارێکی ئاسان نیە ، پێویستی بە سەلیقەو ئاگادار بوونە لە دەورووبەری بارودۆخی دەربراوەکان .

## ٥/٠ ) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

نامەکە لە پێشەکییەك ، سێ بەش، ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم :** ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ (زمانوەرگرتن Language Acquisition) بۆ شیکردنەوە، ڕوونکردنەوەی بابەتەکانیش ، بەشەکە لە دوو پاردا پێشکەشکراوە :

پاری یەکەم / بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێو زمانوەرگرتن تەرخانکراوە، ڕوونکردنەوە دراوە لەسەر پێکهاتە و بونیادی ئاوەزو مێشکی مرۆڤ پەیوەست بە توانای زمانوەرگرتنەوە،ڕوونکردنەوەی زمانی ئاژەڵان پەیوەست بەم توانایەیەوە ،کە وەك پێویستییەکی زانستی ئەو بابەتانەی گرنگ و پەیوەستن پێیەوە هەوڵدراوە ڕوونکردنەوە دەربارەیان بدرێت، هەندێك لەو تێورییە شیکەرەوانە خراونەتەڕوو ، کە لە بواری زانستی زمانی دەروونیدا لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەشکردووە.

پاری دووەم / لەم پارەدا دیارترین تیۆرییەکانی زمانپژاندن شیکراونەتەوە،کە بریتیین لە:( تیۆری ڕەفتارییەکان ، تیۆری عەقلگەرایی ،تیۆری درکپێکردن )، لێکۆڵینەوەکە کار بە تیۆری درکپێکردن دەکات.هەروەها قۆناغەکانی زمانپژاندن خراونەتە ڕوو دابەشکراوە بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا،کە لەسەر بنەمای واتا جیاکراونەتەوە، ئەوانیش بریتیین لە:( قۆناغی پێش زمانیی ، قۆناغی زمانیی ).

**بەشی دووەم :** بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە (پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی زمان پەیوەست بە زمانپژاندنەوە ) ، لایەنی تیۆریی و  پراکتیکەکانی ئەم بەشە لە سێ پاردا لێی کۆڵراوەتەوە ،کە بریتین لە :

پاری یەکەم / لەم پارەدا باس لە پەیوەندی نێوان فێربوونی زمان و یادگە ،خستنەڕووی جۆرەکانی یادگە، ئاماژەدان بە گەشەکردنی یادگەی منداڵ پەیوەست بە چەشنی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانەوە ،هەروەها قۆناغ و شیکردنەوەی چۆنییەتیی بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان  لە یادگەدا کراوە.

پاری دووەم / تێگەیشتنی زمان  ، پرۆسەکانی ،چۆنییەتیی و قۆناغەکانی  لای منداڵ بابەتی سەرەکی ئەم پارەن، کە تیایدا هەوڵدراوە بە وردی  چۆنییەتیی تێگەیشتنی واتا و گشتوەگیریی ،کە دیاردەیەکی ئاشکراو گرنگی زمانپژاندنە ، فێربوونی  زمان و ئاستەکانی خراونەتە ڕوو، لێرەدا تەنها باس لە پرۆسەکانی تێگەیشتن لە واتای فەرهەنگیی لە زمانی منداڵدا کراوە،بەهۆی سنورداریی ڕادە و توانای منداڵ ، تێگەیشتن لە واتای میتافۆر ئاماژەی پێنەکراوە.

پاری سێیەم / لەم پارەدا باس لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و چەشنەکانی جفرەکردن  دەکرێت ، هەروەها خستنە ڕووی ئەو میکانیزمانەی دەست دەگرن بەسەر هەڵگرتنی چەمکەکان لە ناو فۆرمەکاندا و یارمەتی  بەرهەمهێنانی ئاخاوتن دەدەن بە شێوەیەکی دروست و گونجاو ،پاشان ئاماژەدان بە مۆدیلە شیکەرەوەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن  .

**بەشی سێیەم :** ئەم بەشە تایبەتکراوە بە ( دیاردە سایکۆ_ فۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن ) لە چێوەی دوو پاردا لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەکانی خستووەتەڕوو:

پاری یەکەم / لەم پارەدا باس لە  جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە پرۆسەی زمانپژاندندا ، ڕوونکردنەوەی جفرەکردنی فۆنۆلۆژی ،پێڕەوی فۆنۆلۆژی ، گۆڕانەکان لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا و هۆکاری گۆڕانەکان  لای منداڵ کراوە.

پاری دووەم /  دیاردەفۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن ، چەشنەکانی دیاردەفۆنۆلۆژییەکان و دیاردە سەرو سەگمێنتییەکانی زمانپژاندن لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە، هەروەها وەك لایەنێکی کارەکی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ دیاردەکاندا داتا و نموونەکان خراوەنەتە ڕوو.

## ٦/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە

لەبەرئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە سەر بە زانستی زمانی کارەکیی،بۆیە گرنگییەکەی لە لەسەر دوو ئاستدا دەردەکەوێت :

١. ئاستی تیۆریی : لەم ئاستەدا لایەنە ئەبستراکتەکانی زمانپژاندن ،چۆنییەتیی تێگەیشتن و دنیابینی منداڵ لە قۆناغەکانی زمانوەرگرتندا ،چۆنییەتی گەیاندنی بیر بەهۆی زمانەوە لێکدراونەتەوە .

٢. ئاستی پراکتیکیی : لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە یاریدەدەرن بۆ کەسانی پێگەیشتوو لە کارئاسانی و هاوکاریکردنی منداڵ لە پرۆسەی زمانپژاندندا پەیبردن بە کەموکوڕییەکانی ئاخاوتن ،دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی لە پەروەردەی زمانیی منداڵدا لە ئاستی دایەنگە و باخچەی ساوایاندا .هەروەها دانانی پرۆگرام بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم.

لێکۆڵینەوەکە بە گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان،پاشکۆیەك ،لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە کۆتایی هاتووە.

# زمانوەرگرتن

# ١) زمانوەرگرتن ***Language Acqiuisition***

زمان یەکێکە لەو دیاردە سەرەکییانەی لایەنێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتیی پێکهێناوە، هۆیەکە بۆ بەدەستهێنانی کۆزانین Knowledge، فێربوون Learning ، پەیوەندیکردن Communication، هەروەها ئامراز و هۆکاری گۆڕینەوەی بیر و ئەزموونە،کە بە درێژایی مێژوو سەرنجی لێکۆڵەرەوان[١] ،هەروەها شارەزایانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە،لێکۆڵینەوەیان دەبارەی زمان کردووە، لێکۆڵینەوە لە زمان وەك پرۆسەیەکی ئاوەزیی دەمانگەیەنێتە ئەوەی بزانین لە مێشکی مرۆڤدا پرۆسەکانی (زمانوەرگرتن ،تێگەیشتن،بەرهەمهێنان)چۆن ڕوودەدەن ،چونکە زمان ڕەنگدانەوە ،" باشترین ئاوێنەی ئاوەزی مرۆڤە"[٢].

## ١/١) پەیوەندییەکانی نێو زمانوەرگرتن

زمان وەکو بابەتێك بۆتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەتوانرێت دابەشبکرێت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا[٣]، ئەوانیش بریتین لە: ا.دروستە/پێکهاتەStructure(واتەڕێزمان و وەچەپێکهاتەکانی) ، ب.ئەرکFunction(چۆنییەتیی بەرجەستەبوونی ڕستە بۆپەیوەندیکردن)، پ.پرۆسە/دیاردەکان Process(پەسنکردنی ئامرازە ئاوەزییەکان و بابەتی جێبەجێکردنی ، کەبەکاردەهێنرێت لەپرۆسەکانی درککردن وتێگەیشتن ، بەرهەمهێنانی ئاخاوتن) دا. بەمەش تێگەیشتنی ڕاستیی زمان گرنگییەکی تیۆری و پراکتیکییە ،کە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت[٤]، یەکێك لەوخاڵەگرنگانە،ئەوەیە ،کە لێکدانەوەی زمان پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەیە کێشەی لۆژیك و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی ...هتد ڕووندەکاتەوە ،چونکە خودی زمان دیاردەیەکی هۆشەکییە و لێکدانەوەی ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە مێشکی

---

[١] مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمان لە سەردەمی دێرینەکانەوە(پانینی،ئەفلاتون،ئەرستۆ...) پاشان زمانەوانی بەراوردکاریی بۆ سەدەی نۆزدە زمانەوانی وەسفی (سوسێر...)، ڕێزمانی بەرهەمهێنان...هتد دەگرێتەوە،کە باسکردنی مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمان ناچێتە سنوری لێکۆڵینەوەکەوە.

[2] Chomsky,N.(1986: 1)

[٣] جمعه سید(١٩٩٠: ٦٥)

[٤] محمد معروف فەتاح (٢٠١١ : ٩-١١)

مرۆڤ و چۆنییەتی دروستبوونی بیر ، لەئەنجامی پەیوەندی زمان بە زانستەکانی دیکەوە لقەکانی زانستی زمان گەشەیان کردووە[1]، بە گشتی زانستی زمان دوو لقی سەرەکی لێبووەتەوە ،کە ئەوانیش بریتیین لە:

أ. زانستی زمانی تیۆریی ،کە خۆی بە پێکهاتە و پێڕەوی زمان خەریکدەکات ، لێکدانەوەیە لە چوار ئاستی سەرەکی (دەنگسازییPhonology،وشەسازیی Morphology، ڕستەسازیی syntax ، واتاسازیی semantics ).

ب- زانستی زمانی کارەکییApplied linguistics لەو بوارانە دەکۆڵێتەوە،کە پەیوەندییان هەیە بە کێشە کردەییەکان،وەکو فێربوونی زمان، فەرهەنگسازیی، وەرگێران و کەموکورتیەکانی ئاخاوتن...هتد. ئەم زانستە سودوەردەگرێت لە زانستەکانی تری وەکو دەروونناسی psychology ،کۆمەڵناسیSociology، دەمارناسی Neurology ، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی زمان هەیەتی بە لقەکانی تری زانستەوە چەند لقێکی زمانەوانی نوێ هاتنە کایەوە لەوانە:(زانستی زمانی دەروونییpsycholinguistics، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی sociolinguistics ، زانستی زمانی دەماریی neurolinguistics ) ن .

کەواتە زانستی زمانی دەروونیی لقێکە لە زانستی زمانی کارەکیی ، بەوە ناسراوە،کە باس لە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزی مرۆڤ دەکات، وەکو زمانوەرگرتن، درکپێکردنی قسە، سروشتی پەیوەندی نێوان بیرو زمان، پەیوەندی زمان بە کەسێتییەوە، ناتەواوییەکان/پەشۆکانی زمانیی ئەفازیا Aphasia[2]

---

[1] بروانە : ا.یوسف شەریف (٢٠١١ :٥-٤٧ ) ب.وریا عومەر(٢٠٠٩: ١٥٨) پ.(2007).Davies , A .

[2]ئەفازیا : زاراوەیەکی دەمارزانییە بۆ ئاماژەکردن بە هەموو جۆرە ناتەواوی و پەشۆکانێکی زمانیی ،کە بە هۆی پەککەوتن و زەرەرمەند بوونی مێشك دروست دەبێت لە ڕێگەی نەخۆشی یان بەرکەوتنی زەبر/هێز. زمانگرتن/پەشۆکانی زمانیی بە پێی ناوچەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان(ناوچەی برۆکا) ، تێگەیشتن(ناوچەی ڤێرنیکا)، دوو جۆرە : ا.پەشۆکان/زمانگرتنی برۆکا Broca's Aphasia ئەو کەسانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن کێشەی دەربڕینی ئاخاوتنیان هەیە، بەڵام لەڕووی تێگەیشتنەوە هیچ کێشەیەکیان نییە ، چونکە ناوچەی برۆکا (بەشی پێشەوەی نیوەگۆی چەپی مێشك) یان زیانی لێکەوتووە، ئەمانە ڕەنگە هەبوونی ڕێزمان لەدەست بدەن، چونکە گرفتی ڕستە ، دەربڕینیان لەڕووی ڕێزمانییەوەیە، زۆرجار دەربڕینەکانیان ناڕێزمانین ،کە بەکارهێنانی پرپپۆزشن و نیشانەکانی ناسیاوی ونەناسیاوی (دیاریکردن و شاردنەوە) بەرچاو ناکەوێت، هەروەها مۆرفیمی کاتی کارەکە دەرناکەوێت، بەئاسانی لە ڕستەی ئاڵۆز تێناگەن ب.پەشۆکانی ڤێرنیکا Wernicke's Aphasia ئەو کەسانەی توشی ئەم حاڵەتە بوون دەتوانن زۆر بە ڕەوانی قسەبکەن ،بەڵام لە

، فێربوونی زمان لە بارەتایبەتییەکان وەکو (نابینا ، نابیستا) ، سایکۆلۆژیای خوێندنەوە،یان ئەو توێژینەوە زانستییە هەمەلایەنەیە، کە هەوڵدەدات نەخشەی چۆنیەتی قسەکردن، بیستن ،نوسین ،خوێندنەوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ بکێشییێت.زانستی زمانی دەروونی بواری لێکۆڵینەوەی لە سێ لایەنی سەرەکیدا چڕکردووەتەوە[1] ئەوانیش بریتین لە:( زمانوەرگرتن[2]language acquisition،تێگەیشتنی زمان language comprehension، بەرهەمهێنانی زمان language production )"بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەم زانستەدا سوود لە بوارەکانی زیندەزانی،زانستەکانی درککردن و تیۆری زانیارییەکان دەکەن بۆ ئەوەی لە پرۆسەکانی مێشك و بیر بکۆڵنەوە"[3].

## ***۱/۱-۱)پێکهاتە و بونیادی ئاوەز و مێشکی مرۆڤ***

زمان وەك پێڕەوێکی هێمایی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی ،کە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە،پەیوەندی هەیە بە مێشکەوە،مێشکیش بەرپرسە لە کارلێکە کیمیاییەکانی جەستەی مرۆڤ و گواستنەوەی زانیارییەکانە بە هۆی پرۆسە کارەباییەکانەوە Electrical Process،کە پرۆسەیەکی خێرایە ،پاشان لە ڕێگەی چەند ئۆرگانێکەوە (بیستن ، ئاخاوتن) پرۆسە میکانیکییەکان دەستپێدەکات بۆ دەربڕینی ئاخاوتن لە شێوەی شریتی دەنگیدا.

### ۱/۱-۱-۱)ئاوەزیی مرۆڤ پەیوەست بەزمانوەرگرتنەوە

ئاوەز بە سەنتەری دەسەڵاتشکاندنەوە بەسەر جەستە،کردە و چالاکییەکانی مرۆڤ دادەنرێت ، زمانوەرگرتنیش یەکێکە لەو دیاردانە، بۆ لێکدانەوەی چۆنێتی پرۆسەکانی زمانوەرگرتن، تێگەیشتن،

---

قسەکردنیان تێناگەین، هەروەها گرفتی تێگەیشتنیان هەیە و لە هەڵبژاردنی وشەکانیش سەرکەوتوو نین.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a. Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N. ( 2011 :6-8)
b. Scovel,T.( 2009 :73-74 c.جمعەسید (۱۹۹۰ : ۱٦۸-۱۷۰)

[1] ا.حاتم صالح الضامن ( ۱۹۸۹: ٤۲ ) ب.جمعە سید یوسف (۱۹۹۰ : ۱۸) پ.لارنس مێلین( ۲۰۱۰: ۹ )

[2] بۆ پرۆسەی زمانوەرگرتن بڕوانە: (۱/۱-۲) ،بۆپرۆسەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەو سەرچاوانەی سودی لێوەرگیراوە.

[3] ئاڤێستا کەمال(۲۰۱۱: ٦)

بەکارهێنانی ، پێویستە لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزی مرۆڤ بوەستین ، بزانین ئایا لەناو مێشکی مرۆڤدا Human brain [1] بەشێکی تایبەت بە زمان هەیە ؟

زمان و قسەکردن وەك هەموو دیاردە مرۆڤایەتی و دەروونییەکانی تر بنەمای فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی تایبەت بە خۆی هەیە،چونکە زمان لە ڕێگەی ئەو ئۆرگانانەوە دێتە بەرهەم،هەر ئەمانیش تایبەتمەندێتی مرۆڤ دەردەخەن، بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەکانی زمان ، بەپلەی یەکەم کۆئەندامی دەمار[2] بەرپرسیارە لە پرۆسەی قسەکردن،نوسین و لەیەکگەیشتن، لەناوەندە کۆئەندامی دەماریشدا مێشك Brain بە تایبەتیش توێکڵ و پەردەی مێشك بەرپرسیاری یەکەمن ، کە کۆنترۆڵی کار و فەرمانەکانی زۆربەی ئەندامەکانی تری مرۆڤ دەکات، کۆ ئەندامی هەناسەش بە پلەی دووەم بەشداری دروستکردنی دەنگەکان دەکات لە ڕێگەی دابینکردنی هەوا بەڕێژەیەکی گونجاو.

مێشکی  مرۆڤ لە دوو نیوەگۆ Cerebral hemisphere پێکهاتووە ، هەرنیوەگۆیەکیش کار و فەرمانی تایبەتی خۆی هەیە،کە بەشێوەی سەربەخۆ کاردەکەن، یەکێکیان لەلای ڕاست و ئەوی تریان لەلای

---

[1] مێشکی مرۆڤ : ئاڵۆزترین ئەندامی لەشی مرۆڤە دەکەوێتە ژێر کاسەی سەر ،پێکهاتووە لە نزیکەی دە ملیار خانەی دەماریی (نیۆرۆن) ، بلیۆنان ڕیشاڵ ،کە ئەو خانانە پێکەوەدەبەستێتەوە. ڕووی  سەرەوەی مێشك بریتییە لە کۆرتێکس ،کە هەندێکجار پێی دەوترێت مادە ڕەساسیەکەgray matter ئەویش لەملیاران دەمارەخانە (نیرۆن) پێکهاتووە، لە ژێر کۆرتێکسەوە ماددە سپیەکەیە، کە لە ڕیشاڵە بەستەرەکان پێکهاتووە، کۆرتێکس ئەو ئەندامەیە، کەبڕیارەکانی بەدەستە پەیام لە ئۆرگانەکانی هەست وەردەگرێت، هەر ئەویش بڕیاری دەستپێکی هەر جوڵەیەکی بەدەستە .واتە کۆرتێکس شوێنی هەموو تواناکانە و بریارەکان و عەمباری یادگەکانمانە، لە شوێنێکی نێو ئەو مادە ڕەساسیە ئەو ڕێزمانە هەیە کەنوێنەرایەتی زانیاری زمانی هەریەکێك لە ئێمە دەکات ، بۆزانیاری زیاتر لەسەر مێشك و زمان بڕوانە :١. ادریان اکمجیان(٢٠٠٣ : ٥١٧–٥٤)
b. Fromkin, V.  &  Rodman, R. & Hyams,N.( (2011 : 37-77)
c.Aitchison , J. (2007 :49-70)

[2] کۆئەندامی دەمارNervous System  لای مرۆڤ لە چەندبەشێکی سەرەکی پێکهاتووە،ئەوانیش بریتیین لە:ا.چێوەکۆئەندامی دەمار(ئەرکی گواستنەوەی زانیارییە هەستییەکانە لە بەشەکانی لەشی مرۆڤ بۆ دەماخ،بەپێچەوانەشەوە،واتە گواستنەوەی زانیارییە جوڵەییەکان لە دەماخەوە بۆ لەش) ب.ناوەندە کۆئەندامی دەمار Central nervous System دەماغ و درکەپەتك دەگرێتەوە ، دەماخیش پێکهاتووە لە مێشك، مێشکۆکە و لاکێشە مۆخ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ا.کەریم شەریف (٢٠١١ : ١١٩ )  پ. دانا تەحسین (٢٠٠٨: ٦–٣٩)
c .Fromkin, V.  &  Rodman, R. & Hyams, N.( (2011 : 4) .
http://en.wikipedia.org/wiki/Nervous_syste

چەپ،بە تۆپەڵە لیمف/دەمارەگرێ Corpus Callous پێکەوە بەستراونەتەوە ، ئەمەش تۆڕێکی دوو ملیۆن ڕیشاڵیە، بەشێوەیەکی گشتی نیوەگۆی چەپی مێشك left hemisphere سەرپەرشتی کارو چالاکیەکانی لای ڕاستی جەستەی مرۆڤ و زمانیش دەکات، نیوەگۆی ڕاستی مێشك Right hemisphere سەرپەرشتی کار و چالاکیەکانی لای چەپی جەستەی مرۆڤ دەکات،ئەمەش پێی دەوترێت ئەرکی دژلایی مێشك[1] contra lateral .

لێکۆڵەران سەرەتا بۆچونیان وابوو ،کە هەردوو نیوەگۆی مێشك لەڕووی قەبارە، کار و فەرمانەوە وەکو یەکن، بەڵام لە ئەنجامی توێژینەوە شیکاریە پزیشکیەکان گەیشتنە ڕاستی ئەوەی کە جیاوازی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئەم دوو نیوەگۆیە (نیوەگۆی لای چەپ و نیوە گۆی لای ڕاست) ی مێشك، کە لەکاتی لەدایکبونەوە دەست پێدەکات. دەرکەوتووە نیوەگۆی چەپی مێشك زاڵە بەسەر زۆربەی کار و فەرمانەکانی لەشی مرۆڤدا، هەر یەکێك لە دوو نیوەگۆی مێشك دابەش بوون بۆ چوار بەش، هەریەکەیان کار و فەرمان و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەندێك لەو بەشانە تایبەتن بە زمان[2] و پرۆسەی فێرکردن،کە ناوچەیەکی گرنگە بۆ زمان و گەورەترە لە نیوە گۆی چەپدا بە بەراورد بە نیوە گۆی ڕاستی مێشکدا ، یەکێك لەو جیاوازیانەی لەنێوان دوو نیوەگۆی مێشکدا هەیە ئەوەیە کە ناوچەی لاجانگەپل، ئەم پێکهاتەی نیوە گۆی چەپ ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە لە کار ، فەرمان و ڕەفتاری ناسراو ،کە بە سەرکردایەتی کردنی مێشك Cerebral dominance ناودەبرێت،واتە نیوەگۆیەکیان (نیوەگۆی لای چەپ) گرنگترە لەوی تریان[3].

---

[1]A. Aitchison , J. (2007:54) b. . Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N.( (2011 : 4)

[2] کاتێك باس لە سەنتەری زمان لە مێشکدا دەکرێت،مەبەست لەوە نییە کە ناوچەیەکی تۆپۆگرافی (بەبەردبوو)ی دیاریکراو بێت، بەڵکو کۆمەڵێك توانا و لێهاتووی فسیۆلۆژی بۆ ماوەیی مێشکە نەرمە یا کۆمەڵێك خانەی دەماری تایبەتمەندی هاوکارە، و کاتێك چالاکدەبن، کە منداڵ لە کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دەست بە ئاخاوتن دەکات، سەرەتا لەڕێگەی گوێگرتن لە دەوروبەرەکەی و پاشان لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەیبیستێ ئەمیش دەریدەبڕێت، و کاری خوێندنەوە کۆتا ڕێگەی فێربوونی زمانە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ا.نوری جعفر( ١٩٧١ : ٤١ ) ب.لارس میلن( ٢٠١٠ : ٤٢ )
پ.دانا تەحسین(٢٠٠٨: ٩)

[3] . ئەم دیاردەی گرنگییەی لای چەپی مێشك لای ڕێژەی زۆرینەی مرۆڤەکانەبە نزیکەیی لەسەدا نەوەد و پێنج ،واتە ئەوانەی ڕاستەن لەئیش و کارەکانیاندا،بەڵام لای ئەو مرۆڤانەی چەپلەرن ئەوا سەرکردایەتی کردنی مێشکیان لای نیوەگۆی ڕاستی مێشکە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :ا.جمعه سید ( ١٩٩٠ :١٦٥ ) ب.موفق الحمدانی (١٩٨٢ : ٦٨ )

سەبارەت بەشوێنی زمان لە مێشکدا لێکۆڵەرەکان تێڕوانینیان جیاوازە:

**بۆچونی یەکەم:** بە پێی ئەم بۆچوونە زمان بنکەیەکی سنورداری لەناو مێشکدا هەیە ، وەك ئەو بۆچوونەی زانا برۆکا (پۆڵ برۆکا) ، ئەوەی ڕاگەیاند،کە زمان پەیوەندی بە نیوەگۆی لای چەپی مێشکەوە هەیە، وتی ئێمە بەهۆی نیوەگۆی چەپی مێشکمان قسەدەکەین، کە ئێستا بەم ناوچەیە دەوترێت ناوچەی برۆکا (Broka’s area) بەناوی زاناکەوە ناونراوە، ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن. پاش لێکۆڵینەوەکەی پۆڵ برۆکا ، زانایەکی تر بە ناوی کارل ڤێرنیکا Carl Wernicka ئەوەی ڕاگەیاند، کە بەشی دواوەی نیوەگۆی چەپی مێشك ( کە ئێستا پێی دەوترێت ناوچەی وێرنیکا Wernica’s area ( بەناوی زاناکەوە ناونراوە)،کە بەرپرسە لەپرۆسەی تێگەیشتنی ئاخاوتن.

لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر ئەو منداڵانەی، کە پێش لەدایکبوون/ لە کاتی لەدایکبوون یان لەکاتی منداڵیەوە مێشکیان تووشی زیان و بڕین بووە دەریخستووە،کە هەرچەندە تایبەتمەندبوونی زمان بە نیوەگۆی چەپی مێشك پرۆسەیەکە لەسەرەتای ژیانی منداڵ دەستپێدەکات،بەڵام ڕەنگەسەرەتا بەو شێوەیە نەبێت، پێدەچێت نیوەگۆی ڕاستیش ڕۆڵی تێداهەبێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو منداڵانەی تەنیا لایەکی جەستەیان توشی ئیفلیجی بووە ئەوە ڕووندەکاتەوە،کە ئەوانەی زیان و برینەکانیان لەلایەکی لای مێشکیانە تواناکانیان شێوازی جیاجیا وەردەگرێت، ئەوانەی نیوەگۆی چەپیان زیانی بەرکەوتووە کەمووکورتییەکانیان زیاتر لەڕووی فێربوونی زمان و قسەکردنە بەتایبەتیش گرفتی دروستکردنی وشە، ڕستەی دروست واتە بەشێوەیەکی ئاسایی زمانیان گەشەناکات.

منداڵ لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمان ، گەورەکان لەگەڵیدا دەکەونە قسە ،لە کاتی ئامادەبوونی ئەو منداڵەشدا قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، منداڵ بۆ زمانوەرگرتنی پێویستی بەڕێنمایی زمانی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی گەشە بکەن پێویستیان بە ڕووبەڕووبونەوەی زمان هەیە،ئەو منداڵانەی لە کاتی گونجاو و ساڵانی پێکهاتن (formative years) زانیاریی زمانیی وەرناگرن ئەوا توانای قسەکردنیان وەك قسەکەرانی زمانی دایك (native speaker ) نابێت،تاقیکردنەوەکانی ڕەفتارییەکان(behavioural)، لێکۆڵینەوەی وێنەکانی مێشك دەریانخستووە، کە درەنگ ڕووبەڕووبوونەوەی زمان ڕێکخستنی سەرەکی مێشك بۆ زمان دەگۆڕێت. بەڵگەکان ئەوەیان سەلماندووە ،کە ڕووبەڕووکردنەوەی منداڵ بۆ زمان و ئاخاوتن پرۆسەی زمانپژاندن خێراتر دەکات ،واتە

دواندنی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر زمانوەرگرتنی ،بەڵام گوێگرتن لەزمان دەبێتەهۆی فێربوونی زمان تەنانەت ئەگەر نەشدوێنرێت ،بەڵام پرۆسەی زمانپژانەکەی خاوتر دەبێت،بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بوونی زمان لەدەوروبەردا توانا ناواخنییە دەمارییەکانی Innate neurologically based ability مێشکی مرۆڤ دەوروژێنێت،چالاکی دەکات بۆئەوەی فێری زمان ببێت.

کاتێك منداڵ دوور لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەورەببێت (واتە ڕووبەڕووی زمان نەکرێتەوە چ بە بیستن بێت یاخود بە دواندن)، ئەوا فێربوونی زمانی/زمانپژاندنی زۆر گران دەبێت بە تایبەتی ئەگەر ماوەی هەستیاریی تێبپەڕێنێت،بۆ ئەمەش گریمانەی تەمەنی هەستیاریی ( critical age hypothesis)،کە بەشێکە لە بنەمای بایلۆژی زمان و پێی وایە توانای فێربوونی زمانی دایك لەکات و ماوەیەکی دیاریکراوداگەشەدەکات،کە بەماوەی هەستیاریی[1] ناودەبرێت، لەکاتی ئەو ماوە هەستیارەدا فێربوونی زمان بەشێوەیەکی ئاسان، بێگرفت و بێدەستێوەردانی دەرەکیی ڕوودەدات ، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە فێربوونی زمان زەحمەت دەبێت ، هەندێك کەس سەرکەوتوو نابن تیایدا ئەو منداڵانەی لەم تەمەنەدا بێبەشکرابن لە زمان ئەوا تایبەتبوونی لایەکانی مێشکیان شێوازێکی ناوازە وەردەگرێت.

شایەنی باسە وشە لە بەشی ڤێرنیکادا دەبیسترێت،پاشان درککدەکرێت،بەهۆی کۆمەڵێك دەمارە ڕیشاڵی تایبەتەوە، کە پردی نێوان وێرنیکا و برۆکان دەگوێزرێتەوە بۆ ئەندامەکانی ئاخاوتن، لەوێوە لەشێوەی شەپۆلێکی دەنگی (فیزیکی) دەردەبڕێت. سەبارەت بەم دوو ناوچە تایبەتەی مێشك پەیوەست بەزمانپژاندنەوە ئەوەیە: ناوچەی وێرنیکا کە بەرپرسە لەپرۆسەی تێگەیشتنی زمانیی زووتر گەشەدەکات بەبەراورد بەناوچەی برۆکا کەبەرپرسە لەپرۆسەی بەرهەمهێنان،لەبەرئەمەیە،کە پرۆسەی تێگەیشتن لای منداڵ زووتر درکی پێدەکرێت، وەڵامدانەوەی دەوروبەری دەبێت بەڵام ناتوانێت بەزمان دەیببڕێت،بەڵکو زیاتر وەڵامدانەوەکانی بەزمانی ئاماژە/جەستە دەبێت.لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە،کەناوچەی ڤێرنیکا

---

[1] .ماوەی هەستیاریی critical period :ماوەیەکی کاتییە لەتەمەنی مرۆڤ لەساڵی دووەمی منداڵییەوە تا تەمەنی باڵغبون بەردەوام دەبێت،کەزانای زماننـاسی بایلۆژی لینبرغ Lenneberg1976 بەچەندکۆششێکی زانستی توێکاری هەوڵیدا بیسەلمێنێت کەزمان دیاردەیەکی بایلۆژییەو پێگەی خۆی بەشێوەیەکی جیاکار لەمێشکدا هەیە،کە جیای دەکاتەوە لەئاژەڵان.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

a. Lenneberg,E.(1967) b.Aitchison,J.( 2007: 90) :
c. Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N.(2011:22-25 )

بەنزیکەیی لەدەوروبەری یانزە مانگیدا تاڕادەیەك پێدەگات و توانای درككردنی گەشەدەكات،لەکاتێکدا ناوچەی برۆكا لەحەڤدە مانگیدا گەشەدەكات.

**بۆچوونی دووەم** : زمان بەشێوەیەكی بەرفراوان دابەشبووە بەسەر هەموومێشكدا، ئەمەش لەئەنجامی ئەو پێشكەوتنی تەكنەلۆجیایانەی ئێستاوە دیاریكراوە،كە بەهۆی داهێنانی ئامێری زۆر پێشكەوتوو پشكنین دەكرێت. لەگرنگترین ئەو تاقیكردنەوانە Positron Emission tomography (PET) پشكنینی تیشكدەرەوەی پۆسیترۆن، كە لەوێدا دەتوانرێت بە پێی سێ دووری مێشكی مرۆڤ بگیرێت،هەروەها بە ئەنجامی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو زانست گەیشتنە ئەو بڕوایەیەی كە دڕكەپەتك (Spinal) پەیوەندی زۆری بە پەروەردەو فێكردنەوە هەیە و دەركەوتووە،كە كاروچالاكییە ڕۆتینیەكان لە لایەن دڕكە پەتكەوە جێبەجێ دەكرێت ، مێشك هیچ پەیوەندییەكی پێوە نیە[1].

تیۆریەكەی ڕۆگەر سپێری[2] لەلایەن گیرۆن فینگ Geron Fink،جۆن مارشاڵ John Marshall تاقیكرانەوە،ڕاستی شێوەكە بەتەواوی لەگەڵ دۆزینەوەی هەندێك شتی نوێی تردا دەركەوتووە وەكو ئەوەی لەكاتی ئاخاوتندا نیوەگۆی چەپ ئەركی ڕێكخستنی وشەكان و ڕێزمانە، لەهەمان كاتدا نیوەگۆی ڕاست ئاوازەكان هەڵدەسوڕێنێت. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو تۆپەڵە لیمفە ڕیشاڵیانەی،كە هەردوو نیوەگۆی مێشكی پێكەوە بەستۆتەوە ببڕدرێت ئەوا هەر یەكەیان بەجیا كاردەكات و بەگوێرەی سیستمێكی كۆنترۆڵی تایبەت بە خۆی كە بەسەر هەڵسوكەوتیدا زاڵە ،ئەو كات فەرمان و زانیاری دیاریكراو

---

[1] بڕوانە: ١.لارس میلین( ٢٠١٠ : ٤١) ب.كەریم شەریف( ٢٠١١: ١١٧)

[2] . ڕۆگەر سپێری دەربارەی كار و فەرمانی دوو نیوەگۆی مێشك دەڵێت نیوەگۆی چەپ بۆلایەنی پرۆسەی فێربوون لەكاردایە وەكو : زمان، ماتماتیك، بیركردنەوەی لۆژیكیانە و لێكدانەوە. هەرچی لای ڕاستی مێشكە بۆ داهێنان و خوڵقاندن وەكو: قافیە و ریتم و موزیك، بینایی، دەربڕین بەوێنە، ڕەنگ، پیشاندانی شتە خوازراوەییەكان، هەروەها بۆ جوانی و خۆشەویستی و وەفا، چالاكانە لەكاردایە، بەڵام نابێت وا بیربكەینەوە، كە هەربەشەی بەتەنیا كاردەكات، بەڵكو هەردوو نیوەگۆكەی مێشك هەمیش پێكەوە بەندن و پەیوەندیان پێكەوە هەیە، بۆنموونە كاتێك گوێ لە گۆرانیەك دەگرین نیوە گۆی چەپی مێشك ئاگای لە وشەكانە، لە هەمانكاتدا نیوەگۆی ڕاست ئاگای لە ئاوازەكەیە. ڕۆگەر سپێری مانای ئەو دوو بەشبونەی مێشكی دۆزییەوە، كە هەر نیوەگۆیەكی مێشك بەڕێباز و و ڕێگەی جیاواز كاردەكەن ،كە توانای كاركردن ، ڕێكخستنیان وەكو یەك نییە ، بەشێوەیەك هەریەكە لەو نیوەگۆیەی مێشك بەجۆرێك لە پرۆسەی بیركردنەوە تایبەتە، نیوەگۆی چەپ لە بیركردنەوەی ژیرانە ، لۆژیكیانە، شیكردنەوە و لێكدانەوە بەرپرسیارە، لەكاتێكدا نیوەگۆی ڕاست لە خەیاڵ، كاری ڕۆتینی و تەواوكاری بەرپرسیارە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ڕێباز عەزیز( ٢٠٠٩: ٦٧–٧٠)

لەلای چەپی لەش لە نیوەگۆی لای ڕاستی مێشك وەردەگیرێت و بە پێچەوانەشەوە، واتە هەردوو لای مێشك بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکەن، لەڕوی توانا جیاجیاکانی هەردوو نیوەگۆیەکە ئەوەیە، کە نیوەگۆی ڕاستی مێشك باشترە لە نیوەگۆی چەپی مێشك لەڕوی ناسینەوەی کەسەکان و شوێنەکان، کەچی نیوەگۆی چەپە باڵادەسترە لە ڕووی زمان و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بیرکاریانە، بەپێی بۆچونی گازانیکا هەردوو نیوەگۆی مێشك دەتوانن هەستەکان دەربڕن، بەڵام نیوەگۆی چەپە دەتوانێت هۆی ئەم هەستەشت پێ بلێت[1].

### ١/١- ١-٢ ) زمانی ئاژەڵان پەیوەست بە پرۆسەی زمانوەرگرتنەوە

بابەتێکی گرنگی تر، کەپێویستە ئاماژەی پێبکرێت ڕونکردنەوەی ئەو خاسیەتانەیە،کە زمانی مرۆڤ لەئاژەڵان جیادەکاتەوە پەیوەست بەزمانوەرگرتنەوە ،ئەگەر زمانوەرگرتن گرنگترین بەرهەم و دەستکەوتی مرۆڤ بێت چەند پرسیارێکی گرنگ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەوانە:

١.ئایا زمانی ئاخاوتن فاکوڵتیەکی تایبەتە بە مرۆڤ و ئاژەڵان توانای فێربوونی ئەم زمانەیان نییە؟
٢.ئایا دەتوانرێت ئاژەڵان فێری زمان بکرێن(واتە زمان وەکو پێڕەوێك و فێربوونی واتا /پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو / هێما و هێمابۆکراو؟

ئەگەرتوانرا ئەم کارە ئەنجامبدرێت ئەوا زمان وەکو پێڕەو تایبەت نابێت بەمرۆڤ. سەرەڕای بوونی ئەو لێکچوونانەی لەنێوان زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵاندا هەیە[2] بەڵام ئاژەڵان توانای فێربوونی زمانی سروشتیان نییە وەکو مرۆڤ [3]، جیاوازی بنەڕەتییان لەنێواندا هەیە، لێکۆڵەرەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ،کە ئەم ئاژەڵە

---

1 . Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N (2011: 16)

٢ .بروانە :محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٩-٢٣).

٣ لێکۆڵەران بۆگەیشتن بە ئەنجامی ڕاستی ئەم بابەتە(تایبەتبوونی زمانوەرگرتن بەمرۆڤەوە،هاتن توێژینەوەیان لەم بوارەدا ئەنجامدا ، (دۆلفین)یان لەئاژەڵانی ئاویی، (شامپانزیی) لەئاژەڵانی وشکانی وەرگرت،تاقیکردنەوەکان لەسەر دۆلفین ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو،کەجێی ئاماژەپێکردن بێت،چونکە ئەم تاقیکردنەوانە لەبواری سەربازیدا بەشێوازی نهێنی بەکاردەهات ، بۆهەمان ئامانج بوو،بۆیە بەدواداچون بۆئەم لێکۆڵینەوانە سودی ئەوتۆی نەبوو. مەیمونی شامپانزی لەڕوی

لەڕوی فسیۆلۆژییەوە وەکو مرۆڤ ئامادەیی نییە بەئۆرگانەکانی ئاخاوتن، ئەو هەوڵانەی دران بۆ فێربونی زمانی ئاخاوتن سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی،کە ئەگەر شامپانزییەکان فێری زمان بن دەبێت بابەتی ئاخاوتن وەلابنرێت،بیر لەناوەندێکی دییکەبکرێتەوە،ئەگینا ئەنجامەکەی هەر ورتەورتی ئاژەڵەکە دەردەچوو[١] . پاشان چەند تاقیکردنەوەیەك لەسەر چەند شامپانزییەکی ترکرا، ناوەندی فێربونی جیاوازیان بۆ فەراهەمکرا[٢] ، سەرەڕای ئەم ئەنجامە بەدەستهاتووانە ،بەڵام بەلای پسپۆڕانەوە جێی

---

پەرەسەندنەوە نزیکترین ئاژەڵە لەمرۆڤەوە بەبەراورد بە ئاژەڵانی دییکە،ئەم گیاندارە خاوەنی سیستمێکی ئاماژەکردنی زۆر وردو ئاڵۆزن وەك زمانی مرۆڤ بەڵام بەسودوەرگرتن لەئۆرگانەکانی بیستن و بینین.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ١.Aitchison,J.(2007:37).

٢.نایف خرما(١٩٧٨: ١٤٦)                ٣.هـ.ج.ویدۆوسن،و.هۆشەنگ فاروق(٢٠٠٨: ١٣)

[١] وەکو حاڵەتی شامپانزی جوا Gua، ڤیکیVici .تاقیکردنەوەکەی کەلەسەر جوا کرا لەلایەن کیلۆج و لویلا Kelloge &Luella ،لەساڵی ١٩٣١،کە هاتن شامپانزییەکی تەمەن حەوت مانگییان بەخێوکرد لەگەڵ کوڕە هاوتەمەنەکەیاندا، بەشێوەی ژیانێکی ئاسایی وەکو منداڵەکەیان پەروەردەیانکرد ،کە لە کۆتایی ماوەی تێستەکەو لەئەنجامدا شامپانزییەکە بەهیچ شێوەیەك توانای ئاخاوتنی نەبوو، تەنها دەیتوانی واتای حەوت وشە تێبگات،لەکاتێکدا منداڵەکەیان بەشێوەیەکی سروشتی توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی هەبوو وەکو هەر منداڵێکی ئاسایی. هەروەها حاڵەتی ڤیکی لەلایەن هایز و کیسKith & Cathy Hayesلەساڵ١٩٤٧لەسەر بەچکەیەکی شامپانزی بوو ناوی ڤیکی یان لێنا ، ئەوەبوو، کەئەم دوو زانایە ڕاهێنانێکی چڕی سێ ساڵییان بەم شامپانزییە کرد ، لەو ماوەیەدا توانای تێگەیشتنی واتای کۆمەڵێك وشەی پەیداکرد . ئەو پێشکەوتنەی کەجیایی دەکردەوە لە حاڵەتەکەی جوا ئەوە بوو ،کە ڤیکی توانای دەربڕینی چوار وشەی بەدەست هێنا ،وشەکانیش بریتیی بوون لە: (papa,mama,cup,up) تەنانەت ئەم چوار وشەشی کە دەریدەبڕی بەشێوەی ناڕێك و ورتەورت بوو. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:a.Aitchison,j.(2007:36-47).
ب.دنی استانبرگ (١٩٩٣ : ٣٧ )

[٢] لەوانە حاڵەتی (واشۆ Washoe، سارا Sarah) ، واشۆ فێری زمانی ئیشارەی ئەمریکی(ASL) کرا. هەروەها سارا لێکۆڵەران هاتن ناوەندێکی تریان بەکارهێنا کەئاڵۆزتر،پێشکەوتوتربوو پێکهاتبوو لەکۆمەڵێك پارچەی پلاستیکی بەشێوەو ڕەنگی جۆراوجۆر ،کە هەریەکەیان ڕەمز بوو بۆ واتایەکی جیاواز ،بۆئەوەی بتوانێت لاسایی زمانی مرۆڤ بکاتەوە، کە پەیوەندی نێوان پارچەکان و واتاکانیان لەخۆوە بوون ، تا ڕادەیەك دەیانتوانی هێماکان بە لێکدراوی بەکاربهێنن. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : a.Aitchison,J.(2007:38 & 43-48 ) b.Scovel,T.(2009:16)
c. دنی ایستانبرگ(١٩٩٣: ٤٣ ) d. www.janegoodall.org

باوەڕپێکردن نەبوو کە بتوانرێت بونەوەرانی دییکە جگە لەمرۆڤ توانای زمانوەرگرتنی هەبێت،ئەمیش بەهۆی چەندخاڵێکەوە[1] ،لەوانە:

١.زۆری هەوڵەکان و کەمی ئەنجامەکان لەڕیگەی فێرکردنەوە ،لەکاتێکدا منداڵ بەئاسانییەکی سەرنجراکێش زمانی دەپژێت و پێویست بە بەرنامەی چڕو ئاراستەکراوی فێرکردن ناکات ،کە بۆ شامپانزییەکان فەراهەمکرابوو ، فێربوونی زمان لای منداڵ هێندە بەسە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت (بەمەرجی تەندروستی و سەلامەتی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و بیستن و نەبونی کەمو کووڕیی لەمێشکدا).

٢.سازکردنی هەلومەرجی تایبەتی وەکو حاڵەتی شامپانزییەکان ،دەشێت ئەم هەلومەرجانە کاریگەری تێکدەر و شێوێنەریان هەبێت بەسەر ڕەفتاری گیانلەبەران،چونکە لەوانەیە شامپانزییەکان چەندکردارێکی مەرجدار و بێ بیرکردنەوەیان ئەنجامدابێت،نەوەك بەڵگەیەك بۆسەلماندنی توانایەکی گشتی تیایاندا. لەکاتێدا دەتوانین بەڵگەی زۆربهێنینەوە بۆزمانی مرۆڤ، کە بیسەلمێنێت مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەتوانێت بابەتی ئەبستراکت لەڕووداوە ڕاستەقینە ، کردەییەکان هەڵبهێنجێنێت،دەتوانێت سنوری دەوروبەری خۆی تێپەڕێنێت،بەڵام گیاندارە باڵاکانی دیکە توانای ئەبستراکتکردنیان(abstraction)نییە،هۆکارێکی ئەبستراکتکردن بۆپۆلێنکردنی واقیعە و بەمەش دەسەڵاتی بەسەر واقیعدا دەبێت.

٣.زمان وا لەمرۆڤ دەکات کارلێکەرو کارتێکراو بێت و لەهەندێك ڕووشەوە بتوانێت جیهان بخاتە ژێردەسەڵات و ویستی خۆیەوە ،بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو لەتاقیکردنەوەکاندا ئەوەبوو کە شامپانزییەکان توانازمانییە بەدەستهاتووەکانیان لەگەڵ ئەندامانی دییکەی جۆرەکەی خۆیان بەکاریان نەدەهێنا .دیارە،کەدرکیان بەو سودو تایبەتمەندییانە نەکردووە ،کە زمان پێیان دەبەخشێت.

٤.شامپانزییەکان لەڕوی فسیۆلۆژییەوە ئامادەییان تیا نییە بۆ قسەکردن و ئاخاوتن.بە بۆچوونی کوهلەر KuhlarKئەمە"ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئاستی پێشکەوتنی کۆئەندامی دەماریی لای مرۆڤ ،دروستبوونی دەماخ"[2] بۆیە ئەگەر بویسترێت فێری زمان بکرێن دەبێت لەڕێگە ناوەندێکی تری فێرکردنەوە

---

[1] ه.ج.ویدۆوسن،و.هۆشەنگ فاروق (٢٠٠٨ : ١٥)

[2] عەبدولستار تاهیر شەریف (١٩٨٢: ٢٨)

بێت،بەلاَم لەم بارەشدا هەلومەرجەکانی فێرکردنیان نەك هەر سروشتی نابێت بەلْکو ئەوەشی فێری دەبن بەسروشتی لەقەلَەم نادرێت.

لێرەوە دەتوانین بلّێین زمانوەرگرتن ڕاستییەکی تێبینی کراوە، سیمایەکی تایبەتی مرۆڤە، کە لەبونەوەرەکانی دییکەدا نەسەلمێنراوە، ئەمەش توانایەکی بەدەستهاتووی مرۆڤە،کە زمان وەکو هۆکارێکی سەرەکی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت.

## ٢-١/١) چەمکی زمانوەرگرتن

وەرگرتنacquisitionوەکو زاراوە و چەمك بەدەستهێنانی شتێك (پێرەوی زمان) دەگەیەنێت ،کە "پرۆسەیەکی نائاگاهانەی مەعریفەیە،کە وەرگر بیری بەلای پەیوەندیکردن،گەیاندن، وەگرتنی بیر و زانیاری،پەیام و واتاکانەوە هەیە"[١] ،مەبەست لە نائاگاهانە ئەوەیە،کەسی وەرگر ئاگاداری ئەوە نییە،کە زمان فێربووە، لەکاتی زمان بەکارهێنانەکەیدا بەمەبەستی پەیوەندیکردن پێشێلی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانە وەرگیراوەکە دەکات .زمانوەرگرتن language acquisition/ئەو پرۆسەیەیە ،کە لە لایەن مندالّ یان گەورەوە جێبەجێ دەبێت بۆ فێربوونی زمانێك یان چەند زمانێك، کە ئەم پرۆسەیە بە یەکێك لە بوارە سەرەکییەکانی لێکۆلّینەوەی زانستی زمانی دەروونییPsycholinguistics دادەنرێت ،کە " ئەم زانستە زمان بە چالاکییەکی بە دەستهاتوو دادەنێت "[٢]، هەولْ دەدات وەلاَمی چەند پرسیارێك بداتەوە لەوانە:

١.سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەز چییە ؟

٢. ئایا گریمانەی زمان تایبەتە بە مرۆڤ دروستە ؟ ئەگەر دروستە ئەو تایبەتمەندییانە چین، کە زمانی مرۆڤ لە گیانداران /ئاژەلاَن جیا دەکاتەوە پەیوەست بەزمان وەرگرتنەوە ؟

٣. بەلْگە چییە بۆ ئەو تیۆرییە زمانییەی،کە زانایانی ڕێزمانی گوێزانەوە دایانناوە ؟

---

[١] ا.بیستون حەسەن(٢٠١١: ١٦٣) ب.Susan M. G, and Larry, S. (2007:241)

[٢] یوسف شەریف سەعید(٢٠١١: ١٧)

٤.ئایا زمان سیفەتێکی بۆماوەیی خۆڕسکە لای مرۆڤ،واتە لەگەڵ لەدایك بووندا وەك هەرسیفەتێکی بۆماوەیی لە ڕێی جیناتی/بۆهێڵی کرۆمۆسۆمیەوە لە باوانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکان یان چالاکییەکە مرۆڤ وەریدەگرێت و فێری دەبێت ؟

٥.کاتێك مرۆڤەکان گوێیان لەو شریتە دەنگیە دەبێت چۆن لە چەمك، ناوەرۆکی وشە و ڕستەکان تێدەگەن ؟

٦.لێکدانەوە لە زمان وەرگرتن چییە،دەچێتە چ لقێکی زانستی زمانەوە ،پرۆسەی زمانوەرگرتن چ ڕۆڵێکی لە گەشەسەندنی هزردا هەیە ؟

ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تری لەم جۆرە ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی پێوەخەریك دەکات بۆ نزیك بوونەوە لە ڕاستیی و ڕاستەقینەکانی زمان ،پاشان دیاریکردنی تایبەتییەکانی زمانی کوردی لەزمانپژاندن و فێربووندا.

زاراوەی زمانوەرگرتن" هایپۆنیمێکە بەرامبەر زمانپژاندنی منداڵ و فێربوونی زمانێکی بیانی بەکاردێت، هەردوو چەمکەکە لەخۆدا هەڵدەگرێت،کە دوو پرۆسەی جیان[١] و هاوبەشی بنەڕەتیشیان هەیە"[٢].واتە زمانوەرگرتن بە واتا گشتییەکەی بەکاردەهێنرێت بەرامبەر: زمانوەرگرتنی یەکەم First Language Acquisition /فێربوونی زمانی یەکەم Lerning First Language ،کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا زاراوەی (زمانپژاندن)ی بەرامبەر بە کار دەهێنین ، کە مەبەست لێی فێربوونی

---

[١] هەردوو پرۆسەی زمانپژاندن و فێربوونی زمانی دووەم سەرکەوتوو دەبێت ،ئەگەر وەرگر(منداڵ/کەسی پێگەیشتوو ) پاڵنەر و ڕووبەڕووبونەوەی زمانیی بۆ برەخسێت، وەکو بۆچوونەکەی کۆدەرKorder1967 ،ئەمە وەکو هۆکاری دەرەکی،بەڵام لە ڕووی کات و گریمانەی تەمەنی هەستیارییەوە جیاوازی بنەڕەتییان هەیە،بە شێوەیەك تەمەنی هەستیاریی بە پلەی یەکەم بۆ زمانپژاندن گرنگە،،چونکە تێپەڕاندنی ئەو ماوەیە بە دروستیی لە ڕووی ڕووبەڕووکردنەوەی زمانەوە سەرکەوتنی پرۆسەکە دەستەبەر دەکات،کە مەرج نییە بۆ پرۆسەی دووەم بەو شێوەیە بێت.جیاوازییەکی بنەڕەتی ، لە نێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا هەیە لە گرنگترینیان ئەوەیە ،کەسی وەرگر لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕووبەڕووی دوو پێڕەوی زمانی جیاواز دەبێتەوە ،کێشەکە لەوەدایە چۆن چارەسەری ئەو دوو پێڕەوە جیاوازە دەکات ،چونکە پێشتر پێڕەوی زمانی یەکەم لە مێشکیدا هەڵگیراوە.

[٢] ا.محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ١) b.Crystal,D.(2008: 8)
c. Field,J(2004: 257-258)

زمانی دایکه[1] (ز L1/١ )لەلایەن منداڵەوە، زمانوەرگرتنی دووەم Second Language Acquisition / فێربوونی زمانی دووەمLerning Second Language دەگرێتەوە ،کە پرۆسەی یەکەمیان جیاوازە لە پرۆسەی دووەمیان (فێربوونی زمانی دووەم \ فێربوونی زمانی بیانی)،کە مامەڵە لەگەڵ دەست بەسەرا گرتن / تێگەیشتن و بە کارهێنانی زمانێکی ترە لە پاڵ زمانی دایکی (لە لایەن منداڵ و گەورەوە) ،ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە پرۆسەی زمانپژاندن بناغەی پرۆسەی زمان وەرگرتنە بە گشتی ، واتە ئەو منداڵەی فێری زمانی دایکی نەبێت، ناتوانێت زمانی دووەم [2]فێرببێت .

زمانوەرگرتن پرۆسەیەکە،کە بەهۆیەوە مرۆڤ توانای درککردن،تێگەیشتن بەدەستدەهێنێت ،دەتوانێت زمان بەرهەم بهینێت، لەچێوەی ڕستەدا دەربببڕێت،کە هەڵگری ناوەڕۆکە و بەهۆیەوە تیگەیشتن دێتە ئاراوە، کە تێگەیشتن بەرهەمی ڕێکخستنی فۆرم و وشەکانی زمانە ،هەریەکێك لە وشەکان یەکەیەکی زانیارییە ، کە

---

[1] >> زمانی یەکەم /ز ١/ L1/ زمانی زگماکیی /زمانی دایك/زمانی شیریی/زمانی خۆماڵیی<< چەند زاراوەیەکن، سینۆنیمن ( لەڕووی واتاییەوە خاوەنی هەمان چەمکن )، لە زانستی زمانی دەروونیدا بەکاردەهێنرێن بۆ فێربوونی ئەو زمانەی سەرەتا منداڵ فێری دەبێت ، دەبێت بە یەکێك لە لەقسەکەرانی ئەو زمانە، ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا زاراوەی (زمانی دایك) مان بەبەراورد بە زاراوەکانی دیکە پێ گونجاوتر بوو، چونکە دایك نزیکترین کەسە لە کۆرپەوە ، بە پلەی یەکەم کاریگەری لەسەر دروست دەکات ، منداڵیش بە پلەی یەك پەیوەندی لەگەڵ دایك/دایەن داهەیە ، ئەو زمانە لەماڵەوە فێری دەبێت لە دایکیەوە دەیبیستێ پاشان دەوروبەر و کەسانی تر، زاراوەی زمانی یەکەممان بۆیە بەلاوە گونجاوتر نەبوو چونکە زۆر کەس هەن هەتا کۆتایی تەمەنیان تەنیا یەك زمان دەزانن و زمانی دووەمی نییە، زاراوەی (زمانی زگماکیی)، لەبەرئەوەی زمان بۆماوەیی نییە وەکو سیفەتە بۆماوەییەکانی دیکەی وەك (ڕەنگی چاو، بەرزی باڵا...) کەلەرێی بۆهێڵی کرۆمۆسۆمیەوە لە باوانەوە بگوێزریتەوە بۆ نەوەکان، هەروەها زاراوەی زمانی شیریی، قۆناغی شیرەخۆری منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوون دەستپێدەکات، تاکۆتایی ساڵی دووەم بەردەوام دەبێت ، حاڵەتی وادەبینرێت لەمنداڵدا کە لە دوای قۆناغی شیرەخۆری زمانی دەپژێت نەك لەو قۆناغەدا، کاتێك زاراوەیەك بەکاردەهێندرێت پێویستە چەمکی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێت، هەرچی زاراوەی (زمانی خۆماڵی) یە مەرج نییە ئەو زمانەی منداڵ سەرەتا فێری دەبێت خۆماڵی بێت ، بۆ نمونە منداڵی واهەیە کە خۆی کوردە و سەرەتا فێری زمانێکی بیانی دەبێت نەك زمانی خۆماڵی، بۆیە مەرج نییە کە زمانی یەکەم زمانی خۆماڵی بێت، کە زاراوەی زمانی خۆماڵیی دەچێتە بواری زانستەکانی تری وەك زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی سیاسی .

[2] >>زمانی دووەم(ز٢/ L2 )/زمانی بیانی<< ئەم دوو زاراوایە بۆ هەمان چەمکن ،لە لێکۆڵینەوەکەماندا (زمانی دووەم) مان پێ گونجاوترە، چونکە مرۆڤ لە توانایدا هەیە فێری دوو زمان زیاتر ببێت، جگە لە زمانی یەکەم کە (زمانی دایکی) مان بەرامبەر بەکارهێناوە بەم پێیەش هەر زمانیکی دیکە کە فێری دەبیت زمانی بیانییە، ئەگەر کەسێك لە دوو زمان زیاتر فێرببێت ئەوکات (زمانی بیانی) ڕاست و دروست دەرناچێت، بەڵام کە زاراوەی زمانی دووەم بەکارهات ئەو کات زاراوەی زمانی سێهەمیش گونجاوتر دەبێت.

پەیوەستە بە چەند یەکەیەکی زانیاری ترەوە، بەپێی پێڕەوی زمان دروستەی زانیاریی[1] پێکدەهێنێت.کەواتە زمان کۆمەڵە کەرەستەیەکی ریزکراو نییە ، ئەگەر وابووایە لێکۆڵینەوە لە زمان بریتیی دەبوو لە ڕیزکردنی هەموو ئەو وشە و ڕستانەی،کە دەردەبڕێن ، فێربوونی زمانیش بریتی دەبوو لە فێربوونی ئەو وشانە[2] ئەوکاتە پرۆسەی زمانوەرگرتن تەنها فێربوونی وشەکان دەبوو ،کە لە بنچینەدا زمان بەو شێوە کارناکات و بەکارنایەت ،چونکە چۆن دەتوانین رستەی وا دەربڕین و تێبگەین ، کەپێشتر نەمان بیستبێت ، لەبەرمان نەکردبێت ،ئەمەش خاسییەتی داهێنەرانە[3] ی زمان و زمانوەرگرتنە .

جیاوازی نێوان پێڕەوی ژێرەوە (ئەو پێکهاتەو پێڕەو بیرەیە،کە لەمێشکی قسەکەردایە، دەریدەبڕێت لە شێوە/فۆرمی دەرەوەدا)، پێڕەوی سەرەوە لای زمانەوانەکان بە شێوەی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، لای سوسێر چەمکی زمان دەکات بە دوو بەشەوە "گوتنparol ،توانای گشتی زمان languae "[4]ئەم دابەشکردنەی دی سوسیر بۆ زمان لە تێڕوانینەکانی چۆمسکی دا رەنگی داوەتەوە،چۆمسکی بەوە ناسراوە زمانی کردووە بە دوو بەشەوە:(توانست competence،توانا performance )[5] ،چۆمسکی گرنگی تەواوی بە توانست داوە ،چونکە کرۆکی زمانەوانییەکەی پێکدەهێنا،توانستی وەك لەباردابوونی بەرهەمهێنانی ڕستە فۆڕمدروستەکان ئاماژەپێداوە،کە قسەکەرو گوێگر بۆ بەرهەمهێنانی خاوەنی پرۆگرامێکە

---

[1] دروستەی زانیاریی :ئەوبنەما زانیارییەیە ،کە لەئاوەزی قسەکەردایە،دەیەوێت بۆ بەرامبەری دەرببڕێت.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:ا.کاروان عومەر(٢٠٠٨: ١٢٣) ب. گۆنا عومەر (٢٠١٢ )

[2] محەممەد مەعروف فەتاح(٢٠١١: ٥٣ )

[3] داهێنەرانەی زمان/دەربڕاوی نوێNovel Utterences:دەربڕینی ئەو دەربڕوانە دەگرێتەوە،کە هێشتا بەرهەم نەهێنراون،نەبیستراون، chomsky 1966 بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ ،کە گوێگری زمانەکە لێیتێدەگەن بە چالاکی داهێنەرانەی زمان دادەنێت.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(محەمەد مەحویی(٢٠٠١: ١ ، ٢٠٠٤: ٢)

[4] . گوتن دەربڕینی کۆنکرێتی کەسی قسەکەرە لە هەندێك بارودۆخی کردەییدا بەرهەمی دەهێنێت.توانای گشتی زمان/زبان (سیستمێکی ئەبستراکتە لە مێشکی مرۆڤدا )کۆی هەموو زانیارییەکانە،جۆرێکە لەنامیلکەیەکی سەچاوەی گشتی ،کە هەموو قسەکەرانی زمان سەرو کۆپی خۆیان لێوەرگرتوە . بڕوانە: هـ .ج .ویدۆوسن،و.هۆشەنگ فاروق(٢٠٠٨: ٣١)

[5].زاراوەی توانست competence ئەو زانیینە ئاوەزییە شاراوەیەی قسەکەری زمانێکی دایکە ،کە لەپرۆسەی زمانوەرگرتنەکەی بەبێ ئاگالێبونی خۆی وەریگرتووە (واتە توانا گشتییە زمانیەئەبستراکتەکەی مێشکی قسەکەرە). توانا ئەو دەربراوانەیە ، کە قسەکەری زمانێك لەسەربناغەی توانست بەرهەمی دەهێنێت پەیڕەوێکە لە یاسا و قسەکەر زاڵە بەسەر ئەو پەیرەوەدا،لەبەرئەوە دەتوانێت ژمارەیەکی بێشومار لەرستە بەرهەمبهێنێت، لێیانتێبگات ، بریار لەسەر (ڕێزماندروستی ) رستەکان و فرێزەکانیان بدات . بۆزانیاری زیاتر بروانە:١.محەممەدمەحویی( ٢٠٠٤: ١٣-١٦ ، ٢٠١١ : ١٨)

له ڕێسا و  یاسا و مەرج لە فۆڕمی دەزگایەکدا لە کۆئۆرگان و ئاوەزیدا ،پرۆگرامەکە ناونراوە ڕێزمانی گشتیی ،لەڕێی بنیاتنانی مۆدێلەوە توانستەکە پەسندەکات[1].لە ئەنجامی تیۆرییەکەی چۆمسکی و لیینبیرگ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جیهانیبوونی زمانوەرگرتن  Universal of Language Acquisition ی لێکەوتەوە.دەتوانین لە چەند خالێکدا[2]  ئاماژەی پێبکەین :

١.سروشتی بوونی زمانپژاندن ،بەم هۆیەوەیە، کەمندالْ زمانی دایکی بەشێوەیەکی سروشتی فێردەبێت بەشێوەیەکی گشتی ،ئەگەرحالّەتی نائاسایی هەبێت ئەوا کاریگەری دووهۆکارە ئەوانیش:بوونی ناتەواوی و کەموکووڕی ئۆرگانیی،نەبوونی ژینگەی کۆمەلاّیەتی لەبار بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی زمان.

٢.لێکچوون و هاوبەشیی لەقۆناغ و چۆنییەتی زمانپژاندن ،مندالّی ئاسایی بۆئەوەی زمانی بپژێت بەپێنج قۆناغدا تێدەپەڕێت :  ا)قۆناغی گروگالْ. ب)دەربڕینی یەکەمین وشە . پ)یەکەمین ڕێکخستنە ڕێزمانییەکان(ڕێکخستنی کەرەسەکان و وشەکان لە چێوەی ڕستەدا،لەسنوری دووسالّییەوە . ت)دەسەلاّتشکاندنەوە بەسەر زمان لەدەوروبەری چوارسالّی . ج)فێربوونی بەردەوام ،بەتایبەتی فێربوونی وشە بەدرێژایی تەمەن.

٣.داهێنەریی ،مندالْ کە زمانی دەپژێت تەنها وەکو تووتی لاسایی دەربڕینەکانی دەوروبەری ناکاتەوە بەلّکو هەندێکجار قسە و وشەکانی مندالْ بەشێوەیەکی سەربەخۆن ،کە پێشتر هیچ کەسێك نەیوتوە و گوێی لێنەبووە، بەلاّم بەهۆی هەندێك بیرکردنەوەی خۆیەوە  ئەو وشە و ڕستانە دروست دەکات ،ئەمەش بەداهێنانەریی/ دروستکراوەکانی مندالْ[3] childish creativity[4]  ناو دەبرێت،بۆ نموونە دەربڕینی (تیشوو) بەرامبەر وشەی (کلینکس).

ئەم تایبەتمەندییانەی ئاماژەی پێکرا لای هەموومندالّێکی ئاسایی هاوبەشە لەهەر شوێنێکی جیهاندابێت بێ ڕەچاوکردنی  جیاوازی کلتور و کۆمەلّگا،ئەمەش ڕوونکردنەوەی ئەوپرسیارەیە، کە دەلّێت :لێکدانەوەچییە بۆ ئەو لێکچوونە زۆرەی،کەلەگەشەکردنی زمانی مندالّدا  بەگشتی دەبینرێت؟

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بۆچوونە بروانە ٢/١ )ی ئەم لێکۆلّینەوەیە.

[2] .گرور هادسن(١٩٩٣: ٣٩)

[3] Scovel,T.(2009: 19 )

## ١/١-٢-١)چەمکی زمانپژاندن

بابەت و تیۆریەکانی زمانپژاندن بەشێکە لەتیۆرییەکانی زمانوەرگرتن،لەبەرئەوەی زاراوەی زمانوەرگرتن هایپۆنیمێکە، زمانپژاندنی منداڵ و فێربوونی زمانی دووەم دەگرێتەوە.کە دوو پرۆسەی جیان ، هاوبەشی بنەرەتیشیان هەیە. منداڵان کاتێك لەدایکدەبن زمان نازانن و فێری زمان دەبن. ئەم پرۆسەیە یەکسەر دوای لەدایکبوون دەست پێدەکات .زمانپژاندن پرۆسەیەکە لەلایەن منداڵەوە جێبەجێ دەبێت بۆفێربوونی زمانی دایك .کە بۆ دیاریکردنی سنور و چەمکی زمانپژاندن،پێویستە چەند پرسیارێکی گرنگ بکرێت،هەر ئەوەشە ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی پێوە خەریکدەکات،لەگرنگترین ئەوپرسیارانەی لەم بوارەدا دەکرێت ئەمانەن :

١.پرۆسەی زمانپژاندن چۆن ڕوودەدات/منداڵ چۆن فێری زمانی قسەکەرانی دەووروبەری خۆی دەبێت؟

٢. ئایا منداڵ لەڕێی لاسایکردنەوە زمانی دەپژێت ؟

٣.چ کاتێك منداڵان دەگەنە ئاستێك ،کە زمانزانێکی باش بن ؟

٤. ئەو قۆناغانە چیین،کەپێویستە پیایدا تێپەڕن، تاکو بتوانن توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانی دایکیان هەبێت ؟

٤.ئایا ماوەیەکی دیاریکراو هەیە لەتەمەنی منداڵ بۆ زمانپژاندنی ؟

٥.لێکدانەوە چییە بۆ ئەو لێکچوونە زۆرەی،کە لە گەشەی زمانی منداڵدا دەبینرێت/هەستی پێدەکرێت؟

٦.چ پەیوەندییەك لەنێوان فێربوونی زمان، گەشەی عەقڵیی و بایلۆژیی منداڵدا هەیە ؟

٧.گرنگترین ئەو هۆکارانە چین ،کەکارلەسەر گەشەی زمانیی منداڵ دەکەن ؟

توانای زمانیی لەسەرەکیترین هۆکاری پەیوەندی نێوان تاکەکانە،سەرکەوتن، دەسەڵاتشکاندنەوەی منداڵ لەسێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا گرنگییەکی زۆری هەیە لە بوونە ئەندامێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی، دەتوانێت بچێتە ناو کۆمەڵگاکەوە لەڕێگەی شێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی دیاریکراو،بۆدیاریکردنی پشت بەزمان دەبەستێت،درك بەدەوروبەرو بۆچوونی دەوروبەر بەرامبەر بەخۆی (منداڵ) دەکات لەڕێگەی

قسەکردنیان دەربارەی منداڵەکە[١]. تەمەنی منداڵێتییchildhood قۆناغێکی تەمەنە لەسوڕی ژیانی مرۆڤدا لەساتی لەدایکبوونەوە دەست پێیدەکات، بەسەرەتای هەرزەکاریی(باڵغبون)کۆتای دێت. لەبەرئەوەی ئەم تەمەنە قۆناغی بنەمای پێکهاتنی تایبەتمەندییەکان،دروستبوونی کەسێتیی،لایەنی ڕەوشتی و پاڵنەرەکانی منداڵ(بەتایبەتی پێنجساڵی سەرەتای تەمەن)،کە لەقۆناغەکانی داهاتووی تەمەنیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت،بۆیە ئەم قۆناغە بووەتە جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەی زۆربەی زانستەکان،شارەزایان هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی بوارەکەی خۆی لێکۆڵینەوەیان لەسەرلایەنە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ کردووەتەوە،یەکێك لەو لایەنە گرنگەی جەختی لەسەرکراوەتەوە گەشەکردنی زمانە .

(زمانپژاندن)لەبەرئەوەی یەکێکە لەدیاردە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە،بەڕادەیەکی زۆریش بۆپێوانەی گەشەی ئاوەزیی، کۆمەڵایەتیی و هەڵچوونەکانی منداڵ پشتی پێدەبەسترێت ،هەروەها بۆ پێوانەی ئەو دیاردە زمانییانەی، کەدەریدەکات وەك بەڵگە بۆگەشەی عەقڵیی، بەکرۆکی کردەئاوەزیی و زانیارییەکان دادەنرێت.واتە" گەشەی لێهاتوویی زمانی منداڵ تێگەیشتنمان زیاددەکات بۆپێکهاتەی ژیانی ئاوەزیی لای منداڵ "[٢] .

لێکدانەوەی چەمکی زمانپژاندن لە سەرچاوەکاندا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکار هاتووە،لە گرنگترینیان: فێربوونی زمانی یەکەم[٣]Learning first Language ،زمانوەرگرتن[٤] Language Acquisition ، گەشەی زمانیی[٥] Language Development،

---

[١] . جمعەسید(١٩٩٠: ١٠٢)

[٢] صباح حنا(١٩٨٩: ٣٨ )

[٣] ا. مارجریت دونالدسون( ١٩٨٩: ٤١– ٥١) b.Clark,e.(2009 ) ،زاراوەی فێربوون گۆڕانێکی بەردەوامی زانین و زانیارییەکانە، خاڵێکی گرنگی فێربوون بەرهەمهێنانەوەیەRe production ، بەرهەمهێنانەوەش کاتێك دەبێت ،کە زانین و زانیارییەکان لە تۆمارگە (میمۆری درێژخانەدا ) تۆمار کرابێت .

[٤] بڕوانە: a. . Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N.(.(2011) b. Scovle,T.(2009) پ. ادریان اکامجیان (٢٠٠٣: ٤٦٥–٥٠٦ ) ت.(ریچارد ادامز ( :٣٩٣– ٤٥٠ ) .زاراوەی Acquisition وەرگرتن و بەدەست هێنان کە بەلای سایکۆ زمانەوانەکانەوە ئەم دوو زاراوەیە ( فێر بوون و وەرگرتن) بە هەمان چەمك و ناوەرۆك بۆ ئەم پرۆسەیە (زمانپژاندن) بەکار دەهێنرێت ،کە زمان توانایەکی بە دەستهاتووە.

[٥] .گەشەی زمانی ئەم زاراوەیە (گەشە Development) بۆ شتێك بەکار دێت کە خودی شتەکە هەبێت و گۆرانی پۆزەتیفی بەسەردا بێت، واتە گۆرانێکی لە سەر خۆیە لە شتێکدا ،کە زمانیش بنەمایەکی بیۆلۆژی هەیە، یارمەتی گەشەکردن

زمانپژاندن [1]، زمانپژان [2] ،ئەو زانستەی لەم پرۆسەیە (زمانپژاندن) دەکۆڵێتەوە زانستی زمانی دەروونییە،یەکنەبوونی زاراوەش بۆ جیاوازی بیرو بۆچونەکان دەگەڕێتەوە لە سەر چۆنێتی ،وردەکاری پرۆسەکە .

پەیوەست بەو ڕوونکردنەوانەی پێشتر خستمانەڕوو دەتوانین بڵێین،کە زمانپژاندن و گەشەکردنی زمان وەك هەر گەشەیەکی دیکەی سروشتی لەسەر چەند هۆکارێك بەندە ،لەوانە:

***یەکەم/هۆکاری بایەلۆژیی و بۆماوەیی***

**أ.کۆئەندامی دەمار (مێشك)** *و بۆماوە*/ گەشەی زمانیی پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە گەشەی مێشکی منداڵەوە ، واتە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زمان و مێشکدا هەیە، کە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لە مێشکدا تایبەتن بە زمان و هەرکاتێك ئەو ناوچانە لەبەر هەر هۆکارێك تێك بچێت و تووشی ناتەواوی ببێت ، ئەوا زمانیش تێك دەچێت ، کە بریندار بوون یان لابردنی لای چەپی مێشکی منداڵ دەرەنجامی خراپی دەبێت لەسەر گەشەی زمانیی ، پێچەوانەکەشی راستە ، بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر پێویستی زوو ڕووبەروبونەوەی زمان بۆ ئەوەی مێشك بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات ، لەبەر ئەوەی پێش کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ توێکڵی مۆخی جیاوازەو مەڵبەندەکانی تایبەت بە زمان و زمانەوانی پێنەگەیشتون ، هەروەکو چۆن منداڵ دوای لە دایکبوون توانای وەستان لەسەر پێ و ڕۆشتنی نیە لەبەر هۆکارە فسیۆلۆژییەکان واتە پێنەگەیشتنی شانە هەرەمەکییەکانی مۆخ ، کە پەیوەندییان بە مەڵبەندەکانی لاکێشە مۆخەوە هەیە ، بەرپرسن لەڕۆشتن و جوڵاندنەوەی ماسولکەکان [3] ، هەروەها هۆکاری بۆماوەیی واتە کاریگەری بۆماوە لەسەر توانای زمانوەرگرتن ، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بواری بۆماوەزانی شارەزایانی ئەم بوارە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ، کە بۆهێڵێك هەیە لێپرساوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کردەی گۆکردن و ئاخاوتنەوە

---

و پژاندنی دەدات، توانا زمانییەکان لە مێشکدایە،کە لەگەڵ گەشەکردنی جەستە و کۆئەندامی دەماریدا گەشەدەکات . بۆ زانیاری زیاتر :بروانە : ا.صباح حناهرمز( ١٩٨٩: ٣٠ ) ب.عەبدولستارتاهیر شەریف(١٩٨٢)
پ.( Matthews , A.( 1996:8-16)

[1] محەمەد مەحویی(٢٠٠٤: ١١ )

[2] بروانە: ا. کاروان عومەر(٢٠٠٨: ١١–١٤ ) ب.شیلان عومەر(٢٠١٠ ) پ.بێستون حەسەن(٢٠١١: ١٣٧–١٤٦)

[3] . بروانە : a. . Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N..(2011:22)
ب.نوری جەعفەر( ١٩٧١ : ٣٠)

هەیە،ئەم جین/ بۆهێڵە بە ناوی (SPCH1 ) ناسراوە، شایەنی باسە گەیشتن بەم ئەنجامە واتای ئەوە نییە خودی زمان بۆماوەیی بێت ،واتە دایکو باوك بە چ زمانێك بدوێن منداڵییش هەڵگری ئەو زمانە بێت و لە توانای زمانیدا بەرجەستەی بکات،بەڵکو ئەوە توانستێکی بۆماوەییە لێپرسراو و پەیوەستە بە ڕادە ، توانا و خێرایی زمان پژاندنەوە،دەرکەوتووە هەندێك لە گرفتەکانی ئاخاوتن و زمانتێکچوون پەیوەندی بە بۆماوەوە هەبێت[١].

ب. **تەندروستی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن** /شایەنی باسە دەربرینی زمان لە شێوەی شریتێکی دەنگید ا بنەمای فسیۆلۆژی هەیە ، واتە ئەم ئۆرگانانە پێکهاتوون لە (سیەکان ، دەنگە ژێیەکان ،قورگ ، بۆشایی دەم ، مەلاشوو ، ددان ،زمان ...هتد) ، کە ئەم ئۆرگانانە بۆ سستەمی بایلۆژی دروست بوون وەك لەوەی بۆ دروست کردن و بەرهەمهێنانی ئیشارە دەنگییەکان بن، کە ئەرکی لاوەکییانە، بوونی هەر کەمو کوورتیەك لەم ئۆرگانانە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن کەموکورتیی تێ دەکەوێت .

**پ.تەندروستی ئۆرگانەکانی بیستن/** هەرچی ئۆرگانەکانی بیستنە پێکهاتووە لە گوێی دەرەوە و گوێی ناوەراست و گوێی ناوەوە ئەمانەش بە شێوەی ئۆرگانەکانی تر بۆ مەبەست و ئەرکی بایەلۆژی دروست بوون وەك ڕاگرتنی هاوسەنگی لەش،بەلأم ئەرکێکی تری گوێ ،بیستنی دەنگەکان و درککردن بە جیاوازی نێوانیانە. لێکۆڵینەوە زانستیەکان سەلماندویانە،کە قسەی دەربڕاو لە ڕووی فەرمانی بایلۆژیی و کۆمەلأیەتییەوە بە تەنها پەیوەست نییە بەتەندروستی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە،بەڵکو پشت بە ئۆرگانی بیستنیش دەبەستێت،چونکە ئەو منداڵەی توانای بیستنیان نەبێت توانای دەربڕینی گران دەبێت.لەڕێگەی ئەم ئۆرگانەوە گوێگر ئەو بیرەی کە لە شریتە دەنگییەکەوە وەری دەگرێت دی کۆدی دەکات (Decoding) و بە هۆیەوە تێگەیشتن دێتە ئاراوە.

---

[١] بڕوانە: ا . Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N.(2011:21)
ب. دانا تەحسین (٢٠٠٨: ٤٨)

## دووەم/ ژینگە

بەستنەوەی تواناکانی ئاخاوتن،بیستن و پێگەیشتنی بایەلۆژی لەگەڵ بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی[1] بابەتێکی قسەلێوەکراو بووە، بەدرێژایی مێژوو چەندین نموونەی جۆراوجۆر[2] دەربارەی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، واتە بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتیی لەبار بۆدواندن و رووبەرووکردنەوەی زمانی منداڵ خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتییە، چونکە دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی دوور لە ژینگەی کۆمەڵایەتی گەورە دەبن توانای ئاخاوتنیان نابێت، چونکە زمان توانایەکی خۆرسکی بۆماوەیی نییە دوور لە کۆمەڵگا گەشە بکات ، وەك ئەو منداڵانەی بارووددۆخێکی نائاسای وایلێکردون دوور لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بژین ، کە ژمارەیان بە نزیکەیی دەگاتە سی حاڵەت هەموو ئەو حاڵەتانە لەدیاردەیەکی سەرەکیدا

---

١ . ئەو هۆکارانە سەرەکین و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەگەشەی زمانی منداڵەوە ، چەندهۆکارێکی دییکە هەن کاریگەرن لەسەر چۆنییەتی و خێراکردنی پرۆسەکە،کەلێکۆڵەران ئاماژەیان پێداوە، ئێمە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو،لەوانە:ا.**ئاستی زیرەکی** ،بۆچوونەکان جیاوازن لەسەرئەوەی ئایا ڕادەی زیرەکی کاریگەری هەیە لەسەرپرۆسەی زمانپژاندن،هەندێك لەشارەزایان وەکو مەکارسی ١٩٥٤ ، کیالی ١٩٧٧،میید١٩١٣ بۆچوونیان وایە،کە ئەو منداڵانەی ئاستی زیرەکییان بەرزە زووتر زمانیان دەپژێت، لەکاتێکدا بۆچوونە نوێیەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کەپێچەوانەی بۆچونەکەی پێشووە، دەڵێت زمانپژاندن هیچ پەیوەندییەکی بەئاستی زیرەکییەوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گەشەی بایەلۆژییەوە زمان گەشەدەکات. ب.**جیاوازی ڕەگەز** ،سەرەڕای بوونی جیاوازی بیروڕا لەسەر جیاوازی کاتی زمانپژاندن لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ،بەڵام زۆرینەی بیرو بۆچونەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ،کە پرۆسەی زمانپژاندن لای ڕەگەزی مێ خێراترە وەك لای ڕەگەزی نێر.ئەم هۆکارانە و چەندهۆکارێکی دییکە کاریگەرن لەسەر پرۆسەکە.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :ا.صباح حناهرمز(١٩٨٩: ١٢١-١٤٦ ) ب.نایف خرما١٩٧٨: ١٣٥) پ.دانا تەحسین(٢٠٠٨: ٦٧-٦٩)

٢ . ئەو منالانەی دوور لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ژیاون بە منداڵە کێوییەکان ناسراون Wild Children،چونکە بە تەنیا لە شوێنێکی چۆڵ یاخود لەگەڵ گیاندارانددا تەمەنێکیان بردۆتە سەر، لەوانە: دوومنداڵ بە ناوی (ئامالا و کامالا kamala & Amala ) کە پیدەچوو لەگەڵ گورگ گەورە بووبێتن . حاڵەتێکی تری بە ناوبانگ ڤیکتۆرە Victor ئەو کورە تەمەن پانزە بۆ دوانزە ساڵانە بوو کە لە ساڵی ١٨٠٠ لە دارستانەکانی ئاڤیرۆنی فەرەنسا دۆزرایەوە کە لە فیلمی بەڵگەنامەی فرانسۆ ترۆفۆ Francis Turffaut بەناوی کورە کێوییەکەی ( The wild child)ئاڤیرۆن ئاماژەی بۆکراوە . ساڵی ١٩٧٠ کچێك بەناوی جینی Genie لەتەمەنی سیانزە بۆچواردە ساڵی لەکالیفۆرنیا دۆزرایەوە ،کە لە ڕاپۆرتە زانستییەکاندا ناویهێنراوە ،ئەم کچە لەتەمەنی بیست مانگیدا لەژوورێکی بچوکدا بەندکرابوو ،هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەرەوەی خۆی نەبوو، ،هەریەکێك لەو منداڵانە بێ گوێدانە هۆکاری گۆشەگیربوونەکانیان نەیان دەتوانی قسە بکەن دوای ئەوەی هێنرانەوە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی .بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

b. Aitichson , J(2007:518) a.Clark,E(2009: 365-367)

هاوبەشبوون،کەتوانای ئاخاوتنیان نەبوو ،بۆیە ئەو کۆششانەی خرانە گەڕ بۆ فێرکردنی زمانی مرۆڤ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و هیچیان نەگەشیتنە ئاستی فێربوونی سروشتی زمان.

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین، پرۆسەی زمانپژاندن بەشێکە لەپرۆسەی زمانوەرگرتن، بریتییە لەو کردەو هەنگاوانەی ،کەیارمەتی گەشەکردنی توانست دەدات بۆ وەرگرتنی زمانی دایك،هەروەها منداڵ لە هەرشوێنێك،کۆمەڵگایەکدا بێت توانای وەرگرتنی ئەو زمانەی دەبێت، لەماوەیەکی دیاریکراودا(ماوەی هەستیاری )دەتوانێت قسەی پێبکات ،تەنانەت ئەو منداڵانەشی لەڕوی ژیرییەوە دواکەوتون فێری زمان دەبن بەمەرجێك ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتنی تەندروست و بێ کەموکووڕیی بێت[1]،

زمانپژاندنی منداڵ بە زمانێك بریتییە"لە هەڵهێنجانی ژمارەیەك ڕێسا و یاسا لەلایەن منداڵەوە لەو داتازمانییانەی ،کە لەدەوروبەری دەیانبیستێت ،لەگەڵ فێربوونی ئەوانەی تایبەتن بە زمانی دایك. ڕێساگشتییەکان/ئەو یاسایانەی منداڵ لە داتاکان هەڵیاندەهێنجێنێت بۆ داڕشتنی فۆڕمی ڕستەن ، دیاریدەکەن چۆن وشەکان بەگونجاوی دەخرێنە تەکیەك بۆ ئەوەی لێیان فۆڕمی ڕستەی ڕێزمانی دابڕێژرێت"[2].

---

[1] مەبەست لەو حاڵەت و نمونانەیە، کەسەرەڕای دواکەوتوویيان لەڕوی ژیرییەوە نەخۆشی Idiot savant هەیەجاران بە گەمژە ناودەبران و ئێستا بەبەهرەمەندە کەم ئەقڵەکان ناودەبرێن.بۆنمونە لۆرا ئافرەتێکی ئەمریکییەو لەڕوی زیرەکییەوە دواکەوتووبووە،ڕادەی زیرەکییەکەی ( Inteleigence qualent/IQ لەنێوان (٤١-٤٤) بووە، هیچ چەمکێکی ژمارەی نەدەزانی ،بەڵام توانای ئاخاوتنی تاڕادەیەك باشبوو ،ئەمەش نمونەیەکە لەو حاڵەتانەی ،کەباس لەکەسێك دەکات کەڕێزمانێکی تەواو گەشەکردووی هەبێت ،بەڵام گرفت و کەموکووڕیی زۆری هەبێت لەبوار و تواناکانی تردا،هەروەها کریستۆڤەریش کەسێکەڕادەی ژیرییەکەی IQ نزمەو لەنێوان ٦٠-٧٠ و لەخانەی چاودێری دادەژیت،چونکە هیچ توانایەکی خۆبەڕێوەبردنی نییە(توانای داخستنی قۆپچەی جل و قەیتانی پێڵاوەکانی نییە تەنانەت توانای نینۆککردنی خۆی نییە)،بەڵام زمانەوانەکان پێیان وایە کەتوانای زمانیی وەکو هەرکەسێکی ئاسایی وایە،تەنانەت کاتێك نوسینێکی بەچەندزمانێکی جیاواز دەدەیتێ وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و پسپۆڕان تەنیا چەند هەڵەیەکی کەمیان لەو وەرگێڕانەدا دۆزیوەتەوە.ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کەتوانای زمانی سەربەخۆیە و پەیوەندی بەتواناگشتییەکانی دییکەی مرۆڤەوە نییە،لێرەوە هەردووحاڵەتەکەی (لۆرا و کریستۆڤەر) دژی ئەوبۆچونەن کەتوانای زمان لەژێری گشتی سەرچاوەدەگرێت.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ( Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams,N . N.(.(2011:20

[2] . محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ٢ )

پرۆسەی زمانپژاندن فێربوونی هەموو بەشەکانی ئاخاوتن لەخۆ دەگرێت (واتە فێربوونی هەموو ئاستەکانی زمان)ە،کە بە فێربوونی دەنگەکان، ناسینەوەی فۆنیمەکان دەستپێدەکات ئەم ئاستە تەرخانە بۆ گەنجی دەنگەکانی زمانێك، ئەو یاسایانەی دەنگەکانی زمان دەخاتە تەکیەك و یەکەی گەورەتریان لێپێکدەهێنێت یاسا فۆنۆلۆییەکانن بۆ دروستکردنی یەکەی زمانیی گەورەتر،کە وشەکانە،بەشێوەیەك توانای دەربڕینی دەنگ و بڕگەکان بنچینەی دروستبوونی وشەکانە،کە بنەمای سەرەکیی لێهاتوویی تێگەیشتنە، گرنگن بۆ دروستەی وشە و مۆرفێمەکان وەکو چۆن دەربڕین گرنگە بۆ قسەکردن.

ئاستی دووەم وشەسازییە،فێربوونی وشە و مۆرفیمەکانە،وشە بە پێکهاتەی سەرەکیی زمان دادەنرێت،هەر وشەیەك لەزماندا یەکەیەکی زانیاریی زمانیین و یاساکان لەناویاندا هەڵگیراون ، ناوەڕۆکی واتاو تێگەیشتنەکانی تێدا کۆبووەتەوە واتەخاوەنی واتا و چەمکن ،کە کۆمەڵ لەسەری ڕیککەوتون .گرنگی وشەکان لەوەوە دەردەکەوێت ،کە هۆکارێکن بۆ گەشەی درکپێکردنی هەستیی، توانا ئاوەزییەکان و ئاستی گەشەی ژیریی لای تاك،کە واتای وشەکان پەیوەستن بە گەشەی درکپێکردنە هەستییەکانی منداڵەوە ،هەرچەندێك منداڵ ژمارەی وشەکانی فەرهەنگی زمانیی زیاتربێت ئەوا توانای درکپێکردن و زانیاری بۆ تێگەیشتنەکان زیاتر دەبێت.

ئاستێکی تر ئاستی رستەسازییە،کە پێڕەوێکە لەیاسا و ئەوە پەسەند دەکات ،کە چۆن دەتوانرێت لە گەنجێك توخمی بنەڕەتی (مۆرفێمەکان ،وشەکان ،جومگەکانی ڕستەکان )ڕستە فۆڕمدروستەکانی زمانێك هەڵبگوێزرێن.هەرچی ئاستی سیمانتیکە خۆی بەواتای یەکەیەکەی وشەکان ،واتای ڕستەکانەوە خەریکدەکات. کەواتە زمانپژاندن فێربوونی سیستەم/سروشتی زمان دەگرێتەوە،کە بریتیین لە:سیستمی دەنگەکانsound systems،وشەکانmorphology & lexicon ، ئەویاساو ڕیسایانەی یەکەکانی زمان پێکەوەدەبەستێتەوەsyntax،واتاکانیانsemanticsو دەربڕینی لەشێوەی شریتێکی دەنگیدا لە دەوروبەری بەکارهێنانpragmatics دەگرێتەوە[1].

---

[1] بۆزانیاری زیاتر بروانە:ا.محەمەدی مەحویی( ٢٠١١: ٣٢–٣٩ ) ب.صباح حناهرمز(١٩٨٩ :٤١–٤٢ )
پ.جمعەسید یوسف( ١٩٩٠: ١٠١–١٠٦) ت.Susan,m. G & Larry ,S.(2008: 8-13)

## ٢/١) تیۆریەکان و قۆناغەکانی زمانپژاندن

### ٢/١– ١)تیۆرییەکانی زمانپژاندن

زمانپژاندن یەکێکە لەو دیاردانەی سەرنجی لێکۆڵەرەوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە ،بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی چەندین تیۆریی و قوتابخانە لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە،هەریەکەیان لە گۆشەنیگای ئەو ڕێباز و تیۆرییەی کاری پێدەکات،سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی تیۆرییەکان باوەڕیان وایە سروشتی منداڵ و گەشە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی زمانپژاندندا ،بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان جەخت لەسەر لایەنی فێربوون ، هەندێکی دیکەیان جەخت لەسەر کاریگەرییە بایلۆژییەکان دەکەنەوە، لەکاتێکدا تیۆری دیکەش هەیە ،کە هەردوو لایەنی فێربوون و گەشەی بایلۆژیی لەبەرچاودەگرێت ،لەم لێکۆڵینەوەیدا هەوڵدراوە بەپێی بوار و مەوداکەی ئاماژە بە سەرەکیترین ئەو تیۆرییانە بکرێت ،کە لێکدانەوەیان بۆ زمانپژاندن کردووە،ئەوانیش بریتیین لە:

#### ٢/١– ١–١)تیۆری ڕەفتارییەکانBeihviorism Theory

ئەم تیۆرییە جیاوازییەکی چۆنایەتی لەنێوان مرۆڤ و گیانلەبەراندا ناکات ،تەنها لایەنە بینراوەکانی بونەوەر لەبەرچاو دەگرێت و تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام دەدات. لە فێربوونی زمان دەکۆڵێتەوە وەك هەر ڕەفتارێکی دەرەکی هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە داینامیکییەکانی دیکەی مرۆڤ ،بە پێی ئەم قوتابخانەیە سێ جۆر فێربوون جیاکراوەتەوە[١]،ئەوانیش:جۆری یەکەم فێربوونی کۆمەلأیەتیی،کە تیۆری لاسایکردنەوە دەگرێتەوە،لە زمان دەکۆڵێتەوە وەکو دابونەریت. جۆری دووەم فێربوونی مەرجی کلاسیکی،کە فێربوونی زمان لە ڕێگەی وروژێنەر و وەلأمدانەوەوە یە،کە خۆی لە کارەکانی بلومفیلد و واتسن دەبینێتەوە. جۆری سێیەمیان فێربوونی مەرجی نواندنیی/ئەزمونبەندکاریی کە فێربوونی زمان لە ڕیگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە دەبێت،پاداشتکردنیش ڕۆڵی گرنگ دەبینێت،ئەم تیۆرییەش کارەکانی سکنەر دەگرێتەوە.لێرەدا تیۆرییەکانی ئەم قوتابخانەیە دەخەینە ڕوو،کە بریتین لە:

---

[١] محەمەد عودەئەلریماوی،و.ئاری عوسمان خەیات (٢٠١١: ١٦٤)

## ٢/١- ١-١-١)تیۆری لاساییکردنەوە( دووبارەکردنەوە)Immitation Theory

فێربوونی زمان بەپێی ئەم تیۆرییە لەڕێگەی لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەوە دەبێت،وەکو فێربوونی یاریکردن وایە ،کە پشت بە ئارەزوویەکی خۆرسکی دەبەستێت،واتە ویست و ئارەزوو پاڵنەری لاساییکردنەوەو زمانوەرگرتنە ،هەرچەندە لای هەندێك لە پێڕەوانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە لاسایکردنەوەی زمان کردەیەکی ئامێریی/نەویستییە ، دابڕاوە لە مەبەست و توانا و کردەی بیرکردنەوە،بۆ بە ئەنجام گەیاندنیشی پشت بە هەندێك ئۆرگانی ڕووت دەبەستێت،بۆچوونەکەی دیکەیان پێی وایە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتندا، لۆدانتیكLe,Dantiec ئەوە ڕادەگەیەنێت ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن یەك کۆئەندامن ،کە ئۆرگانێك دەریدەبڕێت ئۆرگانەکەی دیکەشیان وەریدەگرێت .بەپێی ئەم تیۆرییە منداڵ لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی وشە و دەربڕینەکانی دایکوباوك/دەوروبەرەوە زمانی دەپژێت، کە گرنگترین هۆکارە بۆ زمان فێربوونی منداڵ. ئەم تیۆرییە قۆناغەکانی زمانپژاندن پەیوەست دەکات بە قۆناغەکانی لاسایکردنەوە ،لەوانە لویسLews،مەکارسیMacarthy .لویس لاسایکردنەوەی کردووە بە سێ قۆناغەوە[1] ،ئەوانیش بریتیین لە:

١.ئەو قۆناغەیە کە منداڵ وەڵامدانەوەی بۆ دەربڕینەکانی دەوروبەری دەبێت، ئەویش بە دەربڕینی کۆمەڵە دەنگێکی هەرەمەکی،ئەم قۆناغە لەتەمەنی سێ یان چوارمانگی تەمەنی منداڵدا دەبێت.

٢ .قۆناغی وەستان/بوونی کەموکوڕیی لە وەڵامدانەوە دەنگییەکان ،کە لە تەمەنی پێنج بۆ حەوت مانگییدا ڕوودەدات .

٣.قۆناغی لاسییکردنەوەی بەمەبەست،کە لەدەوروبەری نۆمانگی تەمەنی منداڵدا دەستپێدەکات.

مەکارسیی ،کە یەکێکە لەپێڕەوکەرانی ئەم تیۆرییە ، پۆلێن و جیاکردنەوەی لاسایکردنەوە لەسەر بنەمای دوانەیی جیادەکاتەوە[2] ،کە بریتیین لە:

ا.لاسایکردنەوەی لەخۆوەیی(تلقائی)و نا ئیرادی ،منداڵ دووجۆر دەنگ دەردەکات جۆرێکیان هیچ پەیوەندییەکی بە لاسایکردنەوەوە نییە،کۆمەڵە دەنگێکی تریان لە ئەنجامی کاریگەربوونیان بە کەسانی

---

[1] حسام البهنساوی (١٩٩٣ : ٨٧)

[2] سەرچاوەی پێشوو(٩٠)

دەوروبەریان دەردەبڕن. ب.لاسیکردنەوە بە تێگەیشتن و بێتێگەیشتن،پ.لاسایکردنەوەی خێرا و درەنگ، ت.لاسایکردنەوەی ورد و ناورد/پەرشوبلاو،شایەنی باسە ئەم پۆلینکردنەی پێشوو تەمەنی منداڵی بۆ دیارینەکراوە ، پۆلینکردنەکە هەرچوار قۆناغەکە دەگرێتەوە ،بە شێوەیەك ناتوانرێت سنوری قۆناغەکە دیاریی و دەستنیشان بکرێت .

بەپێی ئەم تیۆرییە منداڵ گوێی لە دەربڕینەکانی دەوروبەری دەبێت، لەڕێ لاسایکردنەوەو دووبارەکردنەوە، ئەو پاڵپشتیکردنەی دەوروبەر پرۆسەی زمانوەرگرتن ئاسان دەبێت،دەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئاخاوتنی لە دەنگ ، وشە ، ڕیکخستنی ڕستە و واتای وشەکان ،بەم شێوەیە منداڵ چی ببیستێت دووبارەی دەکاتەوە و لە ڕیگەیەوە زمانوەردەگرێت.

ئەم تیۆرییە سەرکەوتوونەبوو لە ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك لایەنی زمانوەرگرتندا ،لەوانە:
١.ئاماژەنەکردنی بۆ ئەو میکانیزمە دەروونیی و بایەلۆژییانەی،کە کار لە زمانوەرگرتن دەکەن.

٢.بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە،منداڵ کاتێك ڕستەیەك دەبیستێت بەو شێوەیە دووبارەی ناکاتەوە، کە گوێی لێدەبێت،بەڵکو ڕێکخستنی ڕستەکە دەگۆڕێت جیاواز لەوەی بیستویەتی بە شێوەیەك منداڵ هەڵدەستێت بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو وشە و ڕستانەی گوێی لێبووە بۆ دروستکردنی ڕستەی نوێ ،کە پێشتر گوێی لێنەبووە ،ئەمە گرنگترین ڕەخنەیە ،کە ڕووبەڕووی ئەم تیۆرییە بووەتەوە."سلوبنSlobin و ولشWelsh پێیان وایەمنداڵ تەنانەت ناتوانێت لاسایی ئەو ڕستانەی خۆشی بکاتەوە، کە دەریبڕیوە.کاتێك رستەیەك دەردەبڕێت و داوا لە منداڵ دەکرێت دووبارەی بکاتەوە دەبینین تەنها وشەی کۆتایی یان ئەو وشەیە دەردەبڕێت کە ئاوازە و سترێسی لەسەر بووە"[١] ،یان ئەو وشانەی یەکەیەکی زانیاری گرنگن لای منداڵ ، کە گۆڕان لە دەنگەکان دیاردەیەکی[٢] زۆرئاشکرایە لە زمانوەرگرتنی منداڵدا.

٣. ئەگەر مرۆڤ لەڕێگەی لاسایکردنەوە فێری زمان ببوایە ،ئەوا دەبوو" هەموو مرۆڤەکان یەك فەرهەنگی وشەییان هەبوایە ،ئەو کاتە وەکو ئامێرێکی تۆمارکردن دەبوو، تەنها ئەوەی دەردەبڕی کە لە سەری

---

[١] موفق الحمدانی(١٩٨٢: ١٣٣)

[٢]بۆگۆڕان و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

تۆمارکراوە و پەیوەست دەبوو بە دەربڕینی ئەو دەنگانەی ،کە گوێی لێبووە ،بەمە ناتوانێت گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لە دەربڕینەکانیدا بکات، ئەمەش دژی لۆژیکی لاسایکردنەوەیە لای منداڵ،کە ئاڵوگۆڕ بە دەنگەکان دەکات و دەنگێك پێش دەنگێکی دییکە دەخات"[1] .

لەڕاستیدا خەسڵەتی داهێنەرانەی زمان دەریدەخات ،کە زمان لەڕێی لاسایکردنەوەوە فێرنابین ،زمانپژاندن بریتیی نییە لە فێربوونی ژمارەیەك خووی زمانیی واتە زمان تەنها بریتیی بێت لە بیستنی کۆمەڵە دەنگێکی بیستراو ،لاسایکردنەوەی بەبێ هاتنە ناوەوەی گۆڕان و ئاڵوگۆر ،بەڵکو زمان پێڕەو و یاسایە ،هەموو زمانێك پێڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە سەر ئاستەکانی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی ،سینتاکس و سیمانتیك ،منداڵ درك بە یاساکانی زمان دەکات، چەندین ڕستە دەردەبڕێت، کە پێشتر نەیبیستون.دەوترێت لە شێوەی ئەوەی بیستوون ، لێرەوە پرسیارێك دێتەئاراوە،ئەویش بریتییە لەوەی منداڵ چۆن پێوانەی ئەو دەربڕینانە دەکات، کە نەیبیستووە بەوەی بیستوویەتی ؟

## ٢/١ -١-١-٢)تیۆری فێربوونی مەرجی بەجێهێنان/ئەزمونبەندکاریی

دیارترین لێکۆڵەرەوانی ئەم تیۆرییە (سکینەر)ە، تیۆرییەکانی فێربوونی زمان بەهۆی چەند زاراوەیەکی فێربوونی پەیوەستەگییەوە Associative Learnig لێکدەدرێتەوە ،بەشێوەیەکی تایبەتتر زاراوەکانی مەرجیی بەتایبەتی لە فێربوونی زماندا ،کە لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە ،هاندانیش بەپاڵپشتیکردن/پاداشتکردن کە بەگرنگترین ڕەگەزی زمانوەرگرتن دادەنێت. هەمان دەرەنجام کە لەفێربوونی گیانلەبەراندا بەدەستهاتووە بۆ منداڵیش بەڕاستی دادەنێت،."ئەم تیۆرییە هەوڵیدا،کە زمان ببەستێت بە جووڵە سنوردارەکانی ڕەفتار بە واتاوە بەمەش بەکارهێنانە ڕووکەشییەکەی زمانەوانەکانی پێش خۆی بەجێهێشت ، لەمەشەوە توانی زمان بە بیرەوە ببەستێتەوە، پرۆسەناوەکییەکانی بخاتەڕوو،کە لە ئەنجامی ڕەفتارە ناوەکییەکانەوە دروستدەبن،هەوەها تیۆرییەکە خۆی بەو دیاردانەوە خەریککرد،کە تیۆری مەرجی ڕەفتاریی نەیتوانی وەڵامیان بداتەوە"[2]،بە بۆچوونی سکنەر زمانپژاندنی منداڵ لەڕێگەی بنەمای لاسایکردنەوەو مەرجی بەجێهێنانەوە دەبێت ،واتە زمانوەرگرتنی منداڵ بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەربڕینەکانی دایکوباوك و کەسانی دەوروبەری دەبێت، کە یارمەتی دەدەن بۆ خۆشەویستکردن و هاندانی

---

[1] دانا تەحسین (٢٠٠٨: ٤٣)

[2] ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٤)

دەربڕینە زمانییەکانی منداڵ ،ئەمەش دەربڕینی (دەنگ و واتا )یە لە دەورەبەردا"[1] بەم پێیە گرنگی دەدات بە هۆکارە دەرەکییەکانی فێربوون بەشێوەیەکی گشتی فێربوون/زمانوەرگرتنیش بەشێوەیەکی تایبەتی، کردەی زمانوەرگرتن بە ژینگەوە دەبەستێتەوە ،کە ئەرکی پاداشتکردن/هاندان دەبینێت ،بەم پێیە "زمان چالاکییەکە لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە گەشەدەکات،واتە بە وەرگرتنی پاڵپشتیی و پاداشتکردن گەشە دەکات ،ئەگەر پاڵپشتی لێنەکرێت ئەوا پرۆسەی فێربوونی زمان بەرەو پوکانەوە دەچێت"[2] .

بەبۆچوونی بونیادگەرەکان فێربونی زمان ڕەخساندنی کۆمەڵە نەریتێکی دەنگییە لەمنداڵدا ،کاتێك دایکوباوك و دەوروبەر لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن ،منداڵیش گوێی لەو وشەو ڕستانەی ئەوان دەبێت هەوڵدەدات لاسایی دەربڕینەکانی گەورەکان بکاتەوە،لەم هەوڵدانەشیدا هەندێجار سەردەکەوێت و هەندێکجار سەرکەوتوونابێت ،ئەو دەنگانەی ،کەمنداڵ دەریدەبڕێت ،ئەگەر وەکو دەنگ و دەربڕینەکانی دەوروبەری بوو ئەوە واتا دەبەخشن ، ئەوەی دەیەوێت دەریدەبڕێت ،ئەم سەرکەوتنەش دەبێتە هۆی هاندانی منداڵەکە ،بۆئەوەی بتوانێت هەمان دەنگ دەرببڕێتەوە،بەڵام ئەگەر ئەو دەنگەی دەریدەبڕێت وەکو دەربڕینەکانی دەوروبەری نەبوو ئەو کات هیچ هاندان و پشتگیری کۆمەڵایەتیی و پاڵپشتیکردن /پاداشت[3] وەرناگرێت،"چونکە ئەو هاندانەی منداڵ بە دەستی دەهێنێت لە ئەنجامی ئەو دەنگانەی دەریدەبڕێت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە فێربوونی وشەکاندا"[4] ،هەست دەکات لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە و دەنگەکانی واتا نابەخشن ،لە ئەنجامی کاردانەوەی دەوروبەری هەست دەکات لە ئاخاوتنەکەیدا هەڵەیەك هەیە ،گەورەکان هەوڵی ڕاستکردنەوەی بۆ دەدەن ،یاخود خۆی هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات. لە ئەنجامدا ڕەفتاری زمانی منداڵ لەلایەن گەورەکانەوە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە دەبێتەوە ،هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی هەڵەکانی،واتە بە بۆچوونی ئەم تیۆرییە منداڵ لە ڕێگەی هەوڵدان ، هەڵەکردن و هاندانەوە ،بەتێپەڕبوونی کات لایەنە هەڵەکانی زمانەکەی راستدەکاتەوە، پەرە بە لایەنە دروستەکانی دەدات.

---

[1] مارجریت دونالدسون،ت.عادل عبدالکریم یاسین(١٩٨٩: ٤٩)

[2] بڕوانە: ا. جمعە سید یوسف(١٩٩٠: ١١٧) ب.ادریان اکامجیان(٢٠٠٣: ٤٦٦)

[3] هاندان/پاداشتکردن ئەو پاڵپشتیکردنە کۆمەڵایەتییەیە کە منداڵ لەئەنجامی دەربڕینی وەکو دەوروبەری وەریدەگرێت لەلایەن دایکوباوك و دەوروبەرییەوە ،ئەویش بە لە ئامێزگرتن و ماچکردن و بەدەستهێنانی خواردن (واتە ئەو پاداشتە مادیی و مەعنەوییەیە کە لە دەوروبەرییەوە وەریدەگرێت).

[4] صباح حنا هرمز(١٩٨٢: ٥٠)

به پێی ئەم ڕێبازە (ڕەفتارییەکان ) هیچ پێکهاتەیەکی زمانەوانی لە مێشکی مرۆڤدا خۆرسک نییە،ئەو (وشە/ ڕستە)انەی ،کە دەریدەبڕێت پێشتر دەبێت بیستبێتی ،فێری بووبێت و لەبەریکردبێت،"(فێرسfirth) یش جەختی لەسەر فێربوونی هەموو زنجیرەکانی پۆلەوشەکان بوو"[١] پرۆسەی فێربوونی زمان لە ڕێگەی کۆمەڵ ، دەوروبەر و چالاکی مرۆڤەوە دەبێت نەك خۆرسکی.ئاشکرایە ئەمەش نەدەگونجێت و نەئەزموونیش ئەوە دەسەلمێنێت.

ڕەخنەیەکی دیکە،کە لەم ڕێبازە دەگیرێت ئەوەیە "جیاوازی ناکات لە نێوان فێربوون بە یاسا و فێربوون لە ڕێگەی نەریتەوە "[٢] ،فێربوونی زمان لە جۆری فێربوونە یاسا و ڕێسا ،واتە کاتێك مرۆڤ فێری زمان دەبێت ئەوە ژمارەیەکی سنورداری یاسا فێربووە(کە لە مێشکدا هەڵگیراوە)، بەهۆیەوە دەتوانێت ژمارەیەکی بێسنور لە ڕستە دەربېڕێت ،کە هیچ یەکێك لەو ڕستانە بەتەواوی وەکو یەك نین، ئەمەش بە تایبەتمەندیی داهێنەرانەی زمان ناودەبرێت.

ئەم تیۆرییە لە ئەنجامی ئەو کەموکووڕییانەی لەلێکدانەوەیان بۆ زمان و زمانوەرگرتن سەرکەوتوو نەبوو.

## ٢/١ – ١–٢) تیۆری عەقڵگەرایی[٣] Rationlism Theory

فێربوونی زمان لە ڕێگەی لاسایکردنەوەImitationوە بابەتێکی باوەڕپێکراو قسەلێکراو بوو،ئەم بۆچوونە بەردەوامبوو، هەتا پەیدابوونی بۆچوونەکانی چۆمسکی ،بە باوەڕی ئەم زانایە منداڵ کاتێك لەدایکدەبێت بیر و هۆشی پەڕەیەکی سپیTabula rasa نییە وەکو سکنەر و جان لاك ئاماژەیان بۆ دەکرد[٤] ،بەڵکو لەگەڵ لەدایکبووندا توانستێکی بۆماوەییی هەیە، کە زمانێك لە زمانەکان فێرببێت ، واتە بەبۆچوونی چۆمسکی ،دەبێت مرۆڤ پێشوەخت دەزگا/ ئامرازێکی فێربوونی زمانی Languae

[١] .ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٤)

[٢] محەمەد ڕەزا باتنی(٢٠١٢: ٥٣)

[٣] ئەم تیۆرییە لە سەرچاوەکاندا بەچەند ناوێکی دییکە هاتووە،لەوانە تیۆری (بایلۆژی زمان، خۆرسکیبوونی زمان ،دەروونی ،هەرەمەکی)،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا.کەریم شەریف قەرەچەتانی(١٩٩٧: ٥٥) ب.دانا تەحسین(٢٠٠٨:٤٦) پ.دنی استانبرگ(١٩٩٣: ١٥١)

[٤] .بڕوانە:ا.بهمن زندی(١٣٨٨: ٦٣) ب.دنی استانبرگ(١٩٩٣: ١٥٠)

هەبێت،کەخۆرسکەو بەشێوەیەکی بۆماوەیی لەمێشکی مرۆڤدا acquisition device/LAD کاردەکات ، ئەو پرۆسەیە هەڵدەسووڕێنێت ،کەوا دەکات منداڵ بتوانێت یاساو ڕێساکان هەڵیبهێنجێنێت لەو داتاو زانیارییانەی دەیبیستێت. بیرۆکەکە ئەوەیە کەزمان بەتوندی بەستراوەتەوە بەمرۆڤەوە ،هەڵبەت زمان بەماناگشتییەکەی نەك زمانێکی تایبەتی LADکە پێکهاتووە لەکۆمەڵێکی سنورداری بنەمای گشتی بۆڕێکخستنی ڕیزمان کە بە ڕێزمانی گشتیی UG)) ناو دەبرێت.لە هێڵکاریی(١-١)دا ڕوونی دەکەینەوە:




هێڵکاریی(١-١) مۆدیلی دەزگای زمانوەرگرتنLAD

LADەکی چۆمسکی پێشنیاری کردبووگۆڕانکاری بەسەرهات[١]، کە پێکهاتووە لە ڕێزمانی گشتیی،بڕوانە هێڵکاری(١-٢)مۆدیلی ڕێزمانی گشتی زمانپژاندن[٢]




هێڵکاری(١-٢) مۆدیلی ڕێزمانی گشتی زمانپژاندن

---

١ بڕوانە:Chomsky,N.(1957,1965,1986,1988)

2 Cook(1997:81)

بەم شێوەیە ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی چۆمسکی سەبارەت بەزمانوەرگرتن[١] لەدوو خاڵدا کۆدەبێتەوە:

ا.زمان توانایەکی بیۆلۆژییە منداڵ دەزگای زمانوەرگرتنی هەیە،کە لە مێشکیدایە،بە مرۆڤ بەخشراوە،کە بە فاکوڵتی زمان Language Faculty/توانستیی زمانیی ناو مێشك ناودەبرێت.

ب. دەزگایەکەش لەیاساو پرنسیپەکانی ڕێزمانی جیهانیی پێکهاتووە،بە بۆچوونی چۆمسکی هەموزمانەکانی جیهان خاوەنی دوو دروستە/پێکهاتووە[٢]، دروستەی ڕووکەش SS / Surface structure، دروستەی قووڵDeep structure/DS،کە دروستە ڕووکەشەکان بە شێوەی جیاواز لە زمانەکاندا دەردەکەون،بەلأم دروستەقووڵەکان تاڕادەیەك لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن ،ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی بۆماوەیی و هزری مرۆڤە،کە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێزمانی جیهانییە بەشێوەی توانستێکی بۆماوەیی لە مێشکدا هەڵگیراوە. ئەم توانستە بۆماوەییەش لە منداڵی ساوادا کۆمەڵێك زانیاری بەرایی/ڕێزمانێکی گشتیی،کە بنەمای هەموو زمانەکانی جیهانە،منداڵ هەوڵ دەدات گوتن و دەربڕاوە بیستراوەکانی ،کە لە خێزان و دەوروبەریدا دەیبیستێت بیخاتە چێوەی ئەو ڕێزمانە گشتییە ، بەپێی ئەم تیۆرییە بونیاد و بناغەی زمان خۆرسکە و منداڵ لەگەڵیدا لەدایکدەبێت،ئەزموونی زمانیی وەکو سەرخانێکە بەسەر فاکوڵتی زمانەوە بنیات دەنرێت .

---

[١] بڕوانە ( a.Chomsky,N.(1986: 24) b.Aitchison,j.(2007: 107 )

پ.محەممەد مەحویی(٢٠٠١: ٨) ت.دنی استانبرگ(١٩٩٣:١٥٢)

[٢] بۆچوونەکانی چۆمسکی دەربارەی زمان چەند گۆڕانکارییەکی بەسەرداهات ،نوێترینیان پێشنیازی بەرنامەی کەمینەیە minimalism program/MP،کە گریمانەی سەرەکی ئەم بەرنامەیە ،ئەوەیە ،کە زمان لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە ، بریتیین لە (فەرهەنگ lexicon، پێڕەوی ئاوەزیی computational system ،هەموو زمانێك پۆلێك لە جووتەی ( $\lambda$،$\pi$ ) وەك نواندنی (دەنگ و واتا )دیاریدەکات ،مەبەستی سەرەکی ئەم بەرنامەیە نیشاندانی ئەوەیە ،کە ئاستە ڕێزمانییەکانی ( DS) و (SS ) بوونیان نییە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا.کاروان عومەر(٢٠١٠) ب.تارا موحسین ( ٢٠١١ ) .

منداڵ بۆ ئەوەی زمانی بپژێت پێویستی بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار هەیە، لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەو منداڵانەی لە ماوەی هەستیاریی دا ڕووبەرووی زمان ناکرێنەوە گەشەی زمانیان ئەپوکێتەوە،بە بۆچونی لیینبیرگ Lenneberg منداڵ لە دوو بۆ سێ ساڵیدا زمانی دەپژێت، واتە پێش تەمەنی دووساڵان منداڵ توانای فێربوونی زمانی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە مێشك لەو تەمەنەدا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی توانای فێربوونی سروشتی هەبێت ، پاش تەمەنی پێگەیشتن/ باڵغ بوونیش هەلی فێربوونی سروشتی زمان بۆ نیوەی ئەو بەشەی مێشك ، کە تایبەتە بە فێربوونی سروشتی دەفەوتێت،ئەمەش لە ئەنجامی لەناوچوونی ئەو نەرمییەی توێکڵی/ توێژاڵی مێشك، کە لە زمانوەرگرتنی سروشتی دا ڕۆڵی هەیە. ئەم تیۆرییە بە گرنگترین ئەوتیۆرییانە دادەنرێت ،کە پاڵپشتی دەکات لە تیۆری ڕیزمانی گوێزانەوەکەی چۆمسکی، جەخت لە سەر بوونی دەزگای وەرگرتنی زمان LAD دەکات [1]، کە توانای زمانوەرگرتنی هەیە و لە ئەنجامی لە یەکگەیشتنی ئەم دوو تیۆرییە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جیهان بوونی زمانی لێکەوتەوە Universal of Language ئەویش جیهانیبونی زمانوەرگرتنUniversal of Language Acquisitionبوو، کە منداڵ توانای وەرگرتنی هەر سستەمێکی زمانی هەیە پێش تەمەنی باڵغ بوون. ئەو بەڵگانەی چۆمسکی و هاوبیرانی دەیهێننەوە وەکو بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەیان بریتیین [2]لە:

١.گشتێتیی زمانLanguage Universals

٢.فێربوونی زمان لەلایەن منداڵەوە بە هۆش، زیرەکیی و زانیارییەوە نەبەستراوەتەوە .

٣.هەبوونی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان گەشەی منداڵ و فێربوونی زمان .

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ،کە ڕووبەڕووی ئەم تیۆرییە دەبێتەوە[3] لە چەند خاڵێکدا دەیخەینە ڕوو،ئەوانیش بریتیین لە:

---

[1] مارجريت دونالدسون،ت.عادل عبدالكريم ياسين (١٩٨٩: ٥٠)

[2] محەمەد ڕەزا باتنی،و.هێرش کەریم(٢٠١٢: ٥٧-٦٣)

[3] بڕوانە:ا.بهمن زندی(١٣٨٨: ٦٦) ب.http://aggslanguage.wordpress.com/chomsky/

پ.کاروان عومەر(٢٠١٢)

١. هەرچەندە منداڵ تەنها بە دووبارەکردنەوە فێری زمان نابێت ،بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ،کە منداڵ دەزگای زمانوەرگرتنی هەبێت،فێربوونی زمان زیاتر بەمامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر و توانای تێگەیشتنی منداڵ دروست دەبێت، نەك پێکهاتەو توانستێکی بۆماوەیی ،کە ئەم قوتابخانەیە جەختی لەسەر دەکردەوە.

٢. گرنگی نەدان بەلایەن/سیستمی کۆمەڵایەتیی زمانLangue، کاریگەریی و هۆکارەکانی دەوروبەری ،لە گرنگترین ئەو هۆکارە دەرەکییانە (لاسایکردنەوە، پاڵپشتیکردن) ن،واتە دابڕینی شیکردنەوە زمانییەکان لە دەقی درککپێکردنCognitive Context و دەوروبەری بارودۆخی Situational Context، واتە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانیی لە لێکۆڵینەوەکاندا لەبەرچاونەگیرابوو.

## ٢/١ –١–٣)تیۆری درکپێکردن /مەعریفی Cognitive Theory

لە گرنگترین ئەو تیۆرییانەی ،کە لەم قوتابخانەیەدا ڕێچکەی گرتووە تیۆرییەکەی پیاجەیەPiaget ،بە پێی ئەم تیۆرییە زمانوەرگرتن بریتییە لە گەشەکردنی توانستیی زمانیی ،واتە زمان لەئەنجامی کارلێك و کاریگەری نێوان توانست ،ئامادەیی منداڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، زیاتر پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە وەك لەوەی کارێکی هەڵهێنجان بێت وەك تیۆرییەکەی چۆمسکی ئاماژەی بۆ دەکات. هەرچەندە ناتوانرێت ڕۆڵی لاسایکردنەوە لە زمانوەرگرتنی منداڵدا لەبەرچاو نەگیرێت،بەپێی ئەم تیۆرییە فێربوونی واتای هێما زمانییەکان بە لاسایکردنەوە دەبێت،بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ،کە زمانوەرگرتن لە ڕێگەی لاسایکردنەوەوە و پاداشتەوە دەبێت ،وەك تیۆری لاسایکردنەوە،ڕەفتارییەکان ئاماژەی بۆدەکەن. پیاجە جیاوازی لەنێوان توانستیی زمانیی و توانای زمانییدا دەکات،جیاواز لە تێڕوانینی چۆمسکی ،کە توانست لای پیاجە بۆماوەیی و جێگیرنییە لە مێشکی منداڵدا،بەڵکو وەرگیراوە، ئەم قوتابخانەیە بۆچوونی چۆمسکی بۆ بوونی ڕێزمانیکی گشتیی خۆرسکیی /بۆماوەیی لە مێشکی مرۆڤدا ڕەتدەکاتەوە ، کە پێی وایە مێشکی مرۆڤ ئامادەییەکی زمانی تێدایە بۆ فێربوونی زمان ، بەمەرجی بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبار بۆ ڕووبەڕوکردنەوەی زمان،بە پێی ئەم تیۆرییە زمانوەرگرتن لە ڕێگای درکپێکردن/تێگەیشتنی مەعریفی ڕوودەدات ،کە ئامڕازەکەی تێبینیکردنە،واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی کە لە ژینگەکەی

وەریدەگرێت زمانی دەپژێت ،هەرچەندە بنەما گشتییەکانی درکپێکردن بنەمایەکی بایلۆژی هەیە،بەڵام ئەوە ناگەیەنێت ئەو بنەما گشتییانە بۆماوەیی بن [١].

بەپێی ئەم قوتابخانەی درکپێکردن "شیکردنەوەی زمانی ڕاڤەی چۆنییەتی کارکردنی پێکەوەیی ئاوەزی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ بە زمانەوە، شیدەکاتەوە"[٢]،هەر لەم ڕوانگەیەوە پیاجە چوار فاکتەری سەرەکی لە گەشەکردنی زمانی منداڵدا ئاماژەپێداوە[٣]،کەبریتیین لە:

١.پێگەیشتنی بایلۆژیی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن،بیستن،کۆئەندامی دەماریی.

٢.لێهاتوویی/شارەزاییە کۆنکرێتییەکان، کاتێك منداڵ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە کارلێکەر و کارتێکراو دەبێت بە شتە کۆنکرێتییەکانی دەوروبەری ،لەوانە یاریکردن بە شت ، پاڵنان و پێوانەکردنی ،کە توانای پەیپێبردن و درککردن بە جیاوازی نێوان شتەکانی دەوروبەری زیاددەکات،لەوانە:کێش،قەبارە...هتد.

٣.کارلێکە جوڵەییەکان،

٤.هاوسەنگی ،مەبەست لێی ئەو هاوسەنگییە دەروونییەیە،کە لای منداڵ دروستدەبێت،لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەی ڕوداوێکی نوێ/کێشەیەك. منداڵ لە ماوەی هەستیاریدا ئامادەیی بایەلۆژی بۆ زمانپژاندن هەیە،کە پشت بە پەیپێبردن ،درککردنی بەردەوام دەبەستێت.ئەمەش بەڵگەیەك/ پاڵپشتێك بوو بۆ ئەم تیۆرییە ،چونکە ئەگەر زمان توانستێکی خۆرسکی بێت ،ئەوا دەبوو ئەو منداڵانەی ماوەی هەستیارییان تێپەڕاندووەو ژینگەی کۆمەڵایەتییان بۆ نەگونجاوە دوای ڕەخساندنی ئەو ژینگە کۆمەڵایتییە دەبوو توانای فێربوونی سروشتی زمانیان هەبووایە."بەپێی قوتابخانەی درکپێکردن زمان دامەزراوە/فاکولتیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە،ڕێزمان بریتییە لە سیستمی بەچەمککردن Conceptualization ،کۆزانینی زمانی Knowledge of Language لەبەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت"[٤]

---

[١] بڕوانە: ا.جمعە سیدیوسف (١٩٩٠: ١٢٢–١٢٣) ب.دانا تەحسین(٢٠٠٨: ٥٠)

[٢] کاروان عومەر(٢٠١٢: ٨٥)

[٣] چیمەن نیزامەدین(٢٠١١: ٤٤)

[٤] کاروان عومەر(٢٠١٢: ٨٥)

بۆچوونی پیاجە سەبارەت بە جیاکردنەوەی قۆناغەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە ،لەساتی لەدایکبوونەوە تاکو کۆتای تەمەن،دانانی سنوری تەمەن بۆهەرقۆناغێك لەم قۆناغانە هێندە جێگەی گرنگی پێدان نییە، بەڕادەی گرنگی بە پەیوەندی زنجیرەیی لە نێوان قۆناغەکاندا،چونکە قۆناغی یەکەم ڕێخۆشکەرە بۆ قۆناغی دووەم و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.ئەم زانایە پیاجە گەشەکردنی زمانی بەستەوە بە گەشەکردنی ژیرییەوە،قۆناغەکانی گەشەکردنی زانیاری و درکپێکردنی کردووە بە چوار قۆناغەوە[1]،ئەوانیش بریتین لە:

**١.قۆناغی هەستکردن و جوڵە/بزوتنەوە Sensomotor** /ئەم قۆناغە لە سەرەتای لەدایکبوونەوە تا سەرەتای ساڵی دووەمە ، پیاجە دەربارەی قۆناغی هەستکردن و جوڵە دەڵێت:(( پاڵنەری غەریزی و برسێتی کۆرپەلە ،هەڵچوونەکانی زوو دەستپێدەکات،لە گەڵ دەستکردن بە جوڵەی سەرەتایی و هەستکردنی سەرەتایی)).منداڵ لەم قۆناغەدا هەستکردنی سەرەتای هەیە،ڕەفتار و پەیوەندی لەگەڵ دوروبەریدا زیاتر پاڵنەر و هۆکارە بایلۆژییەکانە ،کەمتر هۆکارو کردارە کۆمەڵایەتییەکان ،بە تایبەتی زمان و بیر کاریگەرییان لەسەری دەبێت،بە بۆچونی ئەم زانایە منداڵ لەم قۆناغەدا بیری سادە و سەرەتایی هەیە توانای پەیوەندی دروستکردنی لە ڕێگەی زمانەوە لەگەڵ دەورو بەردا لاوازە ،لەم قۆناغەدا درك بە بەردەوامی شتەکان دەکات .

**٢.قۆناغی بیری پێش کردار Preoperation**/لە سەرەتای دووەم ساڵی تەمەنیەوە تا سەرەتای ساڵی حەوتەم بەردەوام دەبێت ،لەم قۆناغەدا منداڵ توانای کۆنترۆڵکردنی پرۆسە ئاوەزییەکان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراو نییە ،توانا و ڕادەی تێگەیشتن و چەمکەکان لای منداڵ جیاوازن بە بەراورد بە تێگەیشتن و چەمکەکان لای کەسانی پێگەیشتوو،لێرەدا بە قۆناغی گشتوەگیرییدا دەڕوات ،گەشەی زمانیی بەرەوپێش دەچێت،فەرهەنگیی زمانیی فراوان دەبێت ،هەروەها وێناکردن / چەمککردنی بابەتەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و وشەوەیە،تێڕوانینی بۆ جیهان لە گۆشەنیگای خۆیەوەیە،یەکێك لە دیاردەکانی ئەم قۆناغە لای منداڵ (خودتەوەریی)ە ،کە منداڵ بە خەیاڵ یاریدەکات ، جیهان و هاوڕێی خەیاڵیی بۆ خۆی دروست دەکات و لەگەڵیاندا دەدوێت،وشەکانی زمانی لە بازنەی خودیدا دەسوڕێتەوە .

**٣.قۆناغی هەستکردن و بیرکردنەوەی کردار Concrete Operational**/لە ساڵی حەوتەمەوە تا ساڵی یانزەیەمی تەمەن بەردەوام دەبێت ،کە منداڵ توانای جێبەجێکردنی پرۆسە ئاوەزییەکانی شێوازی

---

[1] بڕوانە: ا.عەبولستار تاهیر شەریف( ١٩٨٢ : ٢٣)

b. http://en.wikipedia.org/wiki/Sensorimotor_stage#Sensorimotor_stage

لۆژیکیی وەردەگرێت ،زمانی لە خودتەوەرییە وە بەرەو زمانی کۆمەڵایەتی هەنگاودەنێت ،توانای فێربوون و جێگیربوونی تایبەتمەندی شتەکان لەلای گەشە دەسەنێت.

٤.**قۆناغی بیری کرداری مجرد/شکلی**Formal Operation/لە تەمەنی یانزە ساڵیەوە بۆ سەرەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ توانای تێگەیشتنی فراوان دەبێت ،ڕوانینینی بۆ کێشە و شتەکانی دەروبەری لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبێت ، توانای چارەسەرکردنی کۆمەڵێك کێشەی دەبێت لە یەك کاتدا.

بەپێی قوتابخانەی پەیپێبردن و درککردن فێربوونی زمان لەلایەن منداڵەوە، سەرەڕای گرنگی بنەمای بایلۆژیی ، بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی خودی منداڵیش هاریکاریدەکات ،دیڤید ماك نیل بۆچوونی سەبارەت بەم هاریکارییە بەم شێوەیە خستووەتە ڕوو[1]:

*دەروازەی زمانەوانی* ⟵ *ستراتیژییەتی بەپرۆسەکردنی زانیاریەکان*[2] ⟵ *یاساکانی زمان(ڕێزمان)*

**هێڵکاری (٣-٣)**

## ١/ ٢ ) قۆناغەکانی زمانپژاندن

منداڵ پێش ئەوەی توانای دەربڕین و فێربوونی یەکەم وشەی هەبێت بەقۆناغێکی درێژدا تێدەپەڕێت لە گەشەکردن و فێربووندا ،تا ئۆرگانەکانی ئاخاوتنی گەشە دەکەن و توانای دەربڕینی وشەیان دەبێت،لەگەڵ زانینی واتا و مەبەستی وشەکان و ڕێکخستنیان لەچێوەی ڕستەدا. ساوای تازە لەدایکبوو بێتوانایە لەهەموو ڕویەکەوە بەتایبەتی توانای ئاخاوتن ، زمانپژاندن غەریزەیەك نییە منداڵ بتوانێت بەتەنها خۆی فێری ببێت.بەبۆچونی زۆربەی زانایان زۆرینەی فێربونەکانی مرۆڤ لەڕێگەی بەدەستهێنان/وەرگرتن و هەوڵدانەوەیە

---

١ محەمەد عودەئەلریماوی،و.ئاری عوسمان خەیات (٢٠١١: ٢٠٥)

٢ بۆ زانیاری لەسەر بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان بڕوانە(١/٢)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لەو ژینگەیەی تیایدا دەژیت ، زمانیش یەکێکە لەو توانا بەدەستهاتووانە .مندالْ بۆئەوەی زمانی بپژێت دەبێت چەند قۆناغێك تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی ئۆرگانەکانی تایبەت بە ئاخاوتنی پێبگەن[1] و گەشەبکەن .

کاتێك باس لەقۆناغەکانی زمانپژاندن دەکرێت ئەو ماوەیە دەگرێتەوە ،کە لەساتی لەدایکبونەوە دەست پێدەکات تاکو قۆناغی چونە قوتابخانە ،ئەم قۆناغانە بەشێوەی زنجیرەییە تەواوکەری یەکترین و سنوری جیاکردنەوەی قۆناغەکان تەنها بۆمەبەستی لێکۆڵینەوەیە ، ئەم قۆناغانە بەشێوەیەکی گشتی لای هەمو منداڵێك بەدیدەکرێت ،بەلاْم ماوە و کاتی خایاندنی تاڕادەیەك لەمنداڵێکەوە بۆمنداڵێکی دییکە دەگۆڕێت.بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم بۆچوونەکان لەسەر ماوەی قۆناغەسەرەتاییەکانی زمانپژاندن بەو واتایە دێت ،کە مندالْ توانای وەرگرتنی سەرجەم بونیادی زمانی هەبێت، ئەم ماوەیە بەماوەی پێشچوونە قوتابخانە دادەنرێت ،واتە ماوەی فێربوونی زمان لەلایەن منداڵەوە لەسەرەتای کاتی لەدایکبوونی ساواوەدەستپێدەکات ، کەتەنها دەگری تا تەمەنی شەش ساڵان ،کە تارادەیەکی باش دەتوانێت وەکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو بدوێت ،نەك هەر توانای ئاخاوتن بەدەست دەهێنێت بەڵکو لەڕووی گەشەکردنەوە تواناکانی بەرادەیەکی باش لەکاردایە .

زمانپژاندن لە یەکەم هاواری منداڵەوە دەستپێدەکات ،تاکو دەگاتە فێربوون و قسەکردن بەبێ کێشە،لەکاتی گفتوگۆ و دەربرین و ئاخاوتندا ،ئامانج لە زمانپژاندن ئەوەیە ،کە مندالْ ببێتە قسەکەرێك لە کۆمەڵگادا ،ئەویش بە بەکارهێنانی زمانە بۆمامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا .

گەشەکردنی مندالْ تەنها بریتیی نییە لە گەشە و گەورەبونی ئۆرگانەکانی جەستە،بەڵکو گەشەی لایەنی ژیریی، هەڵچوون ، کۆمەڵایەتیی و کەسێتیش دەگرێتەوە، بۆیە گەشەکردنی زمان بەشێکە لەگەشەکردنی ئەو گۆران و بەرەوپێشچونانەی، کەبەسەر هەموو بوارەکانی گەشەکردندا دێت، سەرەتا مندالْ توانای دەربڕینی دەنگەکانی ئاخاوتنی نییە(واتە مندالْ توانای تێگەیشتنی زیاترە وەك لەتوانای دەبڕین ،چونکە ئۆرگانەکانی

---

[1] پێگەیشتن ئەو گۆڕانە ناوخۆییانە دەگرێتەوە ،کە لەتاکدا ڕودەدەن و پەیوەستە بەپێکهاتەی فسیۆلۆژی بەتایبەتی مێشك پاشان ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و بیستن .

ئاخاوتنی بەتەواوی گەشەیان نەکردووە، ئەگەر تواناشی هەبێت سەرەتا ئەو دەنگانە دەردەبڕێت کەئاسانن بۆدەربڕین و کەمترین وزەی دەوێت بۆیە، دایکو باوك لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەزمانی منداڵانە[1] دەدوێن .

سەبارەت بە قۆناغەکانی زمانپژاندن چەندین دابەشکردنی بۆکراوە،"زۆرێك لە لێکۆلینەوەکان لەسەرانسەری جیهاندا گرنگیان داوە بەزمان بەپێی قۆناغەکانی گەشەیی ،لەوانە لێکۆلینەوەکانی فیرسFirth،سمس١٩٤١،جۆنز١٩٤٣،چومسکی ١٩٧٣ لە ئەمریکا ،لێکۆڵینەوەی (مۆریس ١٩٦١) ، (کلارك ١٩٧٣ ) لە ئینگلتەرا ، (پیاجەpiage١٩٣٢) ، (توفیە ١٩٧٣) لە سویسرا و زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی تر"[2].

شایەنی باسە جیاکردنەوە،باسکردن و ناونانی قۆناغەکان لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر جیاوازە و چەندین دابەشکردنی بۆکراوە لەوانە فێرس ،کە قۆناغبەندی گەشەی زمانی پەیوەستکردووە بەو ئەزموون و تاقیکردنەوە گرنگانەی، کە ژیانی منداڵی پێدا تێدەپەڕێت[3] لەگرنگترین ئەو ئەزمونانەش ئەمانەن:

١.قۆناغی لانکەییNarsery،لەکاتی لەدایکبوون دەستپێدەکات، تاکو کاتی دانیشتن .

٢ .قۆناغی دانیشتنSitting up لەم قۆناغەدا ئاخاوتن و یاریکردن بەبوکەڵە دەست پێدەکات.

٣. قۆناغی گاگۆڵکێ Crawling،کە جیهانی منداڵ فراوان دەبێت و هەوڵی دۆزینەوەو گەڕان دەدات.

---

[1] .زمانی منداڵانە Baby Talkئەو زمانەیە، کەتاڕادەیەك سادەیە ، کەمتر سینتاکسی تێدایە بەبەراورد بە زمانی مرۆڤی پێگەیشتوو، زیاتر دەربڕینەکان وشەن، ئەم وشانە بۆناونانی شتێك یان ڕوداوێکە و ڕەنگدانەوەی دەنگەکەیەتی ،کە بەئیدیۆمۆرفس IdiomorphS ناودەبرێت ، هەندێکجار داهێنانی منداڵەکە خۆیەتی هەندێکجاری دییکە دایکوباوك منداڵەکانیان فێردەکەن، بۆنمونەدەربڕینەکانی :(میاو، وەوە، دیدە،ئمم/ حەم/نم ،بەعە، عەعە/ئەئە، کخ کخ، ئف/بف ، ئشش/هشش ،خخ /پخخ...) بەرامبەروشەکانی(پشیلە، سەگ، سەیارە، خواردن، مەڕ، میز(پاشەڕۆ)، پیس، برینان/گەرم، خۆششتن ،خەوتن...) بەکاردەهێنێت. ئەم دیاردەیە گشتییە بۆنمونە لەزمانی ئینگلیزیدا دەربڕینەکانی (bow-wow,choo-choo,pee-pee)و لە زمانی یابانیدا دەربڕینەکانی (wan-wan,shee-shee,bu-bu)بەرامبەر وشەکانی (سەگ،سەیارە،میز)بەکاردەهێنرێت ئەم وشانەی بەکاردەهێنرێت شایەنی گۆڕانە بەپێی سەردەم و منداڵەکان،کەهەندێك لەو دەربڕینانە گشتین و هەندێکیان تایبەتن.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ا. Scovil,T. (2009:11&126 )

ب. دنی استانبرگ (١٩٩٣: ٢٨-٣١ ) .

[2] صباح حنا هرمز(١٩٨٩: ٥٦ )

[3] حسام البهنساوی(١٩٩٣: ٣٥)

٤. قۆناغی ڕۆیشتن/پێگرتن(دارەدارەکردن) Walking with helpبەیارمەتی کەسانی دەوروبەر.

٥.قۆناغی پێگرتنWalking with alone و ڕۆشتن لەسنوری ماڵدا.

٦ . قۆناغی ڕۆشتن Walking autsideلەدەرەوەی ماڵ ئەم قۆناغە بەبەراورد بەقۆناغەکانی پێشتر سەربەستیی منداڵی تێدایە.

٧. قۆناغی چوون بۆقوتابخانە.

هەروەها بە بۆچونی لیینبیرگ و لیڤی پەیوەنییەکی راستەوانە لەنێوان گەشەی جوڵەیی و گەشەی زمانیدا هەیە ،کە هەردووکیان بەهێڵێکی ڕێك دەڕۆن ئەمە بە واتای ئەوەنییە پەیوەندییەکی هۆیی هەبێت لە نێوانیاندا ،چونکە توانای زمانوەگرتن سەربەخۆیە لە توانا و گەشەی جوڵەیی .لێرەوە ئەم ڕیزبەندییەی گەشەی زمانی و گەشەی جوڵەیی ،کە هاوتەریبن[1]،بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

١.لەتەمەنی بیست هەفتەیدا دادەنیشێت بەپاڵدانەوە،هەندێکجار لە کاتی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە جوڵییە چەند دەنگێك دەردەبڕێت،کە لە دەنگی ڤاوڵ و کۆنسۆنانت دەچێت.

٢.لە شەش مانگیدا دەست درێژدەکات بۆشت بەدەستی دەیگرێت،گروگاڵکردنەکەی شێوازی یاریکردن وەردەگرێت.

٣.لە هەشت مانگیدا بەپێوەدەوەستێت بەهاوکاری دەوروبەری،چەند برگەیەك دووبارەدەکاتەوە .

٤.لە دەمانگیدا گاگۆڵکێ دەکات ،هەڵدەزنێت بەشتدا بۆئەوەی هەستێتە سەرپێ ،درك بە جیاوازی وشەکانی کەسە پێگەیشتووەکان دەکات.

٥.لە دوانزەمانگیدا بەپێ دەڕوات بەهاوکاری دەوروبەری ،لەواتای هەندێك لە وشەکان تێدەگات و هەندێك وشە دەردەبڕێت،لەوانە:بابا/بابە،مەمە،دادا.

٦.لەهەژدەمانگیدا شت بەدەستی دەگرێت،گاگۆڵکێ دەکات،بە قادرمەدا دەچێتە خوارەوە بەپشتتدا، خاوەنی فەرهەنگێکی زمانییە نزیکەی( سی بۆپەنجا) وشەیە.

---

[1] . ا.محمد عبدالظاهر،رشدی عبده،محمود عبدالحليم ( :٢٢،٥٥) ب.صباح حناهرمز(١٩٨٩: ٣٢)

٧.له بیست و چوار مانگیدا دەڕوات ،بەشتدا هەڵدەگەڕێت، فەرهەنگی زمانی گەشەدەکات و دەگاتە نزیکەی( پەنجاوشە و رستەی دوو وشەیی)دەدەبڕێت.

٨.لەسی مانگیدا دەتواتێت لەسەر یەك قاچ بۆماوەی دووچرکە بڕوات، وشەی زیاتر فێردەبێت و رستەی سێ بۆ پێنج وشەیی دەردەبڕێت .

٩.لەسێ ساڵیدا دەتوانێت لەسەر پەنجەکانی بڕوات،ماوەیەك ببڕێت،پاسکیلی سێ تایەیی لێبخوڕێت ،هەروەها دەتوانێت بەڕوونی ژمارەیەکی زۆر وشە دەربڕێت.

١٠.له پێنج ساڵی بۆ سەرەوە پەتپەتێندەکات بە یەك قاچ و دوو قاچ، زمانی تاڕادەیەك کامڵبووە.

هەروەها جسپرسن قۆناغەکانی زمانپژاندنی بەم جۆرە دابەشکردووە[١]( قۆناغی گریان و قیژە ،قۆناغی گروگاڵکردن،قۆناغی قسەکردن ).

قۆناغەکانی زمانپژاندن بە شێوەیەکی گشتی کراوە بە دوو قۆناغەوە،ئەویش لەسەر بنەمای واتای ئەو دەنگانەی منداڵ دەریدەبڕێت،کە بریتیین لە (قۆناغی پێش زمانیی،قۆناغی زمانیی).

## ٢/١ –٢–١)قۆناغی پێش زمانیی The Pre-linguistic stage

ئەم قۆناغە لەساتی لەدایکبوونی ساواوە دەستپێدەکات، تاکو نزیکەی یەك ساڵی تەمەنی بەردەوام دەبێت،منداڵ لەتەمەنی(یەك بۆ دوو)مانگی ئەو دەنگەی،کە دەریدەبڕپت تەنها گریانەCrying،لە تەمەنی(سێ)مانگیدا جۆری گریانەکەی شێوازی قیژە/هاوارCooing وەردەگرێت،ئەم دەنگە دەنگێکی نەرمە و جۆرێك لە هەستی خۆشی تێدایە. پاشان لە دەوروبەری شەش مانگیدا جۆری دەربڕینی دەنگەکەی جۆرە خودکاریی و ڕێکییەکی تێدایە،کە بە گروگاڵکردن ناودەبرێت ،ئەو دەنگانەی منداڵ لەو قۆناغەدا دەریدەبڕێت وەکو ڕاهێنانێك وایە بۆ ئۆرگانەکانی ئاخاوتن،هەندێك سەرچاوە ئەم قۆناغە بەڕاهێنانی زمانییReadiness Language ناودەبەن[٢] .ئەم قۆناغەش چەند وەچە قۆناغێکی تر دەگرێتەوە،کەبریتیین لە:

---

١ .حاتم صالح الضامن (١٩٨٩: ١٠٦)

٢.a. گرور هادسن (١٩٩٣: ١٤١) b. Matthews,A.(1996:17)

## ١/٢– ٢–١–١)قۆناغی گریان و قیژە/ هاوار/ئغەکردنCrying &Cooing

گریان یەکەم دەنگی منداڵە دوای لەدایکبوون،کە بۆ هەناسەدان و وەرگرتنی بڕێك ئۆکسجینە لەخوێنەوە،ئاشکرایە،منداڵ کاتێك لەدایکدەبێت دەگری، دەقیژێنێت/هاواردەکات،ئەم هاوارکردنەش پڕە لەو دەنگەزمانییانەی،کە لەجیهاندا هەن بەڵام بەشێوەیەکی ناکامڵی . "ئەم گریانە نارەزایدەربڕین نییە بەرامبەر ئەو کۆتوبەندەی جوڵەی منداڵ سنورداردەکات، ئازادییەکانی پەکدەخات وەك فەیلەسوف کانت دەڵێت ، گوزارشتکردن نییە لەهەست بەکەمی وەك فرۆید ئاماژەی پێدەکات،بەڵکو لەڕوی فسیۆلۆژییەوە بریتییە لە لاوازی توێژاڵی مۆخ ،کە ڕێگا بە ئاخاوتن نادات، واتە پێنەگەیشتنی ناوەندە مۆخییە زمانەوانییەکان، پێنەگەیشتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن"[١].سەرەتای گریانی منداڵ تەنها جێبەجێکردنی ئەرکە فسیۆلۆژییەکانە، کەمتر وەك ئاماژەی زمانیی بەکاردێت هەر لەبەر ئەمەیە ،کە زۆرێك لە زمانەوانەکان لە باسکردنی قۆناغەکانی زمانپژاندندا گریان و قیژە بە قۆناغی پێش زمانیی ئەژماردەکەن،واتە گریان لە سەرەتادا پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیکییە و خۆویست/خودکاریی نییە، واتە لەژێر ویستی منداڵدانییە ،بەڵام دواتر دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی خودکاری،منداڵ لە کات و شوێنی پێویستدا ،لەژێر کاریگەری داواکارییەکانی وەك ئامرازێکی گەیاندن لە نێوان ئەو و کەسانی چواردەوریدا بە شێوەیەکی زۆرچالاك بەکاریدەهێنێت. ئەمەش هەستی پێدەکرێت لە ڕیگەی جۆر و ئاوازی گریانەکەوە بە تایبەتی دایك ،بە بۆچونی جیزل دایك یەکەم کەسە لە ڕێگەی گریانی منداڵەکە[٢]یەوە تێدەگات ،کە ئایا منداڵەکە برسییەتی یان خەوی دێت یاخود شتێك بێزاریکردووە .بۆنمونە منداڵ ئەگەر برسی بێت ئەوا گریانەکەی دەنگی بەرزو درێژە، بۆ ئاماژەکانی تریش گریانەکەی دەگۆڕێت لە ڕووی بەرزو نزمی دەنگ و درێژ و کورتی هەنسکەکانییەوە ،بۆچونێکی تر هەیە کە پێی وایە لەڕووی زانستییەوە پشتگیری ئەو بۆچوونە ناکات ،کە دایك بتوانێت لەڕێگەی گریانی منداڵەوە لە داواکارییەکانی منداڵەکەی تێبگات[٣].

---

[١] نوری جەعفەر( ١٩٧١ : ٣٠)

[٢] زانایانی دەروونناس گریانەکانی منداڵ دەکەن بە سێ جۆرەوە :(گریانی برسێتییHunger cries ،گریانی تورەیی Angry cry ،گریانی ئازارPained cry ) ،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( A.Matthews,A.(1996:18 b.Aitchison,J.(2007: 80)

[٣] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە :چنی هانت و الیسون سلاتر(٢٠٠٧: ١٨)

گریانی منداڵ تەنها بۆئەرکی کۆمەڵایەتی بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی فێربوونی ئاخاوتن ،ڕاهاتن بەو دەنگە بیستراوانەی لە کەسانی دەورو بەریەوە دەیبیستێت ، هەروەها گریان یارمەتی منداڵ دەدات بۆ چۆنییەتی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان و فێربونی دەربڕینی وشەکانی، ڕۆڵی سەرەکیشی هەیە لە بەهێزکردن و ڕێکخستنی هەناسە و سییەکانی ساواکەدا، بۆیە پێویستە ساوا دوای لەدایکبوونە بگری. سەبارەت بە ماوەی قۆناغی قیژە/ هاوارکردن بۆچوونی جیاواز هەیە لەوانە: "ستاینStein پێوایە بۆماوەی دوومانگ بەردەوام دەبێت ،بەبۆچوونی بوهلەرBuhler بۆماوەی چوارمانگ درێژە دەکێشێت"[1]، ماوەی ئەم قیژە/هاوارکردنە هەرچەندێك بێت ،ئەوا بێگومان کارێکە خۆی دەبینێتەوە لە مەشقپێکردنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنی منداڵدا و بۆ ئامادەکردنی لە جێبەجێکردنی دەنگە زمانییەکاندا ، هەروەها بۆ گەشەی زمانیی پێویستە بوار بۆئەو جۆرە قیژەیە بڕەخسێنرێت ،ئەگەر بە شێوەیەکی ورد لەم حاڵەتە بکۆڵینەوە دەردەکەوێت ،کە گریان وەك قۆناغێکی سەرەتای زمانپژاندن مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت ،چونکە ئەم کردەیە زیاتر دیاردەیەکی گشتییە[2] .

منداڵ لەدوای دوومانگی تەمەنییەوە گریانەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت ، مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەك ڕابردوو دەریببڕێت ،بەڵکو بەهەندێك شێوازی ناڕاستەوخۆ داواکارییەکانی بە کەسانی دەوروبەری دەگەیەنێت ،وەك ئاماژەکردن بۆ شتەکان لە ڕێگەی ئەندامەکانی جەستەیەوە. منداڵی ساوا هەرچەندە توانای ئاخاوتنی نییە ،بەڵام دەتوانێت دەنگو قیژە دەربڕێت واتە چەندین دەنگ بەرهەمبهێنێت و بگریت ، ئەو دەنگانە دەنگی ئاخاوتن نین واتە کۆمەڵێك دەنگن، کە ساوا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەریدەبڕێت، ئەم دەنگانە ڕاهێنانن ،یارمەتی کۆنترۆڵکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن دەدەن بە هەماهەنگی هەناسەدان بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ. شایەنی باسە هەموو ساوایەك گریان و قیژەی هەیە تەنانەت منداڵانی نابیست/کەڕ ، وا دیارە ئەم قۆناغە ڕۆڵێکی گرنگی نییە لە وەرگرتنی دەنگەکانی ئاخاوتندا و گرنگ نییە دەوروبەری منداڵ بە چ زمانێك دەدوێن ،چونکە تەواوی منداڵان لە ماوەی ئەم قۆناغەدا دەنگەکانیان وەکیەك وایە[3].

---

[1] محەمەد عودەئەلریماوی،و.ئاری عوسمان خەیات(٢٠١١: ١٩٤ )

٢. ا.Scovle,T.(2009:8) ب.کەریم شەریف قەرەچەتانی (١٩٩٧: ٦٢) پ.حاتم صالح الضامن(١٩٨٩: ١)

[3] ا.Scovlem,T.(2009:9 ) ب.دنی استانبرگ(١٩٩٣: ٦) پ.جولیا اس فالك (٢٠٠٨: ٣٧٢ )

## ٢/١- ٢-١-٢)قۆناغی گروگاڵکردنBabbling stage

بەبێ ڕەچاوکردنی زمان و کلتور هەموو منداڵێك پێویستە چەند قۆناغێك ببڕێت تاکو زمانی بپژێت ، یەکێك لەو قۆناغانەش گروگاڵکردنە،"گروگاڵکردن بریتییە لە بەرهەمهێنای زنجیرەیەکی پێکهاتوو لە ڤاوڵ و کۆنسۆنانت لەلایەن منداڵی ساواوە لە تەمەنی شەش مانگیدا دەستپێدەکات ، ئەمە یەکەم قۆناغەکە ،کە منداڵ دەنگەکانی زمانی دایکی فێردەبێت و دووبارەی دەکاتەوە"[١] لێکۆڵینەوە کۆنەکان بەتایبەت ئەوانەی لەسەدەی نۆزدەدا ئەنجامدراون هەردوو قۆناغەکانی قیژە و گروگاڵیان بەیەك قۆناغ ناوبردووە[٢]، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەم دوو قۆناغەیان لەیەکتر جیاکردووەتەوە، بەجیا باسی هەریەکەیان دەکرێت، ئەوەی قۆناغی گروگاڵکردن لە گریان و قیژە جیادەکاتەوە ئەوەیە،کە ئەودەنگانەی لەقۆناغی گروگاڵدا دەریدەبڕێت ، جۆرە ئاواز و ڕێکوپێکیەکی پێوە دیارە، کە دەنگەکان لەشێوازی برگەی دووبارەبووەوە دەردەبڕێت ،ئاوازێکی خۆش لەخۆدەگرێت ، تاموچێژ و خۆشییەك بە منداڵ و کەسانی دەورووبەری دەبەخشێت . لەکاتێکدا زۆرجار هاوارکردن و گریان ئاماژەیە بۆ هەڵچونێکی ناوەکی ،بەڵام گروگاڵ نیشانە و هۆکاری ڕەزامەندییە لای منداڵ، لەم قۆناغەدا فێرکردنی منداڵ خۆویستە، کاتێك لەلایەن دایکو باوکەوە فێری چەند بڕگەیەکی دەنگی دەبێت وەکو (a,u,ba,ma). منداڵان کاتێك تەمەنیان دەگاتە نزیکی شەش مانگ[٣] گروگاڵدەکەن،ئەم کردەیەش ئاماژەیە بۆ ویست و ئارەزووەکانی منداڵ لەو تەمەنەدا و دەربڕینی زنجیرەیەکی پێکهاتوو لە ڤاوڵ و کۆنسۆنانت،"چونکە ئەو بەشەی مێشك،کە ناوی (Design Mind)ە لەلای ڕاستی

---

[1] Scovle,T.(2009:124)
[2]Aitchison,J.(2007:81 )

[٣] سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی قۆناغی گروگاڵکردن بۆچوونەکان جیاواز ،لای هەندێکیان زۆر زوو دەستپێدەکات،لەوانە:(پونتی) دوومانگ و نیوی بۆ داناوە ، (پیرۆن )مانگی دووەم ، (لویس) مانگی یەکەم ،بەڵام (جیزل) بۆچونی وایە لەناوەڕاستی مانگی دووەمەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا پێنج مانگ ،لای هەندێك زانایانیش دواتر دەکەوێت لەوانە:(ئەنشتاین) مانگی پێنجەمی بەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم قۆناغە دیاریکردووە، بەبۆچونی (هارلوك) منداڵ لە تەمەنی سێ بۆ چوار مانگان زاڵدەبێت بەسەر دەنگەژێکان و لە تەمەنی شەش مانگیدا دەستدەکات بە گروگاڵکردن بەشێوەیەکی ئاشکرا ، لە هەشت مانگیدا دەگاتە لوتکە ، ئەم دیاردەیە بەرەو نەمان دەچێت لە دەوروبەری یانزە مانگی لەگەڵ ئاخاوتندا یەکدەگرنەوەو تێکەڵاوی یەکتری دەبن،لای (مەکارسی) و (ئەنشتاین) ماوەی گروگاڵکردن لەکۆتایی ساڵی یەکەم کۆتاییپێدێت .هەروەها بۆچونێکی تر سەبارەت بە دەستپێکردنی قۆناغی گروگاڵکردن چوار بۆ پێنج مانگی و پێنج بۆ شەش مانگی تەمەنی منداڵ دیاریدەکات ، تاکو نزیکی یەك ساڵی تەمەنی منداڵ بەردەوام دەبێت .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا.عەبدولستار تاهیرشەریف(١٩٨٦: ١٠٣) ب.جولیا اس فالك(٢٠٠٨: ٣٧٣) پ.ادریان اکامجیان(٢٠٠٣: ٤٧٠).

مێشك گەشەدەكات،كە تایبەتە بە دەربڕینی جووتەبڕگەی لەیەكچوو لە ڕووی مۆسیقا ، ئاوازە، كێش و سەروا"[1] ،لەم قۆناغەدا منداڵ یاری بە دەنگەكان دەكات ، چەند گۆڕانێك لە دەربڕینەكانیدا ڕوودەدات،تاكو دەگاتە دەربڕینی یەكەمین وشە.سەبارەت بەگروگاڵكردن دەتوانرێت دابەشبكرێت بۆ دوو جۆر:

١.قۆناغی گروگاڵكردنی سەرەتایی/هەڕەمەكی (marginal babbling)،كە منداڵ دەنگە كۆنسۆنانتەكان بەشێوەیەكی تێكەڵ و پێكەڵی دەردەبڕێت،چەندین دەنگی جیاواز بەرهەمدەهێنێنێت،وا دەردەكەوێت گروگاڵكردن كردەیەكی خودی و سروشتی بێت هەموو منداڵان تەنانەت منداڵانی نابیستیش گروگاڵدەكەن ،جۆری ئاخاوتنی دەوروبەری منداڵ لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا كاریگەری نییە بۆسەر ئەو دەنگانەی منداڵ لەگروگاڵەكەدا دەریدەبڕێت، ئاشكرا نییە ئایا ئەم قۆناغە هیچ ڕۆڵێكی هەیە لەزمانپژاندندا یان نا،هەروەها جیاوازی تەواو ئاشكرا لەنێوان قۆناغی گروگاڵكردن و ئاخاوتندا هەیە، لەڕوی دەربڕینی جۆری دەنگەكان ، منداڵ دەتوانێت دەنگی زۆر دەربېڕێت،كە لە پرۆسەی ئاخاوتنی پێگەیشتوودا بەكاریناهینێنێت، كلارك دەڵێت :"كاتێك منداڵ فێری دەربڕینی یەكەمین وشە دەبێت، وادیارە ناتوانێت بەشێك لەو دەنگانە دەربېڕێت،كە لە گروگاڵكردندا دەریبڕوە"واتە ئەگەر گروگاڵكردنی منداڵ پەیوەندی بە بەزمانپژاندنەوە بوایە دەبوو ئەم دوو قۆناغە درێژەپێدەری یەكتری بوونایە لەڕوی دەربڕینی جۆری دەنگەوە[2] ، توانای دەربڕینی دەنگ لەلایەن منداڵەوە پەیوەندی هەیە بە پێگەیشتن و ڕاهێنانی ئۆرگانەكانی ئاخاوتن،لەبەرئەوەی یەكەمین ئۆرگانێك،كە ڕاهێنانی پێكردووە بەهۆی كردەی مژین(شیرخواردن) هەردوولێوەكانن(لچولێو)،پاشان دەنگە ددانی ، لوتیەكان و دواتر دەنگەكانی دییكە ،ئەمەش بە تیۆری بادانی زمانیی (The tongue –twister theory)لێكدەدرێتەوە،بۆنمونە هەندێك دەنگ ئاسانە،بۆدەربڕینی كەمترین ماسوولكەی دەوێت،بەڵام دەنگێكی وەكو (ر،ڕ) گرانە لای منداڵ ،بۆ بەرهەمهێنانی ماسولكەی زۆری دەوێت ،بۆیە ناتوانێت دەریببڕێت، دەیگۆڕێت بە دەنگێكی وەكو (ل)[3].

٢.دووەمین قۆناغی گروگاڵكردن بریتییە لەگروگاڵكردنی ئەزمونیی(Cannonical Babbling)،لەتەمەنی هەشت مانگی منداڵەوە دەستپێدەكات، منداڵ لە نیوە زانینێكی دەنگەكانی

---

[1] بڕوانە: ا.عەبدولستار تاهیرشەریف( ١٩٨٢: ١١٧) ب.چنور محەمەد(١٩٩٩: ٢٨)

[2] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ا.(Scovle,T.(2009:10 ب. جولیا اس فالك(٢٠٠٨:٣٧٣) پ.صباح حناهرمز(١٩٨٩: ٦٦)

[3] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە و ئەو سەرچاوانەی سودی لێوەرگیراوە.

زمانەکە نزیکدەبێتەوە(Sagmental phonemes)،زنجیرەیەك لە ڤاولّ و کۆنسۆنانت پێکەوە لە شێوەی یەك بڕگەیی، پاشان لە زنجیرەیەك بڕگەی یەك لەدوای یەکی دووبارەبووەوەدا دەردەبڕێت ، بەشێوەیەکی سەرەتای لاسایی وشەکانی دایکی دەکاتەوە،یاری بەدەنگەکان دەکات. ئەمەش نیشانەیەکە بۆ دەسەلأتشکاندنەوەی مندالّ بەسەر ئۆرگانەکانی ئاخاوتنیدا ، سەرەتا ڤاولّەکراوەکان لەوانە (a,u) دەردەبڕێت و لە کۆنسۆنانتەکاندا دەنگەگڕەکان ولەوانیش لچولێوییەکان،دانییەکان و لوتیەکان(b,d,m,n,t ) ،دەربڕینی ئەم دەنگانە بەپێی پێڕەوی بڕگەی (CV) دەردەبڕێ سەرەتا بە سستمی یەکبڕگەیی (da,ba,ma,na,ta)، پاشان دووبارەکردنەوەی بڕگەکان (bababa,dadada,mamama,nanana tatata)، شایەنی باسە گروگالّکردن دیاردە و زمانێکی جیهانییە[1]،جۆرە دەربڕینی چەند دەنگێکە،کە هەموو مندالأنی جیهان وەکیەکن و جیاوازی نییە لەنێوانیاندا لەقۆناغی گروگالّکردن،تا ئەگەنە کۆتایی سالّی یەکەم لەتەمەنیان،هەر لەم بوارەدا هەندێك لە لێکۆلّەرەوان[2]دەربڕینەکانی مندالّانیان کۆکردووەتەوە لەچەند زمانێکی جیاوازدا،بەپێی ئەو بەراوردکارییەی لە زمانەجیاوازەکاندا کراوە دەرکەوتووە،کە چەند دەربڕین و وشەیەکی سەرەکی هەن ،کە بنچینەیی و ناسراون لە زمانی مندالأنی هەموو جیهاندا،کە بریتیین لە:(baba,dada,mama,nana,tata) (بەبۆچونی لویس"ئەگونجێت ئەم وشە و دەربڕینانە بگۆڕێن لەکۆمەلّێکەوە بۆ کۆمەلّێکی تر بۆنمونە(baba)بە(bba)بەپێی قەلّەو و سوك دەرچواندنی دەنگەکان ، هەر ئەم زانایە پێی وایە دەنگەلوتییەکان(کۆنسۆنانتەکان)وەکو (mama,nana)پەیوەندییان هەیە بە پێداویستیەکانی مندالّەوە وەکو خواردن و خواردنەوەو دایك،هەرچی دەنگەکانی (d,b,t)و ودەربڕینەکانی (dada,baba,tata) پەیوەندییان هەیە بە حەوانەوەو یارییەکانی مندالّەوە و گوزارشت لە جیهانی دەرەکی مندالّ دەکەن" [3] .

---

[1].بروانە :عەبولستار تاهرشەریف(١٩٨٩: ١٠١)

[2] .ئەو لێکۆلّەرەوانە:کاساگراند١٩٤٨ هەستا بە کۆکردنەوەی دەربڕینەکانی مندالأنی هندییەسورەکان لە ئەمریکای باکور ، لحود١٩٥٣ دەربڕینەکانی زمانی عەرەبی شێوەزاری لوبنانی کۆکردەوە، لویس ١٩٦٤ یش بەراوردی دەربڕینەکانی چەند زمانێکی کردو لە ئەنجامی ئەو بەراوردکارییە گەیشتنە ئەو ئەنجامە.

[3] بروانە: ا.موفق الحمدانی(١٩٨٢: ١٣٨) ب.حسام البهنساوی(١٩٩٣: ٤٥)

کاتێك منداڵ ئەم دەنگانە لەسنوری برگەدا دەردەبڕێت ،لەئەنجامی دووبارەکردنەوەی بڕگەکان شێوەیەکی نزیك لە وشە دروستدەبێت،وا دادەنرێت منداڵ فێری زمان بوبێت و زمانیان پڕابێت، لە ڕاستیدا ئەو بڕگە دەربڕاوانە وشەی زمان نین،منداڵ هیچ واتایەکیان نازانێت، بە پشتگیریکردن و هاندانی منداڵ بۆ دەربڕینی ئەو بڕگە دووبارەبوانە واتای پێدەدەن "دەبنە بنەمایەك بۆ قسەکردن"[1] بۆنمونە:(baba)واتایە بۆ(بابە)و (mama)واتایە بۆ(مەمە) /شیر/دایك...لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا منداڵ دەنگەکان دەناسێتەوە، کاریگەری دەنگەکانی ئاخاوتنی دەوروبەری لەسەرە لێرەشەوە دەنگە نامۆکان لە ڕێگەی مامەڵەی دایکەوە دەسڕێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی پاڵپشتیکردن لەلایەن دایکوباوکەوە ،بوونی پاڵپشتیکردن بۆدەربڕینی ئەودەنگ و بڕگانەی هاوتا دەبنەوە لەگەڵ زمانی دایکیدا، بۆیە هەوڵدەدات لاسایی دەربڕینەکانی دایك و دەوروبەری بکاتەوە ،بۆیە لێرەوە تایبەتمەندی زمانەکان دەردەکەوێت،لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا گروگاڵکردنی منداڵێکی کورد جیاوازە لە گروگاڵکردنی منداڵێکی ئینگلیزی و فارسی و چینی[2]...هتد.منداڵ پێش ئەوەی توانای بەرهەمهێنان و دەربڕینی ئاخاوتنی هەبێت توانای هۆشیاربوونەوەی هەیە بەشێوەیەکی جیاکار بۆ شێوەی دیاریکراوی دەنگە زمانییەکان، بە بۆچوونی مینیاكMenyuk وریابونەوەی منداڵ بۆ دەنگەکانی ئاخاوتن جیاوازە وەك لە وریابونەوەی بۆ دەنگەکانی دییکەی دەوروبەری.لەمە گرنگتر لە ساڵی یەکەمی زمانپڕاندندا ئەویش توانای منداڵە بۆ جیاکردنەوەی ورد لەنێوان دەنگەکانی زمان لەسەرەتای مانگی یەکەمیی تەمەنیدا.بۆنمونە جیاوازی نێوان دەنگی (ب)و (پ)کە جیاوازییەکی کەم و ورد لە نێوانیاندا هەیە.

| /ب/ | | /پ / | |
| --- | --- | --- | --- |
| | +لچولێوی | | +لچولێوی |
| | +وەستاو | | +وەستاو |
| | +گڕ | | _گڕ |

منداڵان لەتەمەنی نۆمانگیدا گوێدەگرن لە شیعر، گۆرانی و چیرۆك لەکاتێکدا هیچ تێناگەن لەوەی کە گوێیان لێی دەبێت،بەڵام دیارە ئەوەی سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت بۆلای خۆی ئاوازی دەنگەکەیە نەك

[1] دانا تەحسین (٢٠٠٨: ٥٨)

[2] بروانە:جولیا اس فالك(٢٠٠٨: ٣٧٣)

واتاکەی،ئەمەش بەئاشکرا دەردەکەوێت لەگۆرانییەکانی منداڵە گەورەکان کە کۆمەڵێك وشە دەردەبڕن واتایان نییە (نا–وشە(non-word)) ئەمەش بەردەوام دەبێت، کاتێك منداڵ دەستدەکات بە دەربڕینی وشە،منداڵان وا لە زمان تێدەگەن،کە بۆیاریکردن و گاڵتەکردنە و کۆمەڵێك وشە دەردەبڕن کەلە زمانی گەورەکاندا واتایان نییە[1]،منداڵ پێش ئەوەی توانای دەربڕینی یەکەم وشە و زمانی دایکی ببێت توانای دەربڕینی هەموو ئەو دەنگانەی هەیە کەلەزمانەکانی جیهاندا هەن و گروگاڵکردن پەیوەندی راستەوخۆی نییە بە فێربونی زمانێکی دیاریکراوەوە.

## ٢/١– ٢–٢).قۆناغی زمانییThe linguistic stage

پاش گروگاڵکردن و گریان قۆناغێی نوێ لە تەمەنی منداڵ دەستپێدەکات،ئەویش قۆناغی زمانیی/قسەکردن و ئاخاوتنە ،تیایدا منداڵ توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئەو زمانەی دەبێت ،کە لەدەوروبەرییەوە وەریدەگرێت ،ئەم قۆناغەش دابەشدەبێت بۆ دوو قۆناغی دییکە [2]ئەوانیش بریتیین لە:

### ٢/١– ٢–٢–١)قۆناغی لاسایکردنەوەو دووبارەکردنەوە

منداڵ لە نۆیەم مانگی تەمەنییەوە تێدەگات لەهەندێك وشە لەم قۆناغەدا هەوڵی دووبارکردنەوە، لاسایکردنەوەی دەربڕینەکانی دەوروبەری دەدات، بەقۆناغی ئامادەباشیی و ڕاهێنانی منداڵ دادەنرێت بۆ دەربڕینی وشە و ڕستە ، سەرەتا هەندێك دەربڕاو بەرهەمدەهێنێت، کە بڕگەی دەنگی دووبارەکراوەیە ،وەك(tata،baba,dada,mama ) ،پێش ئەوەی بگاتە کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنی توانای وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی دایکوباوك دەوروبەری هەیە،چونکە لە ئاخاوتنەکانی دەوروبەی تێدەگات و فێری ئەو وشانە دەبێت ،کە پەیوەندییان بە خۆیەوە هەیە وەك(ناوی خۆی ،دایکوباوك ،ئەندامانی خێزانەکەی،یان ناوی ئەو خواردەمەنییانەی کە پەیوەندییان پێوەی هەیە(شیر،ئاو ،مەمە...)،کەواتە منداڵ

---

[1] بۆنمونە ئیماس١٩٧١ تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا بۆتوانای جیاکردنەوەی دەنگەکان لەلایەن منداڵەوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٢/٢ –٢) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2] حاتم صالح(١٩٨٩: ١١٠)

له بواری تێگەیشتنی وشەکانی دەوروبەری فەرهەنگێکی ئاوەزی له مێشکیدا تۆماردەبێت،بەلاّم توانای ئاخاوتن و دەربڕینی لا دروستنەبووە، بۆیە وەلاّمدانەوەکانی بە گوتن/دەستەواژە نییە،بەلکو لە ڕێگەی ئاماژەکانی ئەندامەکانی جەستەی ئەمەش بەلگەی ئەوەیە ،کە پرۆسەی تێگەیشتن لای منالّ پێش پرۆسەی بەرهەمهێنانە،ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە، کە دەربڕاوەکانی منداڵ ناوشەیی زۆرە و کەسانی پێگەیشتوو لێی تێناگەن ،جگە لە ئەندامانی خێزانەکەی،کەسانی نزیك لێیەوە تێدەگەن لێی. لەم قۆناغەدا کاریگەری خێزان و دایك بەتایبەتی لە ئاراستەکردن، ڕاهێنان ، فێرکردنی منداڵدا دەردەکەوێت،بۆ نموونە بۆ هەندێك لەدەربڕینەکانی منداڵ بەکارهێنانی (تیشو،شییت، کەبەك، لاشتومەوە )بەرامبەر وشەکانی (کلینس،شیر،...).

## ٢/١- ٢-٢-٢)قۆناغی فێربوونی وشە و دەربڕاو ڕستە

ئەم قۆناغە بە چەند قۆناغێکی دییکەی یەك لەدوای یەکدا تێدەپەڕێت ،کە ئەمانە دەگرێتەوە:

### ٢/١- ٢-٢-٢ -١)قۆناغی دەربڕینی یەك وشەیی single word/Holophrastic stage

ئەم قۆناغە لە دەوروبەری( ١٠-١٢)مانگییدا دەستپێدەکات ،منداڵ هەولّدەدات پەیوەندی لەگەلّ دەوروبەریدا دروستبکات،جیهانی دەوروبەری بناسێت،لە ڕێگەی زەردەخەنەکردن، گروگالّکردنەوە پەیوەندییان لەگەلّ دروستدەکات ، داواکارییەکانی خۆیی دەسەپێنێنێت لە ڕێگەی قیژە ، گریانەوە زمانی ئاماژە،هێماکردن بە دەست بۆ داواکاریی(مەبەستی منداڵ)،پەیکالّ لەگەلّ دەربڕینی چەند دەنگێکی تێکەلّدا و ڕاکێشانی چمکی جلی دایك/کەسانی دەوروبەری .کاتێك شتێك دەدۆزێتەوە ،یان جولّە بە یارییەکی دەکات دەنگێك دەردەکات ،واتە منداڵ پێش ئەوەی توانای دەربڕینی یەکەمین وشەی هەبێت هەولّدەدات ئەوەی لە ئاوەزیدایە بیگەیەنێت بەبەرامبەرەکەی،ئەویش لە ڕێگەی ئەو دەنگەی دەریدەبڕێت و جۆری ئاوازەکەی بۆ گوزارشتکردن لە ئارەزوو ، خۆشی و بێزارییەکانی [١] ، ئەو وشانەی منداڵ سەرەتا فێریان دەبێت ئاماژە نییە بۆ شتێك یان ڕوداوێکی دیاریکراو بەلّکو ئاماژەیە بۆ کۆمەلّێك شت ،بۆیە بە هەموو پیاوێك دەلّێت (بابە) و بە هەموو کچێکی گەورە دەلّێت (دادە)،بە هەموو منداڵێك (بەبە)،بە هەموو خواردنێك دەلّێت(ئم م )ئەمەش لەسەر کۆمەلّێك

---

[١] .موفق الحمدانی(١٩٨٢: ١٤٧)

بنەمای گشتییە  و پەیوەستە بە سینتاکس و واتا لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانپژاندندا[1]،ئەمەش قۆناغی گشتوەگیرییە .

منداڵ سەرەتا توانای دەربڕینی ڕستەی نییە ،ئەو ڕستە ناوەڕۆکە بە یەك وشە دەردەبڕێت ،ئەو وشە زیاتر ناوە، ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی، کە منداڵەکە داوای دەکات یان سەرنجی ڕاکێشاوە  و ئامانجی منداڵەکەیە ،بە سەرتۆپ ناودەبرێت ،بەم قۆناغە دەوترێت قۆناغی >>وشەی ڕستەیی Holophrastic <<،واتە دەبڕینی ڕستەیەکی تەواو بە یەك وشە ،لەم قۆناغەدا منداڵ تەنها یەك وشە بەکاردەهێنێت ،دەربڕینی ئەم تاکە وشەیە سەرەتایەکی باش و بەڵگەیەکە بۆ گەشەی ئاوەزی منداڵ،ئەم قۆناغە گرنگە بۆ منداڵەکە، ئامانج و مەبەستی دەبڕینەکەیەتی،ئەم تاکە وشەیە دەتوانرێت بە>>سەرتۆپ[2] Topic << ناوببرێت، کە لە ئاخاوتنی گەورەکاندا بەهۆی چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆزەوە بەرهەمدەهێنرێت.منداڵ کاتێك وشەیەك دەردەبڕێت مانای وایە تێگەیشتووە،پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی فێربووە ،بۆیە دەتوانێت دەریببڕێت،چونکە زمان لەسەر بنەمای واتا دروستبووە،بەهۆی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی قسەپێکەرانی زمانەکە دروستبووە،ئەمەش لە زمانەوانیدا >>بەهێمادانان[3] << ناودەبرێت .بۆ نمونە قسەکەرانی زمانی کوردی بە تۆپ بڵێن(تۆپ)،زمانی ئینگلیزی( ball )،بە عەرەبی(کرة)...هتد.ئەم واتایەش(پەیوەندی نێوان هێما و هێما بۆدانراو) منداڵ دەبێت فێری ببێت،هیچ زمانێك  بەبێ ڕێکەوتن دروستنابێت،بۆیە پێویستە سەرەتا فێری تێگەیشتن لە واتای ئەو وشانە ببێت و بزانێت بۆچی بەکاردێن،تاوەکو بتوانێت دووبارەیان بکاتەوە .Bates لە باسکردنی ئەم قۆناغی تاکە وشەیەدا دەڵێت: "ئەو قۆناغەیە منداڵ تیایدا ساکارانە لەو کەرەستەیە دەدوێت ،کە سەرنجی ڕادەکێشێت ،یان جێگەی گرنگی پێدانییەتی"[4].

---

[1] .نایف خرما(١٩٧٨: ١٣٦)

[2] .زاراوەی سەرتۆپ،ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە ،کە مەبەستی ڕستەکەیە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:ا.کاروان عومەر(٢٠٠٨) ب.cook(1997)

[3] .هێمادانان ئەو پرۆسەیەیە ،کە قسەپێکەرانی زمانێك بە پێی ویست و بیرو باوەڕی خۆیان ڕێکدەکەون ،شتێك بە هێما بۆ شتێکی دییکە دادەنێن و بەهاشی پێدەبەخشن .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ا.محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١١: ١٢)     ب.محەمەد مەحویی(٢٠٠٩)

[4] .کاروان عومەر(٢٠٠٨: ١١)  ب.(Bates(1996: 210

ئەم تاكە وشەیە یەكەیەكی زانیارییە و بەستراوەتەوە بە كۆمەڵێك یەكەی زانیاری دییكەوە ،ئاگاداربوون لە بارودۆخی ئاخاوتنەكە و ئاوازی ئەو وشەیەی ،كە منداڵەكە دەریبڕیوە دەتوانرێت ناوەڕۆكە ڕستە[1]كە تێبگەین ،واتە تێگەیشتن لە ڕستە ناوەڕۆكی ئەو وشەیە پەیوەستە بە زمانی جەستەbody language ،دەوروبەر Context و ئاوازی دەنگەكە tone of voice . وشەی یەك ڕستەیی زیاتر ئاماژەیە بە پێداویستییەكانی منداڵەوە،جەخت لەسەر شتێك دەكاتەوە بە ڕادەیەكی زۆر بەستراوە بە دەوروبەرەوە[2].بۆ نموونە:

| زمانی منداڵ | زمانی مرۆڤی پێگەیشتوو |
|---|---|
| ١)ئمم ئمم | من شت (میوە،شیر ..) دەخۆم ، بمدەرێ . |
| ٢) پەكوو | خواردنەكە نەما،تەواو بوو. دایە ڕۆشت .(ئەم وشەیە هەڵگری چەمكی چەند ڕستەیەكە ،كە ونبوون و دیارنەمانی كەسێك /شتێك بگەیەنێت). |
| ٣)بابە | من دەچم بۆلای بابە/ بمبە بۆ لای بابە. رستەیەكی داخوازییە. ئەوە بابەیە.ڕستەیەكی هەواڵی. |
| ٤)مەكەكە/مەمەكە/شییت/شیر | دایكە شیرم بۆ بكە./دایكە برسیمە/خەوم دێت شیرم بۆ بكە. |
| ٥)باش/بایش/باوەش | دایكە لەباوەشم بگرە با بڕۆین/خاولییەكە هەڵبواسمەوە. |
| ٦)دودوم/دیدەكە | بابە با بڕۆین بە ئوتومبیلەكە. |

لەم قۆناغەدا ناونانی شتەكان بە واتایەكی تەسك و دیاریكراو بەكاردەهێنرێت،بۆ نمونە (یاری) ئاماژەیە بۆ یارییەكی دیاریكراوی منداڵ. سەرەتا فێری ناوی كەسە نزیك و شتەكانی دەوروبەی دەبێت،بە تایبەتی شتە

---

[1] .مەبەست لە ناوەڕۆكە ڕستە بریتییە لەو واتا و ناوەڕۆكەی ،كە ڕستەكە هەڵگریەتی ،چونكە واتای ڕستە مەرج نییە لەواتای یەكە بەیەكەی فەرهەنگی وشەكانەوە هاتبێت،هەرچەندە بەشێكی پێكهێنەری واتاكەی پێكدەهێنێت،ئەمەش بە ئاشكرا لە میتافۆڕ و ئیدیەمدا ڕەنگدەداتەوە.

[2] .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Holophrasis

بینراو هەستپێکراوەکان، پاشان کردار،ئاوەڵناو... لەم قۆناغەدا سینتاکسی تێدا نیە،زیاتر یەکەمین وشەیەك ،کە فێری دەبێت(بابە ،دایە)یە.

## ٢/١– ٢–٢–٢) قۆناغی دەربڕینی دوو وشەیی Telegraphic Speech Stage

ئەم قۆناغە لە دەوروبەری هەژدە بۆ بیست و چوار مانگی تەمەنی منداڵ دەست پێدەکات ،کە بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی سینتاکسی لە نێوان وشەکان لە لایەن منداڵەوە،بەم قۆناغە دەوترێت <<ئاخاوتنی تەلەگرافیی>>،چونکە وشەکان ڕیز دەکرێن تەنها ئەو وشانە دەردەبڕێن ،کە مەبەستی منداڵەکەیە ، مۆرفیمەکانی دییکە(ئەرکییەکان) کە ئەرکی سینتاکسیان هەیە کەمتر دەردەبڕێن. ئەو وشانەی منداڵ پێکەوە دەریاندەبڕێت زیاتر پێکدێت لە (ناو ،ناو)/(ناو ،کردار)/ناو ،ئاوەڵناو)،شایەنی باسە فێربوونی وشەکان لە لایەن منداڵەوە بەبێ فێربوونی پێڕەوەکەی پرۆسەی زمانپژاندنەکە چالاك ناکات. بە بۆچوونی زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان ڕستەی دوو وشەیی لە دوو جۆر وشە پێکدێت:جۆری یەکەم وشە سەرەکییەکان (محور)pivote،کە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە لە ژمارەیەك ڕستەدا ،جۆری دووەم وشە کراوەکان Openکۆمەڵەیەکی فراوان و کراوەیە لە وشە[١]، واتە بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەی ڕستەی دوو وشەیی/ئاخاوتنی تەلەگرافی بەم شێوەیەیە:

ا/وشەی سەرەکیی Pivot world + وشەی کراوەopen world

١.٧)نونو یایی(نوا/نونو وەرە یاری بکەین)

ب.نونو دیدەکە (نوا سەیارەکەم بدەرەوە)

پ. نونو هەڤە(نوا بیخە سەر کەناڵی ژمارە حەڤدە )

---

[١] .بڕوانە: ا.جمعه سیدیوسف(١٩٩٠: ١١٥) ب .عەبدولستار تاهیر شەریف(١٩٨٦: ١١١)
D.(Matthews,A.(1996:18) c. Aitchison,J.(2007:126 )

ب/ وشەی کراوەopen world + وشەی سەرەکییPivot world

۸.ا) دوکان پیکە. (بمبە بۆ دوکان شتم بۆ بکڕە)

ب.یادی پیکە .(یاریم لەگەڵ بکە)

پ.مەمەکە پیکە .(شیرم بۆ بکە)

شایەنی باسە رستەی دوو وشەیی منداڵ،هەندێکجار ڕستەیە(واتە ڕستەیەکی ڕێزماندروستە )، سترێس ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕستە ناوەڕۆکەکەی ،واتە ئایا ڕستەیەکی هەواڵییە /پرسیاری /سەرسوڕمان.بۆ نمونە:

۹) ( pro) ۆشە/ئۆشە ئەو شتە /خواردنە خۆشە.

۱۰) ( pro) هەبوو کۆمپیتەرەکە هەڵبوو

۱۱) (pro )هەبوو؟ ئایا کۆمپیتەرەکە هەڵبوو؟

## ۲/۱- ۲-۲-۳)قۆناغی دوو وشەیی بەرەو ژوورPri Telegraphic Speech Stage

بەشێوەیەکی گشتی منداڵ لە دوای تەمەنی( ۲٤)مانگی بۆ سەرەوە گەشەیەکی نوێ لە دەربڕینەکانیدا بەدیدەکرێت لەڕووی فراوانبوونی فەرهەنگی وشەیی و ڕێکخستنی ڕێزمانیدا ، کە قۆناغەکانی وشە ڕستە و ئاخاوتنی تەلەگرافی تێگەیشتن لە واتاکەی لە لایەن کەسانی پێگەیشتووەوە بەڕادەیەکی زۆر پشت بەو دەوروبەرەcontext of speech دەبەستێت ،کە ئاخاوتنەکەی تیادا ئەنجامدراوە ،بەڵام قۆناغی دواتر دەربڕینی وشەکان لە چێوەی ڕستەدا فراوانترو ڕێزماندروستتر دەبێت،هەڵەی ڕێزمانی کەمتر دەبێتەوە ،دەربڕینی ڕستەکان نزیکدەبێتەوە لە ڕستەکانی کەسانی پێگەیشتوو.ڕێکخستنی وشەکان لە چێوەی ڕستەدا بەپێی ئەو مەبەستەی منداڵەکە دەیەوێت بیگەیەنێت دەگۆڕێت (واتە ڕستەی باسمەندە).سەبارەت بە فێربوونی ڕستەلای منداڵ سەرەتا فێری رستەی هەواڵیی دەبێت دواتر ڕستەی پرسیاری ،ڕستەی ئەرێ پێش

ڕستەی نەریٚ فێر دەبێت ،سەبارەت بە جێناوەکانیش سەرەتا بە هەڵە بەکاریان دێنێت/جێکەوتەکانیان دەگۆڕێت، بۆ نمونە:

١.١٢) خۆتی ( ئەو شتە هی خۆمە).

ب.دایکم (دایکە).

پ.سەقەت کدم .( سەقەتم کرد)

ت.مەحەلە بلیم.(مەرحەلەم بڕی)

١٣) نامی پخخ/لالی ( من دەخەوم ).

١٤) دیاندت/دراندت( کاغەزەکە/کتێبەکە دڕا).

١٥) وەرم * (بێم ) لێرەدا کرداری (وەرە) ،کە ناوازەیە ،ڕێژەی داخوازییە ،لە بری (بێم ) بەکاریهێناوە ،کە شێوازە دروستەکەیەتی لە (هاتن) ەوە وەرگیراوە.

١.١٦) نا خۆشم ئەویٚ .(خۆشم ناوێت)

ب.نا خۆگۆلیوە.(من جلەکانی خۆم نەگۆڕیوە)

لێرەوە دەگەینە ئەوەی منداڵ لە جیاتی جێناو ناوەکان خۆیان بەکاردەهێنێت(وەك ڕستەی (١٣))،کە لەبری ئەوەی بڵێ (من)ناوی خۆی دەهێنێنێت، لەم قۆناغەدا یاسا ڕێزمانییەکان بەسەر هەموو نمونەکاندا جێبەجێدەکات بەبێ ڕەچاوکردنی نموونە ناوازەکان ،کە دیاردەیەکی ئاشکرای قۆناغی زمانپژاندنە (وەك نموونەی (١٥)) ،کە دواتر فێری دروست بەکارهێنانیان دەبێت[١] ،هەروەها منداڵ لە نەرێکردنی ڕستەدا ئامرازی (نا) ی نەرێکردن لە پێش ڕستەکەوە بەکاردەهێنێت (وەك نموونەی (١٦)).

[١] .بڕوانە :گرور هادسن( :١٤٦)

# پرۆسه سایكۆلۆژییه‌كانی زمان په‌یوه‌ست

# به  زمانپژاندنه‌وه

## ٢ ) پرۆسە سایكۆلۆژییەكانی زمان پەیوەست بە  زمانپژاندنەوە

### ٢ /١)فێربوونی زمان و یادگە

فێربوون پرۆسەیەكی گرنگە لە ژیانی تاكدا،بە پێی ڕێباز و قوتابخانەكان چەندین لێكدانەوە و پێناسەی بۆ كراوە،سەرەتا بە بۆچوونی دێرینەكان،بە پێی تێڕوانینەكانی ئەفلاتون فێربوون كردەی بیرهاتنەوەیە، ئەگەر زانین سروشتی بێت ئەوا دەروون هەموو شت دەزانێت لە جیهانی ئایدییادا،پێش ئەوەی جێگیربێت لە جەستەدا ،بەڵام ئەوەی دەیزانێت لە بیری دەچێتەوە ،دواتر لە ڕێگەی هەستەكانەوە دەست بە وەرگرتنەوەی ئەو داتایانە دەكات،كە لە بیری چوونەتەوە. هەروەها بە بۆچوونی ئەرستۆی ئەگەر زانین وەرگیراوبێت،ئەوا كاتێك منداڵ لە دایكدەبێت مێشكی وەك پەڕەیەكی سپی وایە ،بەخێوكەر چی بوێت دەینەخشێنێت لە سەر ئەو پەڕە سپییە،بەم پێیە فێربوون پلەبەپلە دەبێت بەپێی ئەو توانا جەستەیی و هۆشیارییانەی،كە منداڵەكە هەیەتی[١].

بە پێی قوتابخانەی بونیادگەرەكان (هەموو زانیاری ،بیروباوەڕ،بیركردنەوە ،كارو چالاكی ،بە شێوەیەكی گشتی هەموو ئەو ڕەفتارانەی ،كە ژیانی مرۆڤایەتی پێكدەهێنێت بەرهەمی فێربوونە ،فێربوونیش بۆخۆی ئەنجامی جۆرە پەیوەندییەكە لە نێوان كۆمەڵە وروژێنەرو وەڵامدانەوەیەكدا دروست دەبێت ،بەمەش زمان وەك ڕەفتارێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، فێربوون لە ڕوانگەی ڕەفتارەوە ئاماژە دەدات بە گۆڕانكارییەكانی ئەو ڕەفتارانەی ،كە لە ئەنجامی شارەزایی و ئەزموونەوە هاتوونەتە ئاراوە ،ئەم گۆڕانكارییەش دەكرێت لە ڕەفتاردا تێبینی بكرێت .

سەبارەت بە قوتابخانەی عەقڵگەرایی مرۆڤ پێشوەخت دەزگای فێربوونی زمانی هەیە، كە بریتییە  لە ڕێزمانی جیهانیی خۆرسكە و بە شێوەیەكی بۆماوەیی لە مێشكی مرۆڤدا كاردەكات ،ئەو پرۆسەیە هەڵدەسوڕێنێت،وا دەكات منداڵ بۆخۆی یاسا و ڕێساكان لەو داتا و زانیارییانەی ڕووبەڕوی دەبێتەوە

---

[١] محەمەد عودە ئەلریماوی،و.ئاری عوسمان خەیات(٢٠١١: ٤٧)

هەڵبهێنجێنێت ، هەروەها بەپێی قوتابخانەی درککردن فێربوونی زمان پەیوەست دەکرێت بە لایەنی بایەلۆژی و ڕۆڵی ژینگە[1]،کە ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی لێدەکاتەوە.

فێربوون و یادگە دوو پرۆسەی پەیوەستن پێکەوە ،پەیوەندی تەواوکاریی لە نێوانیاندا هەیە ،کە " دووڕووی یەك دراون،ناتوانرێت بەبێ ئەویتر باسی یەکێکیان بکرێت ،چونکە بەڵگەی سەرەکی بۆ دڵنیابوون لە فێربوونی شتێك یادکردنەوەی ئەوشتەیە"[2] لە هەمان کاتدا دوو پرۆسەن،کە کردەی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆئەمەش پێویستە لە سەر هەریەکێکیان بەجیا بدوێین .

پرۆسەی فێربوونی زمان بەبێ تۆمارکردنی لە یادگەدا نابێت،یادگە پرۆسەیەکی سەرەکیی ئاوەزیی/عەقڵییە و ئامازەیە بۆ بەردەوامبوونێکی ڕێژەیی کاریگەری ئەزموون،واتە یادگە توانای گەڕانەوەی زانیاریی و ئەزموونەکانی ڕابردووە،نموونەی ئەمەش بەڵگە و مەرجی فێربوونە،،چونکە فێربوون گۆڕانە لە ڕەفتاری تاکدا، بەبێ کۆبوونەوەی ئەزموون/زانیاری ، چارەسەرکردن و پاراستنی پرۆسەی فێربوون سەرکەوتوونابێت،بەبێ یادگە مرۆڤ تەنها توانای کۆمەڵە کاردانەوەیەکی سەرەتایی و کاری نەویستی /هەرەمەکی دەبێت.

## ١-١/٢)فێربوونی زمان

پرۆسەی فێربوون پەیوەندی پتەوی بە سایکۆلۆژیای یادگە و بیرکردنەوەوە هەیە ،چونکە ئەو هەلومەرج و هۆکارانەی کار لە پرۆسەی بیرکردەوە دەکەن بەهەمان شێوەش کاریگەرییان هەیە بۆ سەر پرۆسەی فێربوون.پنتیریچ Pintrich کاریگەری فێربوون و ستراتیژەکانی بیرکردنەوەی لە پرۆسەی کارکردن و تێگەیشتن لە زانیارییەکانی ڕونکردووەتەوە،کە تیایدا پرۆسەی کارکردن لەسەر زانیارییەکان دەکات بە چوار وەچە پرۆسەی دییکەوە[3]،ئەوانیش بریتیین لە:

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیۆرییەکانی فێربوونی زمان بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2] کەریم شەریف قەرەچەتانی(٢٠١١: ١٤٦)

[3] ڕێباز عەزیز(٢٠٠٩: ١٨) ب.Pintrich 1988

١.**هەڵبژاردن**،کە بە>>ئاگایی[1]<<وە سەرنجدان بۆ زانیارییەکی دیاریکراو دەگرێتەوە، وەرگرتن و گواستنەوەی ئەو زانیارییە بۆ بەپرۆسەدابردن/کارلەسەر کردنی لە یادگەدا.

٢.**داڕشتن**،دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان یەکە زانیارییەکان لە یادگەی کارکەر.

٣.**داواکردن**،گواستنەوەی زانیارییەکانە لە یادگەی کورتخایەنەوە بۆ یادگەی درێژخایەن.

٤.**پێکەوە گرێدان**،دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان زانیارییە نوێکان و زانیارییەکانی پێشوو.

بەم پێیە فێربوون گوزارشتە لە درککردنی زانیارییەکان و تۆمارکردن و خەزنکردنی واتە وەرگرتنی زانیارییەکان لە لایەن یادگەی هەستیی و ناردنی لە یادگەی کارکەر بۆ یادگەی درێژخایەن،کە بە هۆیەوە دەتوانێت زانیارییەکان خەزن بکات و بەدەستیانبهێنێتەوە لە کاتی پێویستدا . بەشێکی زۆری فێربوون لە دوای لەدایکبوون بە دەستدەهێنرێت."زمان بە فێربوون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەڕوات ،بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت"[2]،فێربووونی زمان پرۆسەیەکی ئاوەزییە ،پێکهاتووە لە پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان ،بە ئەنجامگەیشتنی ئەم پرۆسەئاوەزییەش لە ڕێگەی کۆمەلێك ئۆرگانەوە دەبێت ،چونکە

[1] >>ئاگایی Attention<< توانای پێزانین،هەستکردن،یان وشیاربوونە لە ڕووداوەکان/شتەکان،یەکێکە لە سێ پرۆسە سەرەکییە ئاوەزییەکەی یادکەوتنەوە،کە بەهۆیەوە مرۆڤ توانای درکپێکردن و فێربوونی زانیارییە گشتییەکانی دەوروبەری دەبێت ، زانیاری زمانیی بەشێکە لێی .سێ پرۆسەئاوەزییەکەش بریتیین لە: (هەستکردن، ئاگایی ،درکپێکردن) هەر سێ پرۆسەکە پێکەوە تەواوکەری یەکترین ،بوونی کەمکوڕیی و ناتەواوی لە یەکێکیاندا دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان، بەپێی شێوەی زنجیرەیی کاردەکەن،قۆناغی یەکەم پرۆسەکانی هەستکردنە،کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە زانیاری /وروژێنەرەکانی دەرەوە دەگەنە مێشك،پاشان ڕۆڵی بەئاگایی دەستپێدەکات ،کە بریتییە لە بڕیاردان و گرنگییدان بە هەندێك لەو هەستپێکراو وروژێنەرە دەرەکییانە ،واتە بەئاگایی وەکو فلتەرێك ڕۆڵدەبینێت .جۆری پرۆسەکانی بەئاگایش بەپێی گرنگیدان بە بە وروژێنەرەکان سێ جۆرە: ا.ویست و ئارەزووەبەئاگاییAttention reflex ب.بەناچاریی و نەویستەبەئاگاییEnforced attention پ.ئۆتۆماتیکی و هەڵبژێردراوە بەئاگایی Automatic attention. هەروەها درککردن/پەیپێبردن perceptionچۆنییەتی پەیپێبردن و درککردنی زانیاریی و وروژێنەرەکانی دەوروبەرە،کە دواتر تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە،کە درککردن پرۆسەی دیاریکردنی جیاوازییە چۆنایەتیی و چەندێتییەکانی نێوان شتەکانە،کە کردەیەکی ناوەکییە و پەیوەستە بە جۆر و چۆنییەتی وروژێنەرەکانی دەوروبەر،کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێی دەگات،کاریگەر دەبێت بە دووبارە بوونەوە و لایەنی پاڵنەر.

[2] .محەمەد مەعرف فەتاح(٢٠١١: ١٠٧)

بنەمایەکی بایەلۆژی هەیە.پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان فێربوونی زمان و پێگەیشتنی بایەلۆژی منداڵدا ، بە بۆچوونی ماك جۆش پەیوەندی نێوان پێگەیشتن و فێربوون دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی فێرکردن و تەمەن.

فێربوون پرۆسەی وەرگرتن/بەدەستهێنانی کارامەییskill/ کۆزانینەknowledge،لە کاتێکدا یادگە پرۆسەیەکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زانیارییەکان بپارێزرێت و لە کاتی پێویستدا بەدەستبهێنرێتەوە بە پێویستی دەزانین باس لە وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیاری لە یادگەدا بکەین،بەڵام سەرەتا پێویستە بزانین،کە:

١.یادگە چییە ،دەکەوێتە کوێوە؟

٢.چەشنەکانی یادگە چین؟سەرەتا کام چەشنەی یادگە زوو گەشە دەکات لای منداڵ؟

٣.تیۆری پرۆسەکردنی زانیارییەکان چییە؟ ڕۆڵی یادگە لە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا لای منداڵ چییە؟

ئەم پرسیارانەو چەندینی دیکە ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی پێوەخەریك دەکات بۆ نزیك بوونەوە لە ڕاستیی، ڕاستەقینەکانی زمان ، چونکە فێربوون پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوامە لە ژیانی تاکدا لە لانکەوە تاکۆتای تەمەن، تەنها کۆکردنەوەی زانیارییەکان نییە،بەڵکو ڕێکخستن و گەڕاندنەوەیەتی لە کاتی پێویستدا.

کاتێك باسی چەمکی فێربوون دەکرێت دوو زاراوەی دیکە دێنە ناوەوە ،ئەوانیش چەمکی توانست و توانایە ،ئەم دوو زاراوەیە بەبێ هۆکاری دیکە ناتوانرێت بپێورێن ،ئەو بوارەی دەکرێت توانست و توانای تیا فەراهەمبێت گۆڕینی ڕەفتارە،کە لە ئەنجامی وەرگرتنی کۆزانیاریی و پرۆسەی فێربوونەوە دەبێت ، بەهۆی بەدەستهێنانی کۆزانیاریی لەم پرۆسەیەدا کەسەکە ڕەفتارێکی جیاوازی دیکەی لەوەی پێشووتری دەبێت،لەبەر ئەمەیە یەکێك لە پێناسەکانی فێربوون ،گۆڕینی ڕەفتارە،ڕەفتاریش" ئامرازێکە بۆ ئاماژەکردن بەو پرۆسە مەعریفی و هەڵچوونیانەی لە ناوەوەی تاکدا ڕوودەدات"[1] .

فێربوون وەك پرۆسەیەکی گرنگی فراوانبووی جیهانبینی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لێی دەکۆڵرێتەوە وەکو پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی و لە ڕوانگەی زانستی زمانی دەروونییەوە،کە"زانستی زمانی دەروونی لقێکە لە لێکۆڵینەوەکانی سایکۆلۆژیای درککردن ،کە بنچینەکەی لە توانست و توانای زمانییەوە هاتووە،واتە

---

[1] .ڕێباز عەزیز(٢٠٠٩: ١٥-١٧)

بەستنەوەی زمان و توانا بە ڕاستی سایکۆلۆژییەوە ڕێگەیەیەکە بۆ پەیپێبردن و درککردنی زمان ،کە بۆ پەیوەستکردنی دروستە فۆڕمییەکانە بە پرۆسە ناوەکییە درکپێکراوەکانەوە "[١]،لێرەوە فێربوون گۆڕانێکی بەردەوامی زانینە ،یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی فێربوون بەرهەمهێنانەوەیە Reproduction ،بەرهەمهێناوەش کاتێك دەکرێت ئەگەر زانینەکان لە تۆمارگەی یادگەدا مابێت و لەبیر نەکرابێت.

## ٢-١/٢)یادگە memory

یادگە"کۆمەڵێك هەستپێکراو و پەیپێبراوی (هەستیی و عەقڵیی)ژینگەیین ،کە لەسەر توێژاڵی مۆخ تۆمارکراون"[٢]،کە ئەو زانیارییانە بە شێوەی یەکەی هەڵکەنراو تۆماردەکرێن ،کارکردنی لەبارێکی کشاو و لاستیکیدایە. ئەو یەکەیەی لە یادگەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان بە (ئینگرام Engram )دەپێورێت،یادگە چەندین پێناسەی بۆکراوە [٣] لەوانە:

ا.یادگە کۆگای زانیارییەکانە.

ب.یادگە پرۆسەی یادکردنەوەیە/گەڕاندنەوەی زانیارییەکانە لە ڕێگەی چالاکی ئاوەزییەوە.

پ.یادگە ئەو توانایەیە،کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت زانیارییەکانی بکەوێتەوە یاد و خەزن/گەنج–هەڵگر یان بکات لە ئاوەزدا.

یادگە بەشداری پرۆسەی زانین و درککردن دەکات ،چونکە درکپێکردن پرۆسەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ورووژێنەرەکانە[٤] ،ئەگەر مرۆڤ زانیاری و شارەزاییی لە یادگەدا دەربارەی ئەو ورووژێنەرە نەبێت

---

[١] بڕوانە: ا.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٦ ،٢١)

ب.http://www.audioenglish.net/dictionary/psycholhnguistic.htm

[٢] .نوری جەعفەر(  ١٩٧١ : ٩٨)

[٣] بڕوانە:ا.بنعیشی زغبوش(٢٠٠٨: ٢٧) ب. Wilson (1991:40)

[٤] .مەبەست لە ورووژێنەر ئەو هۆکارە دەرەکییەهەستپێکراوانەن(کە لە ڕێگەی هەستەکانی بیستن،بینین،بەرکەوتن، چەشتن، تامکردن دەگەن بە مێشك)/ناوەکییانەن(پێویستی فسیۆلۆژی،وەکو برسێتیی،ئازار...) ،کە وا لە خانەکانی مێشك دەکات هەستیار بن بەرامبەر ئەو ورووژێنەرانە.ئەوەی پەیوەندی بەباس و لێکۆڵینەوەکە هەیە ورووژێنەر بەرامبەر زانیاریی زمانیی بەکارهاتووە.

ناتوانێت لێیان تێبگات و هەستەکان نابن بە درکپێکردن ،کە یەکێکە لە تواناکانی مێشك ،بریتییە لە توانای کۆکردنەوەی زانیاری و گەڕاندنەوەیەتی ،لێکۆلینەوە لە یادگە دەچێتە چێوەی سایکۆلۆژیای درککردنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سود لە زانستەکانی بواری زیندەزانی، تیۆری زانیارییەکان وەردەگرێت.

یادگە گەنجینەی مێشکە،کاتێك ئەوەمان دێتەوە یاد کە فێری بووین و دەزانین زانیاریمان لەسەری هەیە، مرۆڤ بۆ ئەوەی فێری زانیارییەکان ببێت ،پێویستە بە سێ جۆر/ چەشنەکانی یادگەدا تێبپەڕێت ،ئەم چەشن و شێوە کارکردنەی یادگە بۆ زمانپژاندن گرنگن،"چونکە تێگەیشتنمان لە پێکهاتن و چەشنەکانی یادگە و شێوازی کارکردنیان یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی فەرهەنگی ئاوەزیی و شێوازی کارکردنی"[1]،کە فەرهەنگی ئاوەزییmental lexicon ڕۆڵی گرنگی هەیە لە لێکدانەوەی پرۆسەکانی تێگەیشتن.

## ١/٢– ٢–١)جۆرەکانی یادگە

یادگە چەند دابەشکردنێکی بۆ کراوە بە پێی جۆری ئەو زانیارییەی کە وەردەگیرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی کاتی مانەوەی زانیارییەکە وەك دابەشکردنەکەی Baddely & Hitch ،کە بە پێی ماوەی هەڵگرتنی زانیاریی سێ جۆرە ،ئەوانیش بریتین لە:

١.یادگەی هەستیی ٢.یادگەی کورت–خایان/ کارکەر ٣.یادگەی درێژ–خایان

## ١/٢– ٢–١–١ )یادگەی هەستیی sensory memory/SM

ئەو زانیارییانەی،کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەردەگیرێن دەچنە ناو سیستەمی چارەسەرکردنی زانیارییەکان و بەجفرە دەکرێن،واتە دەچنە ناو یادگەی هەستییەوە،کە توانای مانەوەی زانیاریی تیایدا زۆر کەمە ئەگەر مامەڵەی پێویستیان لەگەڵ نەکرێت، ئەوا لەبیر دەچنەوە، بەڵام ئەگەر مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەو زانیارییانە بکرێتو گرنگی خۆیان پێبدرێت، ئەوا بۆ یادگەی کورتخایەن دەگوێزرێنەوە.

---

[1] بنعيشی زغبوش(٢٠٠٨: ٢٦)

ئەم چەشنەی یادگە ،کە یادگەی وێنەیی Iconic و یادگەی دەنگیی econicدەگرێتەوە. یادگەی وێنەیی پەیوەستە بەو زانیارییانەی بەهۆی کەناڵی بینەوە وەردەگیرێن و بەپرۆسەدەکرێن،یادگەی دەنگیی پەیوەستە بەو زانیارییانەی بەهۆی کەناڵی بیستنەوە وەردەگیرێن و بەپرۆسەکرێن، " ئەو کۆدانەی خەڵکی گەنج هەڵگریان دەکات بەگشتی فۆنۆلۆژیین،لەبەر ئەم هۆکارەیە ئەو کەسانەی لێهاتووییەکانی بەرزبێت لە دیکۆدکردنی فۆنۆلۆژیدا دارِشتە فۆنەیتیکیەکانیشی کاریگەردەبێت لە نوسین و ئاخاوتنیشدا و هێزی هێنانەوەشی بەرزتردەبێت"[1]،بەڵام ئەگەر هاتوو زانیاریی وەرگیراو لە رێگەی هەردوو کەناڵی بیستن و بینینەوە بوو ئەوا هەلی مانەوەی زانیارییەکان و ناردنی بۆ یادگەی کارکەر زیاتردەبێت،پاشان زانیارییەدەنگییەکان دەنێررێن بۆ بازنەی فۆنۆلۆژیی،زانیارییە وێنەییەکان دەنێررێن بۆ سکێچی بینین لە یادگەی کارکەردا.

## ٢-١-٢-١/٢)یادگەی کورت-خایانshort term memory / STM/یادگەی کارکەرmemory worker

یادگەی کورتخایەن رۆڵێکی گرنگ و گاریگەر دەبینێت لە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا،بەڵام توانای هەڵگرتنی زانیاریی کەمە،کە بە چرکە دەپێورێت، تا زانیارییەکان کورتترین توانای مانەوەیان لەم یادگەیەدا زیاتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە. یادگەی کارکەر جیاکراوەتەوە بۆ سێ پێکهاتە ،کە هەریەکەیان توانایەکی سنورداری هەیە لە تۆمارکردن و پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا،ئەوانیش بریتیین لە (ناوەندی جێبەجێکردن/ناوەندی رێکخەری لێهاتووییەکانcentral executive، بازنەی فۆنۆلۆژیی phonological loop ،سکێچی بینینvisuo spatial sketchpad).لەم سێ پێکهاتەیەدا سیستمی ناوەندی جێبەجیکردن بەرپرسیارە لە کۆمەڵێك ئەرك ،لەوانە رێکخستنی زانیارییە وەرگیراوەکان و رەوانەکردنی ئەو زانیارییانەی دەمێننەوە بۆ کۆگای کۆزانیاریی و خەزنکردنی ،بە هۆی ئەم ناوەندەوە هەردوو یادگەی دەنگیی و وێنەیی لە پەیوەندیدا دەبن و توانای پاراستن و گواستنەوەی زانیارییەکانی هەیە.

---

[1] ا.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٣٣-٣٥) ب.Grant,C.(2005: 32)

له بارنەی فۆنۆلۆژیدا گرنگیی دەدرێت بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان ،کە ڕۆڵی هەیە لە پرۆسەی فێربوونی زانین و لێهاتووییەکان لە منداڵییەوە، فۆنۆلۆژی یادگەی کورتخایەن یاریدەدەری یادگەی درێژخایەن دەدات بۆ فێربوونی ستراکچەری دەنگەکان ،فێربوونی وشەی نوێ و ناسینەوەی ،بەمەش بریتیی دەبێت لە کۆمەڵە پرۆسەیەکی کلیلی فۆنۆلۆژی بۆ فێربوونی وشەکان،بارنەی فۆنۆلۆژی لە دوو بەش پێکهاتووە،کە بریتین لە: (کۆگای فۆنۆلۆژییphonologhcal store ،پرۆسەکانی تاقیکردنەوەی دەنگەژێیەکان subvocal rehearsal)، بابەتە فۆنۆلۆژییەکان کاتێك خەزن دەکرێن بۆ ماوەی دوو خولەك دەمێننەوە و دواتر تێکدەچن،[1] دەتوانرێت ماوەی مانەوەی زانیارییە زیادبکرێت بە هۆی سیستمی پەراوەکردنی دەنگییەوە بۆ هەموو ئەو زانیارییانەی ،کە لە کۆگای فۆنۆلۆژیدا هەڵدەگیرێن.

سەبارەت بە سکێچی بینین ،کە زانیارییە وێنەییەکان خەزن دەکات(لەوانە شوێن،شیوەی کەسێك/شتێك.شایەنی باسە هەردوو سیستمی بارنەی فۆنۆلۆژیی و سکێچی بینین گرنگن بۆ گەشەکردنی توانای پەیپێبردن و درککردنی زانیارییەکان ،پاشان ڕێکخستن و ناردنی لە ڕێگەی سستمی ناوەندەوە بۆ یادگەی درێژخایەن. واتە پەیوەندی بەردەوام لە نێوان یادگەی کارکەر و درێژخایاندا هەیە،لە ڕێگەی یادگەی کارکەرەوە زانیاریەکان دەچنە ناو یادگەی درێژخایانەوە هەر لە ڕێگەی ئەمیشەوە زانیارییەکانی ناو یادگەی درێژخایان کارو چالاکی پێویست بەکار دەهێنرێنو دەگەڕێنرێنەوە، واتە یادگەی کارکەر ناوەندی جێبەجێکردنو بەرپرسیارە لە گەڕاندنەوەو هێنانەوەی زانیارییەکانی هەردوو یادگەی کارکەر و درێژخایان.

## ١/٢– ٢–١–٣)یادگەی درێژ–خایان Long term memory/LTM

زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لەم یادگەیەدا گەنج هەڵگر دەکرێت،ماوەی مانەوەی زانیاریی بە خولەك بۆ چەندین ساڵە،زۆر جار تا کۆتایی تەمەن بەردەوام دەبێت ، یادگەی بەردەوام Permanent Memoryیشی پێدەوترێت،کە"یادگەی درێژخایان زانیارییە هەمیشەییەکان، کۆزانیاریی ،فەرهەنگ و توانستە زمانییەکان لە خۆدەگرێت و بە تەواوکاری لەگەڵ پرۆسەکانی درککردندا لە ناو ئەم یادگەیەدا جێبەجێدەبن"[2] .لە ناو پێکهاتەی ئەم یادگەیەدا دوو جۆر یادگە جیا دەکرێتەوە،ئەوانیش بریتین لە:

---

[1] a. Susan,E.(2010) b.Baddely(1975)& Baddeley A, Gathercole S, Papagno C (January 1998 )

[2] ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٥٠)

(یادگەی شاراوە /نائاشکرا،یادگەی ئاشکرا)یە،کەیادگەی ئاشکرا یادگەی( بچڕبچڕ episodicو سیمانتیکی semantic )دەگرێتەوە[1]،کە یادگەی سیمانتیکی هەڵگری هەموو ئەو زانیارییانەیە ،کە مرۆڤ فێری بووە،سەرپەرشتی کۆگای مۆرفۆلۆژیی دەکات،لەم یادگەیەدا فەرهەنگی ئاوەزییmental lexicon هەیە، ئەرکی هەڵگرتن، پرۆسەکردنی زانیارییەکانی هەیە،ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت ،کە بەهۆی وشە/ئاخاوتن ،وێنە گوزارشتی لێدەکرێت،هەرچی زانیاریی و ئەزموونە تایبەتییەکانی تاك و ئەو کاتانەی بەسەریبردووە لە یادگەی بچڕبچڕدا هەڵدەگیرێن.هەروەها یادگەی نائاشکرایە ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت،کە تەنانەت ناتوانرێت بە زمان گوزارشتی لێبکرێت وەك چالاکی و لێهاتوییە جوڵەییەکان،کە ئەم جۆرەی یادگە سەرەتا لای منداڵ گەشەدەکات.




هێڵکاریی(٢–١) چەشنەکانی یادگە پەیوەست بە مانەوە و هەڵگرتنی زانیارییەکان

[1] بڕوانە: ا. بنعیشی زغبوش(٢٠٠٨ ) ب. Field,J.(2004: 175) پ. (١٩٩١:١٦٤) Wilson
ت. http://en.wikipedia.org/wiki/Memory

## ٢-٢-١/٢)گەشەکردنی یادگەی منداڵ پەیوەست بە چەشنی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانیەوە

یادگە یەکێکە لە ڕەگەزەسەرەکییەکان ،کە پشتی پێدەبسترێت بۆ گەشەی ژیریی،پەیپێبردن و درککردنی منداڵ،کە زانیاریی،ئەزموونەکانی تیادا گەنج-هەڵگر/خەزندەکرێت،لەساتی لەدایکبوونەوە تا کۆتایی تەمەن. بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی بواری سایکۆلۆژیای منداڵ یادگەی منداڵ لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە چالاك دەبێت،هەندێك لە توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن،کە ساوای تازە لەدایکبوو دەنگی دایکی دەناسێتەوە[١] ،کاتێك لە سکی دایکیدابووە، گوێیی لە دەنگی بووە،چونکە منداڵ لە دەوروبەری پێنج مانگی لە سکی دایکیدا گوێی لە دەنگ دەبێت،وەڵامدانەوەشی بۆ دەنگەکانی دەوروبەری دەبێت.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە یادگەی منداڵ لەساتی لەدایکبوونەوە گەشەدەکات،وەکو لایەنەکانی دیکەی گەشەی ،بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر چەند منداڵێك ئەنجامدراوە، کە تەمەنیان لەنێوان شەش مانگی بۆ دووساڵیدایە توانای یادکردنەوەیان زیاددەکات بەپێی گەشەی تەمەنی ،بەتایبەتی یادکەوتنەوەیان بۆهەندێك خواردن ،ناو،وشە و وێنە زیاترە.شارەزایان هەندێك لە گەشەی یادگەی منداڵیان بەم شێوەیە ڕاگەیاندووە[٢] :

ساڵی یەکەمی تەمەن ،کە یادگە لە تەمەنی شەش بۆ دوانزە مانگیدا گەشەدەکات،توانای یادکەوتنەوەی زانیارییەکانی چەند ڕۆژێکی ڕابردووی هەیە.یەکەمین زانیاریی/ڕوداوێك کە منداڵ یادی دەکەوێتەوە،ئەوەیە کە جێی سەرنجی منداڵە،ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە،بەم شێوەیە توانای یادکەوتنەوەی شوێنی یاری، لاسایکردنەوەی ڕوداوێکی دەبێت،کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بۆ هەفتەیەك ڕوویداوە،منداڵ لە

---

[١] ناسینەوەRecognition،یەکێکە لەپرۆسەکانی یادکردنەوە،کە یادکردنەوە لە چەند پرۆسەیەکی سەرەکیی پێکهاتووە ،ئەوانیش بریتیین لە :ا.چەسپاندن Fixation،جێگیربوونی شوێنەواری زانیارییەکە،کە بە شوێنەواری یادکردنەوەMemory tracesش ناودەبرێت، ب.پاراستن و مانەوەRetention،کە ئەرکی سەرەکیی هەڵگرتن و پاراستنی شوێنەوار و کاریگەریی زانیاریی و ڕووداوەکانە لە ناو یادگەدا، پ.گەڕاندنەوە/بانگکردنەوەRecall،واتە گەڕاندنەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێشتر وەرگیراون خەزنکراون، ت. ناسینەوە ئەو پرۆسەئاوەزییەیە ،کە بەهۆیەوە زانیارییە خەزنکراوەکانی یادگە دەناسێتەوە،بۆنموونەناسینەوەی (شێوە،دەنگ،ڕەفتارێك...)کەسێك.

[2] http://www.ahm1.com/nu/articles-action-show-id-1595.htm

چوار مانگی تەمەنیدا ناوی خۆی دەزانێت، کاتێك بانگدەکرێت ئاوڕ لێدەداتەوە/ وەڵامدانەوەی دەبێت(بە ئاماژەی جەستە)،لە تەمەنی نۆ مانگیدا درك بەوە دەکات ،کاتێك ژوورەکە بەجێدەهێڵێت دەستدەکات بە گریان،لە تەمەنی دە مانگی دا یادگەی منداڵ بە شێوەیەکی خێرا گەشەدەکات،دەتوانێت کەسانی دەوروبەری بناسێتەوە،تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بینیبێتنی.

ساڵی دووەمی تەمەن ،یادکەوتنەوەی ئەو زانیارییانەی چەندهەفتەیەکی ڕابردووی هەیە.

منداڵ لە ساڵی سێهەمی تەمەنیدا یادگەی گەشەدەکات،فراوان دەبێت،توانای یادکەوتنەوەی ئەو زانیارییانەی هەیە ،کە دوو بۆ سێ مانگ بەسەرکاتی ڕوودانیدا تێپەڕیوە،چونکە زانیارییە هەڵگیراوەکانی بازنەی فۆنۆلۆژی لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەردەکەوێت و ئامادەدەبێت.بەم شێوەیە هەتا تەمەنی منال بەرەو زیاتر بڕوات ڕێژەی توانای قسەکردنیان زیادەکات،بەم پێیەش بۆ ئەوەی خێرا بن و ئەم ڕێژەیە بپارێزن لە بەشداریکردنی زانیارییەکان ،پێویستە ئەو بابەتانەی لە کۆگای فۆنۆلۆژیدایە بەردەوام بەکاربهێنرێنەوە ،ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەناوەوەی مەودایەکی فراوانی یادگە[1].

لە تەمەنی شەش ساڵیدا توانای خەزنکردنی ڕووداوەکانی سێ ساڵی ڕابردووی بۆ کۆتای تەمەن دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ،کە یادگەی درێژخایەن لای منداڵ لە دەوروبەری سێ بۆ پێنج ساڵی تەمەن گەشەدەکات، لەبەر ئەمەیە منداڵ توانای یادکەوتنەوەی ڕووداوەکانی پێش تەمەنی دوو بۆ سێ ساڵیی سەرەتای تەمەنی نییە.

یادگەی منداڵ خاوەنی سروشتێکی هەستییە ،واتە منداڵ توانای یادکەوتنەوەی زانیارییە بینراوەکانی زیاترە،کە لەڕێگەی هەستی بینینەوە وەریدەگرێت ،دەینێرێت بۆ یادگەی وێنەیی ،بە بەراورد بە زانیارییە بیستراوەکان ،کە لە ڕێگەی وشەکانەوە واتا ئەبستراکتەکانی پێدەگات[2] ، بەشێك لە کارکردنی یادگەی درێژخایەن هەڵگرتنی زانیارییەکانە بە پێی زنجیرەی ڕووداوەکان کە بە دەوروبەری دەق/ بارودۆخیی

---

[1] Susan,E.(2010) b.Adam & Hitch(1995)

[2] ئەم دیاردەیەش پەیوەندی هەیە بە سروشتی کارکردنی یادگە ،سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان ،کە لە ڕێگەی چ کەناڵێکی هەستییەوە وەریدەگرێت،چونکە ڕێژەی هەڵگرتن/خەزنکردنی زانیاریی بەدەستهاتوو لە ڕێگەی خوێندنەوە ٥-٢٠٪ ،بیستن٢٠-٤٠ ٪ ،بینین ٤٠ ٪ ،بیستن و بینین ٦٠٪ ،کارلەگەڵکردن(پێکەوە چالاکبوونی پێنج هەستەکە پێکەوە ) ٧٠٪ یە. بڕوانە:ڕێباز عەزیز(٢٠٠٨: ٢٩)

situation of scripts ناودەبرێت،کە ئەو بارودۆخە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ تێگەیشتن لە زانیارییەکان ،لێکدانەوە، پێشبینیکردنی ڕووداوی داهاتوو،کە چی ڕوودەدات .

## ٢/١-٢-٣)یادگە و بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان

مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایکبونییەوە ڕوبەڕوی زانیاریی و وروژێنەرەکانی دەوروبەری دەبێتەوە،کە کۆمەڵە زانیارییەکی پەرشوبلاون،دواتر لە هزردا چارەسەردەکرێن،بەم چارەسەرکردن و کارکردن لەسەر زانیارییەکان لە ئاوەزدا دەوترێت تیۆری پرۆسەکردنی زانیارییەکان،کە کۆمەڵێك تیۆرییە دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی مێشك/ئاوەز لەسەر زانیارییە وەرگیراوەکان و پرۆسەی یادکردنەوە،واتە لێکۆلینەوەیە لەچۆنییەتی درککردنی زانیارییەکانی دەوروبەری و خەزنکردن و یادکەوتنەوەی ئەو زانیارییانەی ،کە ڕۆژانە ڕووبەڕوی دەبێتەوە.

Newell & Siman ئاماژەیان بەوە کردووە،کە پێکهاتەی گشتی پرۆسەکردنی زانیارییەکان پێکهاتووە لە چوار ڕەگەزی سەرەکی[1] ،ئەوانیش بریتین لە:

١.تێکردە هەستییەکانSensory-input بریتییە لەو زانیاریی و وروژێنەرانەی ،کە مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە وەریدەگرێت،لە ڕێگەی پێنج هەستەکانەوە.

٢.پرۆسەکردنەکانProcessor،کە بریتین لەو پرۆسانەی ،کە بەسەر زانیارییەکاندا دێن،ئەوانیش بریتین لە(بەجفرەکردن،خەزنکردن،بەدەستهێنانەوە).

٣.دەرکردە جوڵەییەکانMotor-output،بەرهەمهێنان،گەیاندنی زانیارییەکانە لە ڕێگەی جوڵەی ئاماژەی جەستەیی/ ئاخاوتن.

٤.یادگەMemory

---

1 Newell & Siman ,(1972: 20-22)




هێڵکاری (٢-٢) پێکهاتەی گشتی چارەسەرکردنی زانیارییەکان لای مرۆڤ

وەرگرتنی زانیارییەکانی ژینگەی دەوروبەر لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوەیە ،کە بەتۆمارکردنی هەستیی لە ڕێگەی یادگەی هەستییەوە دەبێت،پاشان لەیادگەی کارکەردا پرۆسەکردن دەستپێدەکات،بەلأم توانای مانەوەی زانیاریی لەم یادگەیەدا بە بەراورد بە یادگەی درێژخایەن کەم و سنوردارە،لەبەرئەوە پێویستە زانیارییەکان بنێرێن بۆ یادگەی درێژخایەن،کە چەند وەچە پرۆسەیەکی گرنگ[١] ڕۆڵیان هەیە لە گواستنەوەی زانیاریی لە یادگەی کارکەر بۆ یادگەی درێژخایەن،کە ئەوانیش بریتیین لە :

أ.ئاگاییAttention: توانای سەرنجدان و وشیاربوونە لە زانیارییەکان،کە بەهۆیەوە مرۆڤ توانای درکپێکردن و فێربوونی زانیارییە گشتییەکانی دەوروبەری دەبێت.

ب.ڕاهێنان/پێداچوونەوەRehearsal: پرۆسەی پەراوەکردن و پێداچوونەوەی زانیارییە هەڵگیراوەکانە ، بۆیە ئەو زانیارییانەی، بە ماندووبوون دەستدەکەون زیاتر بیرکەوتنەوە و بەدەستهێنانەوەیان ئاسانترە.

پ.ڕێکخستنOrganization:ڕێکخستنی زانیارییەکانە بە پێی کاتیگۆرییەکانیان، هەتا زانیارییەکان ڕێکخراوترین وەبیرهاتنەوەیان ئاسانتردەبێت .

---

1 Ganlly,S.(2007) & Mcdevitt & Ormrod,(2004:186-187)

ت. وردەکاریکردن Elaboration: گرنگی دانە بە وردەکارییەکانی زانیارییەك و بەکارهێنانی شارەزاییەکانە بۆ هێشتنەوە و درێژکردنەوەی ماوەی دەستپێداگەیشتنەوەکانیان.

تیۆری پرۆسەکردنی زانیارییەکان چۆنییەتیی گەشەی منداڵ[1] و پێگەیشتنی مێشك بەنموونە لە خۆدەگرێت،کە وا لە منداڵ دەکات پێشبکەوێت لە ڕووی پرۆسەکردنی زانیاریی و وەڵامدانەوە بۆ ئەو وروژێنەر/زانیارییانەی ،کە لە ڕێگەی پێنج هەستەکانەوە وەریدەگرێت .ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر بوونی شێوازی بەردەوامی گەشەپێدان دەکاتەوە ،لەوانە پیاجە. بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان[2] لای منداڵ information processing by children پێش ئەوەی زانیارییەگەیشتووەکان لە مێشکدا بە پرۆسە بکرێت لەلایەن یادگەکانەوە بەهۆی پرۆژەی پاڵاوتنەوە filtering processingڕێکدەخرێن،کە بە ئاگایی ناودەبرێت،چونکە پاش ئەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگەن بە مێشك،دواتر لە ڕێگەی بە ئاگایی زانیارییەکان پۆلێن دەکرێن و ناهێڵێت هەموو زانیارییەکان بچنە یادگەوە ،چونکە مێشکی مرۆڤ ناتوانێت هەموو ئەو زانیارییانەی پێی دەگات خەزنی /گەنج هەڵگری بکات ،زانیارییە بەبەهاکان زیاتر دەمێننەوە لە شوێنی تایبەتدا(یادگەی درێژخایەن هەڵدەگیرێن ،بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بەدەستبهێنرێنەوە .بڕوانەهێڵکاریی(٢-٣)[3].

---

[1] مەبەست لە گەشەی منداڵ هەموو لایەنەکانی گەشە دەگرێتەوە(بایلۆژی،سایکۆلۆژی) ،چونکە ئەم تیۆرییە شیکردنەوە، ڕێکخستن و لێکدانەوەی چالاکییەکانە (بیر،جووڵە،هەست).

[2] زاراوەی بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان ،کە بە چارەسەرکردنی زانیارییەکان/بەپرۆسەدابردنی زانیارییەکان بەرامبەر information processing بەکاردێت،ئەم پرۆسەیە(ئەو کردانەیە ،کە دەچنە ژێر کاریگەری پەیپێبردنەوە ،چەند لایەنێك دەگرێتەوە :هەرچوار پرۆسەکانی زمان(قسەکردن،گوێگرتن،نوسین،ئاخاوتن) ب.گەڕانەوەو بیرهاتنەوەی ڕەگەزەکانی فەرهەنگ، پ.بونیادی داڕشتەی واتایی.پرۆسەکردنی زانیارییەکان یەکێکە لە مۆدێلەکانی درککردن و لە ئاستەکانی زمان(فۆنیم،مۆرفیم،سینتاکس،سیمانتیك ...هتد.کاردەکات. بڕوانە: ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٣٢)

[3]http://www.google.iq/imgres?q=baddeley's+model+of+working+memory&hl




هێڵکاریی(٢-٢) مۆدیلی کارکردنی یادگە پەیوەست بە پرۆسەکردنی زانیارییەکانەوە

تێکردە لە ڕێگەی هەستەکانەوەیە ،هەربۆیە پیاجە گەشەی قۆناغی یەکەمی منداڵی ناوناوە قۆناغی هەستی-جوڵەیی،کە منداڵ لە ڕێگەی هەستەکانەوە درك بە شتەکانی دەوروبەری دەکات ،بۆ نمونە ئەگەر منداڵ تەنها گوێی لە دەنگی وشەکان بێت بێ پەیوەستکردنی بە بوونی دەرەکی (فیزیکیی)،واتە دەوروبەری بارودۆخیی ناتوانێت فێری واتای وشەکان ببێت،چونکە زمان لەسەر بنەمای واتا و چەمکە ،بێ بوونی واتا و چەمك زمان نایەتە دی. منداڵ سەرەتا توانای وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی هەیە ،کە ناون بۆ بونێکی فیزیکیی/کۆنکرێتی ،ئەو ڕووداو کردارو ئاوەڵناوانەی زۆر دووبارە دەبنەوە لە ژیانی منداڵدا (وەکو ،خەوتن ،خواردن ڕۆیشتن،خۆش،گەرم،جوان،پیس...).لەلایەکی دییکەوە پرۆسەکانی زانیاریی لە ڕووی ئاستەکانیانەوە جیاوازن،هەندێکیان لە هەندێکی دییکەیان زیاتر قوڵدەبێتەوە ،کە زانیاریی جەخت لێوەکراوە و دووبارە بووەوەن،تیشکۆن و هاتنە ناوەو بیرکەوتنەوەیان ئاسانترە بۆ منداڵ ،ئەمەش ڕونکردنەوەیەکی

باشه بۆ لێکدانەوەی قۆناغەکانی زمانپژاندن[١]، کە بە وشەی ڕستەیی Holophrastic دەستپێدەکات و پاشان ڕستەی دوو وشەییTelegraphic stage .دواتر رستەکانی مندالّ بەرەو کاملّبوون دەچێت.

پاش پرۆسەی بە ئاگایی پالاّوتنی زانیارییەکان لە لایەن یادگەکانەوە دەستپێدەکات ،کە پێکهاتووە لە سێ پرۆسەی سایکۆلۆژیی،ئەوانیش بریتین لە:

١.پرۆسەی بەجفرەکردنEncoding process

٢. خەزنکردن/گەنج-هەلگرتنStorage process

٣.بەدەستهینانەوە Retrieval process

## ٢/١-٢- ٣-١) پرۆسەی بەجفرەکردن /میکانیزمی ناردنی زانیارییەکان Encoding process

پرۆسەی ناردنی زانیارییەکان پێکدێت لە قۆناغی(تۆمارکردنی هەستیی،بە جفرەکردن) .

ا.تۆمارکردنی هەستیی ،هەنگاوی یەکەمی تۆمارکردنی زانیارییە ،بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە تۆمارکەر[٢] register/یادگەی هەستیی ،وەرگرتنی بەشێکی پەیوەندی هەیە بە پرۆسەکانی ئاگایی ،چونکە تاکو بەئاگایی تیشکۆ بخاتە سەر زانیارییەك ئەو کات پرۆسەیبەجفرەکردن و بەپرۆسەکردنی زانیارییەکان قولّتر دەبێت و زانیارییەکان لە یادگەی هەستییەوە دەنێررێت بۆ یادگەی کورتخایان .

٢.بەجفرەکردن ،پرۆسەکانی گۆڕینی زانیارییە هەستپێکراوەکانە بۆ وێنەی هۆشەکی کاتیی/هەمیشەیی ،جفرەکردن تێکردەکانە ،کە دەچنە یادگەوە ،ئەمەش پردی پەیوەندی نێوان دەوروبەر و جیهانی ئایدییا/ئاوەزییە،واتە"گۆڕینی تەسورەکانی(چەمك و ناوەڕۆکەکانی)قسەکەر بۆ هێمای زمانیی ،واتە چۆن

---

[١] .ئەمە خالّێکی ڕوونکردنەوەی قۆناغەکانە ،هۆکارێکی تر،کە ڕۆلّدەبینن نەگەیین و ڕانەهاتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنە.

[٢] .یادگە تۆمارکەرێکە وەکو ئامێری تۆماری ڤیدیۆیی ،بە بوونی جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا ،کە تۆمارکردنی یادگە فسیۆلۆژیی و زیندوو پۆزەتیڤ و کاراو کارتێکراوە لەیەك کاتدا.بەلاّم تۆمارکردنەکانی دییکە فیزیکیی و بێگیان و نێگەتیڤ و کارتێکراون.

دروسته بیرییەکان/دروسته ئاوەزییەکان thought structuresدەگۆڕێن و دەکرێن بە دروسته زمانییەکانlinguistic structures بۆ دەربڕین ،ئەم گۆڕینی تەسورە بۆ ناوەڕۆکی جفرەی زمانیی ناودەنێین >>بەجفرەکردنی سیمانتیکی semantic encoding <<،بەرهەم و ئەنجامی ئەم جفرەکردنە سیمانتیکییە ژمارەیەکە لە >>یەکەی ناوەڕۆکی زمانیی content units <<،کە هەمەکیی یان کەمەکیی لەگەڵ تەسەورەکاندا یەکدەگرنەوەو پەیکاڵن"[1].

ئەو زانیارییانەی ،کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانییەوە وەریدەگرێت و تۆماری دەکات ،لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە پرۆسەی پاڵاوتندا دەیبات لە ڕێگەی ئاگاییەوە ،پاشان بۆ ئەوەی قسەکەر بتوانێت بەو زانیارییە زمانییانە پەیوەندی دروستبکات ،ببێتە هێمایەك بۆ ئەو بیر و تەسەورانە پێویستە بە پرۆسەی کۆدکردندا ببرێت،کە لە ڕێگەی چەند میانیزمێکەوە لە لایەن ڕێکەوتنەکۆمەڵایەتیی و بۆچوونەکانی تاکەوەیە،واتە جۆرو پرۆسەکانی بە جفرەکردن لە ڕێگەی چەند یاسایەکەوە دەبێت[2].

## ٢/١-٢-٣-٢) پرۆسەکانی پاراستن و خەزنکردنی زانیارییەکان/گەنج-هەڵگرتن Storage process

خەزنکردن یەکێکە لەو پرۆسە سەرەکییانەی ،کە لە لایەن یادگەکانەوەیە بۆ جێبەجێکردنی چارەسەرکردنی زانیارییەکانە ،ئاماژەیە بە هەڵگرتنی زانیارییەکان لە یادگەدا،کە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان،واتە کاتێك باسی خەزنکردن و پاراستنی زانیارییەکان دەکرێت چەشنەکانی یادگە دێنە ناوەوە ،چونکە کاری سەرەکی یادگەکانە ،کە سەرەتا لەڕێگەی یادگەی هەستییەوە زانیارییەکان وەردەگیرێن ،بەجفرەدەکرێن ،ماوەی مانەوەی زانیاری لەم یادگەیەدا کورتە و پەیوەستە بەجۆری ئەم یادگەیەوە ،کە "ماوەی مانەوەی زانیاریی بیستراو لە یادگەی هەستیی بیستەنیی نزیکەی ٠,٤چرکەیە ،بەڵام شوێنپێی بینراوی وێنەیی نزیکەی ٠,٥چرکە لە یادگەی بینراودا دەمێنێنێتەوە"[3]،پاشان بەپێی گرنگیی و

---

[1] .محەمەد مەحویی(٢٠٠٩: ٥٨)

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی جفرەکردن و جۆرەکانی کە پەیوەستە بە پرۆسەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوە بڕوانە پاری دووەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[3] ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٤٥ )

قوڵیی زانیارییەکە لە ڕێگەی بەئاگاییەوە هەڵدەبژێرێت و دەنێررێت بۆ یادگەی کارکەر،ئەو زانیارییانەی دیکەش ،کە دەمێننەوە لەبیردەکرێن،پێکهاتەی ئەم یادگەیە لە ڕووی توانای هەڵگرتنی زانیارییەوە کورتە ،بە نزیکەیی چەند خولەکێك دەمێنێنێتەوە ،لێرەشدا پاڵاوتنێکی دیکەی بۆ دەکرێت و دەنێرێت بۆ یادگەی درێژخایەن،کە یادگەی کارکەر ڕۆڵی گوێزەرەوە دەبینێت لە نێوان یادگەی هەستیی و یادگەی درێژخایەندا،واتە جیهانی دەرەوە و ئاوەزیی مرۆڤ.

میکانزمەکانی خەزنکردنی زانیارییەکان پێکهاتووە لە (کۆکردنەوە،پاراستن)ی زانیارییەکان.

**١.**کۆکردنەوە/هەڵگرتنی زانیارییەکان ،ئەو زانیارییانەی، کە وەردەگیرێن لەلایەن وەرگرەوە بۆ ئەوەی سودی هەبێت پێویستە خەزنبکرێت،بپارێزرێن لەیادگەی درێژخایەن،دوای ئەوەی ،کە بەقۆناغە پێشکەوتووەکانی پرۆسەکردنی زانیارییەکان تێدەپەڕن،هەموو زانیارییەك لە یادگەدا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ زانیارییەکانی دییکە ،کە پێشتر لە یادگەدا هەڵگیراون،"زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان لەوانەMercier &Dore باوەڕیان وایە،کە پرۆسەی خەزنکردنی زانیاریی ئاسانتردەبێت ،ئەگەر بدرێتە پاڵ زانیاریی دیکە و پەیوەستبکرێت بە زانیارییە وەرگیراوەکانی پێشوەخت ،جا ئەودانەپاڵە پەیوەستکردنی ناوەکییی بێت یان پەیوەست بێت لەگەڵ زانیارییەکە لە جیهانی دەرەوە "[١].

**٢.پاراستن**،ماوەی مانەوەی زانیاریی و پاراستنی تایبەتمەندییەکە،کە یادگەی کارکەر لە یادگەی درێژخایەن جیادەکاتەوە،زانیارییەکانی یادگەی درێژخایەن پارێزراون ،بۆچەندسالێك(هەندێکی تا کۆتاییی تەمەن)دەپارێزرێت ،دەمێنێتەوە،بەڵام یادگەی کورتخایەن پەرش و بڵاو و کاتییە،ئەگەر بەپرۆسەنەکرێت بەردەوام ،ئەوا زانیارییەکانی لە چەند چرکەیەك زیاتر بەردەوام نابێت .بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵگرتنی زانیاریی ،پاراستنی سەرکەوتووبێت گرتنەبەری دوو میکانیزم یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە ،ئەوانیش بریتیین لە:

١.دووبارەکردنەوەی ئاوەزیی،کە گفتوگۆیەکی ناوەکییە ،گرنگترین میکانیزمی چالاککردنی زانیارییەکانە لە یادگەی کارکەردا پێش پەرشبوونەوەی.

---

[١] بنعیسی زغبوش(٢٠٠٨: ٥١)

ب.پاڵپشتیکردن/دانەپاڵ،زانیارییە کۆدکراوەکانی یادگەی کارکەر بەهۆی توانای سنورداری ئەم یادگەیە بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان زۆر نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بپارێزرێت پێویستە بنێررێت بۆ یادگەی درێژخایەن،بۆ ئەوەی زانیارییەکان لەم یادگەیەدا شێوەیەك هەڵبگیررێن ،کە توانای دەستپیاگەیشتنیان ئاسان بێت ، پێویستە پرۆسەی دانەپاڵ چالاك بکرێت،واتە پەیوەستکردنی زانیاریی کۆنەکان بە زانیاریی نوێ.

## ٢/١-٢-٣-٣) پرۆسەکانی بەدەستهێنانەوە/گەڕاندنەوە Retrieval process

"زمانپژاندنی منداڵ وقسەکردنی،کە لە ساڵی یەکەم و دووەمدا دەستپێدەکات،کە وەك پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوە دەبینیین و لێیتێدەگەین"[١]، کە بەرهەمهێنانەوە یەکێکە لە سێ پرۆسە سەرەکییەکەی یادگە ،چونکە بۆ جێبەجێبوونی بە پرۆسەدابردنی زانیارییەکان گرنگە.

"بەدەستهێنانەوە پرۆسەیەکی ڕێکخراوی والاکراوە بۆ زانیارییەکان ،یاریدەدەرە بۆ زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان ،کە گفتوگۆکردنی بۆ سازدەکرێت"[٢]،پرۆسەی بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان لە ڕیگەی چەند میکانزمێکەوە جێبەجێدەبێت،کە دەستپێداگەیشتن و گەڕاندنەوەیە . زانیارییە هەڵگیراوەکانی یادگە سودی نابێت بۆ پرۆسەی فێربوون بە بێ بوونی توانای دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی ، دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی پرۆسەکانی یادکردنەوە،توانای بەکارهێنانی زانیارییەکانە لە کاتی پێویستدا،دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان زانیارییە کۆن و نوێیەکانی یادگە دا. "باشترین هۆکار بۆ بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان هەڵگرتنێتی بە شێوەیەکی گونجاو و باش"[٣]،پێویستە پرۆسەی هەڵگرتنی زانیاریی و بەدەستهێنانەوە وەکو دوو پرۆسەی جیاواز لەیەکتری مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت ،چونکە یەکێکیان ئاوێنەی ئەوی دیکەیانە،ئەوە لەبەرچاوبگیرێت ،کە بۆ هەر یەکێکیان میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە ،کە بەردەوام کارلەیەکتری دەکەن،میکانیزمی بەدەستهێنانەوەی زانیاریی (یادکردنەوە،ناسینەوە)یە.

---

[١] محەمەد مەحویی(٢٠٠٩: ٩٠)

[٢] ا.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٥٤) ب.(Caroll,W.D,(2008: 75

[٣] ا.بنعیشی زغبوش(٢٠٠٨: ٥٥) ب.(Baddely(1993:15-16

## ٢ /٢) تێگەیشتنی زمان

زمان دوو لایەنی هەیە ،لایەنێکیان کۆنکرێتیی بیستراو بینراوە(قسەکردن،نوسین)،لایەنەکەی دیکەیان درککراو ئەبستراکتە ، پەیوەندی هەیە بە پرۆسەکانی شیکردنەوەی زانیارییەکان و چۆنییەتیی ڕێکخستنی بیر لە ئاوەزدا،کە هەردوو لایەنەکە کارتێکەر و کارتێکراو دەبن بەیەکتری، زمان هۆکاری دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانە،بەهۆی دەربڕین و بیستنەوە ،ئەم توانایە بنەمای زمانن و لەیەکدی جیاناکرێنەوە،کە لە زانستی زمانی دەرونییدا گرنگیدان و پەیوەستکردنی دروستە فۆرمییەکانە بە پرۆسە ناوەکییە درکپێکراوەکانەوە. هەر لەبەر ئەمەیە ،کە پێویستە لە پرۆسەی زمانپژاندن دا ئاماژە بە پرۆسەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بکرێت،کە تێگەیشتنی زمانی ئاخاوتنی گەورەکان و بەرهەمهێنانی ئەو زمانە لە لایەن منداڵەوە دەگرێتەوە، لەم پارەدا هەوڵدراوە ئەم دوو پرۆسە گرنگە لای منداڵ شیکردنەوەی بۆ بکرێت بە پێی زانستی زمانی دەروونی ،کە"بەشێوەیەکی گشتی چەمکی زانستی زمانی دەروونی ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:

أ.کردە زمانیەکان ، وەك (خوێندنەوە، نوسین، بەرهەمهێنانی زمانی لای قسەکەر و دروستکردنی تێگەیشتنی زمانی لای گوێگر.

ب.خەزنکردنی کەرەستەی فەرهەنگی و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوە گەڕاندنەوەی، بەواتا چۆن وشەکان لە ئاوەزدا هەڵدەگیرێت ، لەکاتی پێویستدا چۆن بەگەڕ دەخرێن.

ت.زمانپژان.

پ.خاوەنپێداویستیە تایبەتەکان وەك ( کەڕی، لاڵی، یان ئەوانەی گرفتیان لە مێشکدا هەیە).

ج.زمان ومێشك و پەیوەندیان بەیەکەوە.

ح.کردەی وەرگرتنی زمانی دووەم و بەکارهێنانی"[1].

---

[1] شیلان عومەر( ٢٠١١ : ٧٣ )

## ١-٢/٢) پرۆسەکانی تێگەیشتنی زمانComprehension Language Process

چەمکی تێگەیشتن ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسە ئاوەزییانەی،کە بەهۆیەوە گوێگر چەمك و واتا هەڵدەهێنجێنێت لەو دەنگانەی قسەکەر دەریدەبڕێت،لێکدانەوەیە بۆ ئەو واتایەی لە لایەن قسەکەرەوە دەربڕراوە،گوێگر کاتێك گوێی لە ڕستەیەك دەبێت هەوڵدەدات لە واتاکەی تێبگات، لێکدانەوەی بۆ بکات،واتە ئەگەر ڕستەکە هەواڵی بێت ئەوا گوێگر زانیاریی وەردەگرێت و خەزنی دەکات لە یادگەدا،ئەگەر ڕستەکە پرسیاری بێت هەوڵی گەڕان بەدوای ئەو زانیارییە دەدرێت و وەڵامدەدرێتەوە لەلایەن گوێگرەوە،هەروەها کاتێك داوای جێبەجێکردنی کارێك/فەرمانێکی بەسەردا دەدرێت بڕیاردەدرێت لە لایەن گوێگرەوە،کە چ کارێك ئەنجام بدرێت ، تێگەیشتن یەکێکە لە پرۆسە سایکۆلۆژییە ئاڵۆزەکان،چەمکی تێگەیشتن لەگەڵ پەیپێبردن و درککردن لە ڕوی پەیوەندییانەوە سێ بۆچوون دەربارەیان هەیە[1] :

١.تێگەیشتن و پەیپێبردن/درککردن بەرامبەر بەیەك وەکو دوو وشەی سینۆنیم مامەلەی لەگەڵ کراوە،وەکو لای فیرس.

٢.درککردن هایپۆنیمێکە ،کە پەیپێبردن و تێگەیشتن دەگرێتەوە،وەکو لای گارنەر.

٣.تێگەیشتن پرۆسە گشتییەکەیە ،هایپۆنیمێکە و پرۆسەی درککردن یەکەمین هەنگاوە ،تێگەیشتن کۆتا هەنگاویەتی،پەیپێبردن بۆ ئاخاوتنە و تێگەیشتن بۆ زمان.

ئەو بۆچوونەی ،کە لەم لێکۆڵینەوەیە گیراوەتە بەر و کاری لەسەرکراوە بۆچوونی سێیەمیانە،چونکە درککردن چۆنیییەتی پەیپێبردنی زانیارییەکانە،کە دواتر تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە،تێگەیشتن بەچەمککردن/وێناکردنی واتایە و ئامادەیی مێشکە بۆ هەڵهێنجان. بەڵگەش بۆ کارکردن بە بۆچوونی سێیەم لە چەند خاڵێکدا لەم لێکۆڵینەوەدا ئاماژەی پێدەدرێت،لەوانە:

---

[1] جمعە سیدیوسف (١٩٩٠: ٦٩)

١.یەكێك لە سەرچاوەكانی خراپ تێگەیشتن خراپ پەیپێبردنە بە شتەكان،كە ئەمە لە قۆناغە سەرەتاییەكانی زمانپژاندن دا هەستی پێدەكرێت،بە تایبەتی لەپرۆسەی گشتوەگیرییكردن[1] و ئەبستراكتكردندا.

٢.بەكارهێنانی میتافۆڕە لە زماندا ،كە دەتوانرێت وشەكان لەسەر ئاستی درككردن جیاكاریی لە نێوانیاندا ئەنجام بدرێت،بەڵام تێگەیشتن نەیەتە ئاراوە(لە واتاكەی تێنەگات )،واتە درككراوە بەوەی بابەتەكە میتافۆڕە،بەڵام تێی نەگەیشتووە،بۆ نموونە لە بابەتەكانی لێكچواندن و خواستندا.

تێگەیشتنی زمان پرۆسەی شیكردنەوەی زنجیرەدەنگییەكەیە كەهەڵگری یەكەزانیارییەكانە ،لەلایەن گوێگرەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت.سەرەتا پرۆسەمیكانیكییەكان دەست پێدەكات لەرێگەی ئۆرگانەكانی بیستنەوە پاشان لەرێگەی دەمارەخانەكان دەگوێزرێتەوە بۆمێشك و لێرەوە كردە كارەباییەكان دەست دەكەن بە شیكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كەدەنگەكان هەڵگرنی ،كردەی تێگەیشتن لەئاستی دەنگەوە دەچێت بۆ ئاستی سیمانتیك،بەڵام پرۆسەی بەرهەمهێنان لە ئاستی واتاوە دەچێت بۆ ئاستی دەنگ.

توانای تێگەیشتن لای منداڵ زووتر گەشەدەكات بەبەراورد بە توانای بەرهەمهێنانی ئاخاوتن ،لە هەمان كاتدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن پەیوەستە بە تێگەیشتنی ئاخاوتن،كە تێگەیشتن پرۆسەیەكی ئاڵۆز ، گرنگ و چالاكە لە ژیانی منداڵدا،كە بە پەیبردن ودرككردن دەستپێدەكات،گەشەكردنی توانای درككردن پەیوەستە بە رێكخستنی پرۆسە ئاوەزییەكان،ئەمیش دوو هۆكار رۆڵی تێدا دەبینن ، ئەوانیش بریتین لە:پێگەیشتنی بایلۆژیی و ژینگەی دەوروبەر.

بەپێی ئەم تیۆرییە وەرگرتنی چەمكە هۆشەكییەكان پێش وەرگرتنی هێمازمانییەكان دەكەوێت،كە هێمازمانییەكان هەڵگری چەمكەكانن ،وێنە هۆشەكییەكان لە رێگای ئەو ئاماژەزمانییانەی ،كە لە ژینگە كۆمەڵایەتییەكەی هەیە دروست نابێت،بەڵكو" وێنە هۆشەكییەكان سەرەتا بەشێوەی وێنەخودی نازمانیی لەناو مێشكی منداڵدا دروست دەبێت"[2]،واتە پێویستە منداڵ سەرەتا چەمكەكان تێبگات پێش ئەوەی بتوانێت پەیوەستی بكات بە وشەیەكی دیاریكراوەوە،تێگەیشتن لە شتێك لای منداڵ كاتێك دروست دەبێت ،كە تێبینی

---

[1] زاراوەی گشتوەگیریی بەرامبەر زاراوەی( Generalization ،تعمیم ) لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەكارهاتووە،كە وەرگیراوە لە سەرچاوەكانی محەمەدی مەحویی.

[2] دانا تەحسین(٢٠٠٨: ٥٠)

بکات ئەو شتەی دەیبینێت چەندجارێك دووبارە دەبێتەوە بێ ئەوەی بگۆڕێت،واتە وێنەیەکی هۆشەکی لا دروست ببێت،هەروەها فێربوونی زمان لەڕێگەی هێمازمانییەکانەوە نابێت بەبێ ئامادەبوونێکی کۆنکرێتی بوونەفیزیکییەکە[1]،چونکە یادگەی منداڵ سروشتێکی هەستیی هەیە،توانای وەرگرتن و یادکەوتنەوەی زانیارییە بینراوەکانی زیاترە،واتە ئەگەر منداڵ تەنها گوێی لە دەنگەکانی ئاخاوتن بێت بەدەر لە شتەکان و بارودۆخی دەوروبەر ،ئەو ئەزموونانەی کە ڕووبەڕوی ئاوەز دەکرێنەوە ،ئەوا فێری ئاخاوتن نابێت،تەنانەت ئەگەر هەزاران جار گوێی لە وشەی (بەعە/مەڕ،میاو/پشیلە) ناتوانێت لە واتا و چەمکەکەی تێبگات،بۆیە دەربڕینی وشەکان دەبێت پەیکاڵ بێت لەگەڵ بوونی فیزیکی شتەکە/دەنگی سروشتی ئاژەڵەکە،ئەمە نیشانەیەکی باشە بۆ ئەوەی منداڵ فێری واتای وشەکان ببێت .

پرۆسەی تێگەیشتنی زمان پەیوەندی بەپرۆسەی بیستن و توانای پەیپێبردن و درککردنی ئاخاوتنەوە هەیە،بۆ ئەوەی گوێگر توانای تێگەیشتنی وشە و دەربڕاوەکانی دەوروبەری هەبێت پێویستە زانیاری وەرگیراو بەسێ وەچە پرۆسەدا ببرێت[2]،ئەوانیش بریتیین لە :

## ٢/٢-١-١)پەیپێبردن Perception

پرۆسەی پەیپێبردن و درککردنی دەنگەکانی ئاخاوتن (فۆنیمەکان) ،تێگەیشتن لە وشە ،ڕستە و دەربڕاوەکان دەگرێتەوە،واتە شیکردنەوەی زنجیرەدەنگییەکە بۆسەگمێنتەکانی segmentation ،کە دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیLexical Access ڕۆڵی تیادا هەیە ، چ بەپێی تیۆری (مۆدولارێتیی / پەیوەندێتیی)[3] بێت ، بە شێوەیەکی گشتی تێگەیشتن لە زمان خۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن لە واتای

---

[1]بڕوانە: ا.دنی ایستانبرگ(١٩٩٠: ٢١) b.Cooper,J., Modley,M. & Reynell,J.(1978: 20)
c.Bloom,L. & Lahey,M.(1978: 74-83)

[2] غازی عەلی(٢٠١٠: ٩٦)

[3] (مۆدولارێتیی،پەیوەندێتیی/نا مودرلارێتیی) ئەو دوو مۆدێلە بوون ،کە فۆدۆر بانگەێشتیکرد وەك دوو سیستمی درککردن بۆ لێکدانەوەی پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی زمان(پرۆسەکانی زانیاریی،تێگەیشتن،بەرهەمهێنان) ،کە بە پێی >مۆدیوڵارێتی< پەیوەست بە پرۆسە زنجیرەییەکانەوە چوار گرێ لە یادگەی هەمیشەییدا هەیە ، بە هۆیانەوە نامەکان دارشتەی سەربەخۆی خۆیان جێبەجێدەکەن و دەدرکێنرێن، ئەوانیش بریتین لە ئاستەکانی (دەنگسازیی، ڕستەسازی ، وشەسازی ،واتاسازی)

فەرهەنگیی و تێگەیشتن لە میتافۆڕ[1].

پرۆسەی تێگەیشتن لە واتای فەرهەنگیی لە چەند وەچەپرۆسەیەکی دیکەدا جێبەجێدەبێت[2]،کە ئەوانیش بریتیین لە:

١. پەیبردن و درککردنی دەنگەکانی ئاخاوتن

٢.تێگەیشتن لەوشەکان.

٣. تێگەیشتن لەڕێکخستی ڕستە.

٤.تێگەیشتن لە دەق.

## ٢/٢-١-٢)جفرەلێکدانەوەEncoding

"گێڕانەوەی هێمازمانییەکان بۆ تەسورەکانی(چەمك و ناوەڕۆکەکانی )گوێگر،واتە چۆن لە دروستە زمانییەکانەوە structures linguistic دروستە بیرییەکان / دروستە ئاوەزییەکان thought

---

بەڵام لە مۆدێلی>پەیوەندێتیی< دا پەیوەست بە پرۆسە هاوتەریبیەکان داڕشتەکان وەك یەك گرێ دەنوێنرێن ، کە لەیەك ئاستدا چالاکدەبنەوە .بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ا. ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٢٢-٢٨ ،١٠٠)

c. Fodor, J.A(1988: 3-71 b. Fodor , J.A.( 1983)

[1] میتافۆر ئەو دیاردە زمانییەیە، کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی بەناویەکیدا چووی هەیە ، بەهۆی گشتوەگیریی ئەو لێکچوونانەی لەگەڵ شتە ئاسایی و سادەکاندا هەیەتی ،بۆیە وەك یەکێك لە سەرتۆپە گرنگەکانی زانستی زمانی دەروونیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ، یارمەتی ئەرکی پەیوەندیکردن و درککردن دەدات چونکە ئەو بیرانە دەگەیەنن ، کە ناتوانرێت بەهۆی واتای فەرهەنگییەوە بگەیەنرێن، هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە واتا ئەبستراکت و ناباوەکان بەهۆی میتافۆڕەوە دەگەیەنرێن ،بەهۆی ئاڵۆزیی و تێکچڕژاویی واتای میتافۆڕەوە،تا ڕادەیەك منداڵ توانای تێگەیشتنی ئەم بابەتەی زمانی نییە ،لەبەرئەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکە تایبەتکراوە بە تەمەنی منداڵ لەساتی لەدایکبوونییەوە تاوەکو قۆناغی چوونە قوتابخانە(تەمەنی شەش ساڵیی) بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە.بۆ زانیاریی لەسەر میتافۆڕ و پرۆسەی تێگەیشتن لە میتافۆڕ ،بڕوانە: ١. بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠) ب.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٩٥)

پ. Barnden ,A. Jhon and Lee , G . M .( 2001: 10)

[2] Scovel,T.(2009:50)

structures هەڵدەهێنجێنرێن"[1]،لە پرۆسەی جفرەلێکدانەوەدا پێویستە ڕەچاوی واتای هەر تاکە مۆرفیمێك و کۆنتێکستی سینتاکس بکرێت،بۆ نموونە

١.أ) ڕاوێژ ڕەوای بانگکرد بۆ ئاهەنگەکە.

ب)ڕەوا ڕاوێژی بانگکرد بۆ ئاهەنگەکە.

لەم نموونەیەدا ڕستەی (١.أ) واتای ڕستەی (١.ب) ناگەیەنێت، چونکە ئەرکی سینتاکسی (ڕاوێژ) لە ڕستەی(١.أ)کارا و (ڕەوا) کارتێکراوە،بەڵام لە ڕستەی( ١.ب) (ڕاوێژ) کارتیکراوە و (ڕەوا) کارا.

## ٢/٢-١-٣)نرخ پێدان/بەهاپێدان Valuation

پاش پەیپێبردن و جفرەلێکدانەوەی شریتە دەنگییەکە ئەم پەیام/ چەمکە بە پێی شارەزایی و ئەزموونی گوێگر بەگشتی،تێگەیشتنی سەبارەت بەو ڕەوشەی پەیامەکەی تیادا بەرهەمهێنراوە هەڵدەسەنگێنرێت و بەهای بۆ دادەنرێت،کە ئەمەش چۆنییەتی تێگەیشتن و بەهاپێدانی قسەکەرە بەئەو دەربڕینەی بیستراوە.

## ٢/٢-٢)قۆناغەکانی تێگەیشتنی زمان لای منداڵ

لەسەرەتای تەمەنی ساواییدا منداڵ بێ مەبەست ژمارەیەك دەنگ دەردەبڕێت بۆ گوزارشتکردن لە پێداویستییەکانی،واتە بەو دەنگانە گوزارشت دەکات لە هەستەکانی بێ ئەوەی مەبەستی پەیوەندیکردن بێت بە دەوروبەرییەوە[2]،بەڵام کاتێك ئەو گوزارشتە دەنگییە دەبێت بەزمان ،کەبەمەبەستی پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەوە بەکاربهێنرێت،واتە دەنگەکان ئاماژەبن بۆ شتێك،کاتێك ئەمە ڕوودەدات ،کە منداڵ درك بە

---

[1] محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩: ٥٨)

[2] Bloom,L.& Lahey,M.(1978)

(بەردەوامیی شتەکان[1]Object permanence)بکات ،ئەمەش لە دەوروبەری شەش مانگی تەمەنی ساواکەوە دەستپێدەکات.

## ٢/٢-٢-١) درککردن/پەیبردن بە دەنگەکانی ئاخاوتن

منداڵ پێش ئەوەی لە وشە و دەربڕاوەکانی دەوروبەر تێبگات(کە هێمای زمانین) بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت ،کە بە> تێگەیشتنی بارودۆخیی[2] Situational Understanding< ناودەبرێت ،مەبەست لێی تێگەیشتنی دەربڕینێکی دیاریکراوە ،نەك وەك هێمای زمانی بەڵکو وەکو زنجیرەیەك دەنگ،کە ئاوازێکی هەیە ،کەسێك دەریدەبڕێت لە بارودۆخێکی دیاریکراودا،وەك دەربڕینی ڕستەی ( ٢) لە لایەن دایکەوە دوای ئەوەی خواردن دەدات بە منداڵەکەی ،کاتێك ئەم بارودۆخە دووبارەدەبێتەوە منداڵ لەم دەربڕینەی دایکی تێدەگات دوای چەند جارێك دووبارەبوونەوە،کە تێگەیشتن لەم دەربڕاوە پشت بە واتای وشەکان نابەستێت ،بەڵکو پشت دەبەستێت بە دەربڕینی دەنگیی و بارودۆخەکەی .

٢) وەرە دەست/چەچەکەت بۆ بشۆم.

پرۆسەی تێگەیشتنی زمان بە بیستنی دەنگەکان دەست پێدەکات،ساوا سەرەتا دەنگەزمانییەکان لە دەنگەکانی دیکە جیادەکاتەوە،لەناو دەنگە زمانییەکانیشدا پەی بە جیاوازیی نێوان دەنگەکان دەکات، ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگی دەدات بە توانای پەیبردن و درککردنی دەنگەکانی ئاخاوتن لەلایەن منداڵەوە ،کە پەیوەندی هەیە بە گەشەکردنی توانای بیستن،ئەم توانایە لای منداڵ لە پێنج مانگی کۆرپەیی لە سکی دایکیدا گەشە دەکات، هەروەها توانای پەیپێبردن و درککردن بە دەنگەکانی دەوروبەر و وەڵامدانەوەی منداڵ لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە هەستی پێدەکرێت،وەك لە تاقیکردنەوەکەی بترفیلد،کە لەسەر چەند منداڵێکی تازەلەدایکبوو ئەنجامدرا،گەیشتن بەو ڕاستییەی منداڵان لەو تەمەنەدا وەڵامدانەوەیان بۆ دەنگەکانی

---

[1] مەبەست لە بەردەوامیی شتەکان،بوون و بەردەوامی شتەکۆنکرێتییەکان دەگرێتەوە،تەنانەت ئەگەر شاراوە/ لەبەردەستدا نەبن.بۆ نموونە درککردنی منداڵ بە بوونی بەردەوامی( تۆپ/بووکەڵە)،کاتێك دەشارێتەوە،پەتۆی دەدرێت بەسەردا منداڵ چاوی بۆ دەگێڕێت هەوڵی دۆزینەوەی بدات،ئەم گەڕانە لای منداڵ ئاماژەیەکە بۆ دروستبوونی وێنەیەکی هۆشەکی شتەکە لای،واتە فێری واتای(تۆپ/بووکەڵە)بووە .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a.Sinclair,H.(1974:124-126) b.Buckly,B.(2003) c.Bloom,L.& Lahey,M.(1978:77-81)

[2] Cooper,J., Modley,M. & Reynell,J. (1978: 21)

دەوروبەر دەبێت[1]، کە ئەم توانایە ڕۆڵی چالاك دەگێڕێت لە دەسەلاتشکاندنەوەی منداڵ بەسەر دەنگەکانی دەوروبەر ،چونکە توانای درککردنی دەنگ و تێگەیشتنی زمان پەیوەستە بە توانای بیستنەوە .

دیاردەیەکی گرنگی دیکە ،کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت توانای پەیبردن و درککردن بە جیاوازیی نێوان دەنگەکانی زمان ،کە لای منداڵ لە تەمەنی یەك بۆ دوو مانگیی دا دەردەکەوێت، تەنانەت توانای جیاکردنەوەی دەنگە زۆر لەیەکتر نزیکەکانیشیان هەیە ،بۆ نموونە جیاکردنەوەی دەنگی / ب/ لە دەنگی / پ / لە بڕگەکانی (/با/،/پا/)،کە لە تاقیکردنەوەکەی ئیماسدا ئاماژە بەم ڕاستییە دراوە، ئەمە جیاکردنەوەیەکی وردە،کە تەنها لە نیشانەی جیاکەرەوە(distinctive fetures)ی واتای(دەنگدار/گڕ)یدا جیاوازن.

| /ب/ | | /پ/ | |
|---|---|---|---|
| | C + | | C + |
| | +لچو لێویی | | +لچو لێویی |
| | + دەنگدار | | _ دەنگدار |
| | + گیراو | | + گیراو |

تاقیکردنەوەکەش لەسەر چەند منداڵێکی یەك بۆ دوو مانگی دابوو،کە هەر منداڵەو مەمکەمژەیەکیان خستە دەمیانەوە،کە پەیوەستبوو بە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بۆ دیاریکردن و پێوانی ڕادە و خێرایی مژینەکە، پاشان تۆمارێکی دەنگی(تەسجیل)یان خستە سەر ،کە بڕگەی /با/ ی دەردەبڕی،ئەم تاقیکردنەوەیە بەردەوام بوو ،بەشێوەیەك ڕادەی مژینەکە ڕێژەیەکی جێگیر و دیاریکراوی وەرگرت ،بەلام کاتێك لێکۆڵەر و هاوکارانی دەربڕینی /با/ یان گۆڕی بە /پا/ هەموو منداڵەکان بە بیستنی دەربڕینە نوێیەکە خێرایی مژین لایان زیادی کرد،ئەمەش بەلگەیە بۆ ئەوەی منداڵ توانای پەیبردن و درککردنی دەنگە جیاوازەکانیان هەیە،کە گرنگن بۆ پرۆسەی زمانپژاندن[2].

---

١ ١.موفق الحمدانی(١٩٨٢: ١٤٠) ب. Filed, B. (1968)

2a .Eimas,P.(1971) b.Clark,E(2009: 56) c.Harley, T. A. (2005:114)

جگە لەوەش منداڵ توانای جیاکاریکردنی نێوان فۆنیمەکانیان هەیە ،کە کەسانی پێگەیشتوو درکی پێدەکەن، ئەم توانا و لێهاتوویی منداڵ گەشە دەکات بەپێی گەشەکردنی سایکۆلۆژیی و بایلۆژیی، هەروەها شیکارکردن و پەیبردنی دەنگی لای منداڵ پەرەدەستێنێت،کە پرۆسەیەکی چالاك و بەردەوامە، هەردوو توانای کارلێکردنی درککردنی دەنگ لەگەڵ شیکردنەوەی رێکخستن و واتا دەگرێتەوە.

نیشانەیەکی دیکە ،کە پێویستە لە درککردنی ئاخاوتندا ئاماژەی پێبدرێت سترێس stressو ئاوازە intonation،منداڵ پێش ئەوەی توانای تێگەیشتنی واتای وشە و ڕستەکانی هەبێت لە زمانی ئاخاوتنی دەوروبەری تێدەگات بەپێی بارودۆخی ئاخاوتنەکە ،هەروەها پێش ئەم قۆناغەش منداڵ لە ڕێگەی بەرز و نزمیی و سترێس و ئاوازی دەربڕینەکانی دەوروبەرییەوە پەی بەوە دەبات ،کە ئایا ئاخاوتنەکان (توڕەبوون/یاری لەگەڵکردن)ە، منداڵ چێژوەردەگرێت لە گوێگرتن لە زمان لە تەمەنی سەرو شەش مانگیی ،گوێ لە گۆرانی و چیرۆك دەگرێت ،خۆشییان لێدەبینێت سەرەڕای ئەوەی لە واتاکەشیان تێناگات ،ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ،کە ئەو شتەی سەرنج و ئاگایی منداڵ ڕادەکێشێت دەنگەکەیە نەك واتاکەی ، دیاردەی دەربڕینی نا وشەیی non word (ئەو وشەو دەربڕینانەیە منداڵ دەریدەبڕێت و واتای نییە لە فەرهەنگیی وشەیی گەورەکاندا و داهێنانی منداڵەکە خۆیەتیی)،وەکو خۆشی وەرگرتن بەکاریدەهێنن،زمان لای منداڵ لەم قۆناغەدا جێی خۆشیوەرگرتنی هەستی جوڵییە،گرنگیی بە وردەکاریی واتایی نادرێت ،کە لای گەورەکان جێگەی گرنگیی پێدانە.هەروەها بەم شێوەیە منداڵ پێش ئەوەی بەتەواویی دەنگەکانی زمانی دایك وەربگرێت توانای درککردن و بەرهەمهێنانی هەموو دەنگە زمانییەکانی زمانەکانی جیهانی دەبێت،بەڵام بەشێوەیەکی ناکامڵیی،بەڵام پاش فێربوون و وەرگرتنی فۆنیمەکانی زمانی دایك بە شێوەیەکی جیاکار وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ ئەو دەنگانە.

قسەکەر لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە زنجیرەیەك شەپۆلی دەنگیی دەردەبڕێت،کاتێك دەگات بە گوێی گوێگر ،گوێگر هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی دەنگەکان،وشە ڕستە و دەربڕاوەکان،کۆتا قۆناغ تێگەیشتنی واتاکەیەتی ،کە لەسەر بنەمای پەیبردنە ،بۆیە بە پەیبردن و درککردنی ئاخاوتن ناودەبرێت[١] . لێکۆڵینەوە لە درککردنی ئاخاوتن و دەنگەکان یەکێکە لەبابەتە کێشەلەسەرەکان ،گرفتی سەرەکی لە

---

[١] ا.جمعه سیدیوسف(١٩٩٠: ٧٠). ب.Clark,H. & Clark,E.(1977:176).

درككردنی ئاخاوتندا ناسینەوە و دیاریكردنی جۆری دەنگە دەربڕاوەكانی ڕستەیە،هەروەها دەنگەكان بەجیا دەرنابڕێن، بەڵكو بە شێوەی شریتی دەنگییە ،پەیوەستن پێكەوە ،بۆ نموونە:

٣) نامی لەگەڵ هاوڕێ نزیكەكەیدا بەیانی دەچێت بۆ سەیران .

لە ڕستەی(٣) دا دەربڕینی دەنگەكان پەیوەستن بەیەكەوە،جیانەكراونەتەوە بۆ یەكەی جیاواز، دەنگەكان تایبەتی جیاكارییان نییە بۆ نموونە دەربڕینی دەنگی/ ن/ لە وشەكانی (نامی،بەیانی ،نزیك، سەیران) دا دووبارە دەبنەوە،هەر هەمان دەنگە ،بەڵام دەربڕینەكانیان كت و مت وەكو یەكدی نییە،ئەمەش پەیوەست و كاریگەر دەبێت بە " كاریگەریی دەنگەكانی دەوروبەر وشوێنی هاتنیان لە وشە و ڕستەكاندا،تایبەتی ئەكویستیكی ئەو شوێنەی ئاخاوتنەكەی تیادا ئەنجام دەدرێت،ڕەوشت و پلەی خوێندەواری قسەكەر،بۆنەی قسەكردن،هەناسەی قسەكەر و چەندێتی ئەو هەوایەیی لە سییەكانەوە دەریدەكات،ڕادەی وزەی بەكارهاتوو بۆ بەرهەمهێنانی دەنگەكە"[١]،جگە لەوەش كاتێك گوێگر درك بە ئاخاوتن دەكات شێوازی درككردنی دەنگەكان فۆنیم فۆنیم نییە،بەڵام سەرای ئەو دیاردە و هۆكارانەی ئاماژەی پێدرا مرۆڤ/منداڵ توانای پەیپێبردن و درككردنی دەنگەكانی هەیە،دەتوانێت درك بە جیاوازیی و لێكچوونی نێوان دەنگەكان بكات .

## ٢/٢-٢-٢) تێگەیشتن لە واتای وشەكان لای منداڵ

ئەو وشانەی منداڵ سەرەتا فێری دەبێت پەیوەستە بەو شتانەی ،كە سەرنجی ڕادەكێشێت لە ژینگەی دەوروبەریدا،سەرنج و تێبینی بەلای نیشانە و تایبەتمەندییە جیاكەرەوەكانی شتەكاندا دەچێت لە شێوە ،جووڵە، گۆڕانكارییەكانی ،پۆلینی دەكات لە چەشنەكاندا ،هەر چەشنێك دابەش دەبن بۆ جۆر و چەشنی بچوكتر،لە سەر بنەمای بوونی لایەنی لێكچوون و جیاوازی لە نێوانیاندا،ئەمە وادەكات منداڵ فێری واتای وشەكان ببێت،چونكە فێربوونی زمان پەیوەستە بە چەمك وناوەڕۆكی واتای وشەكان و ئەو ئەزموونانەی لە ڕێگەی تێبینیكردنەوە دێنە ئاراوە[٢].كەواتە بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا جیاوازی هەیە لە واتای وشە لە نێوان

---

[١] محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١١: ٦٢-٦٣)

[2]. Bloom,L. & Lahey,M.(1978: 73-74)

منداڵ و مرۆڤی پێگەیشتوودا ،بە پێویست دەزانرێت باس لە چۆنییەتی و قۆناغەکانی فێربوونی واتای وشە لە لایەن منداڵەوە بکرێت ،بەم شێوەیە:

## ٢/٢-٢-٢-١) چۆنییەتیی تێگەیشتن/ وەرگرتنی واتای وشەکان لای منداڵ

پرۆسەی تێگەیشتن و فێربوونی وشە[١] لەلایەن منداڵەوە پەیوەندیی هەیە بە ئاگایی و توانای سەرنجدان ، تێبینکردن،ئەمەش ڕۆڵی هەیە بۆ پەیپێبردن و درککردنی ئەو وشانەی دووبارە دەبنەوە ،تێبینیکردن و پەیبردن بە لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان وشەکان و پۆلینکردنیان بۆ بەشەکانی ئاخاوتن(ناو،کردار، ئاوەڵناو ) ،بەڵگەش بۆ سەرکەوتن و دەسەلاتشکاندنەوەی بە سەر ئەم جیاکردنەوە و پۆلینکردنەدا بەکارهێنانی مۆرفیمە ئەرکییەکانە و بەکارهێنانییەتی بە شێوەی ڕاست و دروست،بۆ نموونە بەکارهێنانی پارتیکڵی ناسراویی /دیاریکردن لەگەڵ ناو ،بەکارنەهێنانی لەگەڵ کرداردا[٢] ،سەرەتای فێربوونی واتای وشەکان لای منداڵ لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە واتاییەکانیانە ،کە پەیوەستە بە شێوە،قەبارە، ڕەنگ،شێوازی هەڵسوکەوت، لایەنی بەکارهێنان و ئەو ئەرکانەی جێبەجێی دەکات،واتە منداڵ لەم قۆناغەدا بە شیکردنەوەی زمانیی بۆ وشەکان و ئەو دەوروبەرە واتاییەی تیایدا بەکارهاتووە فێری وشەکان نابێت،بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە ئیڤا کلارك لە ڕێگەی گریمانەکەیەوە هەوڵیداوە لێکدانەوە بکات بۆ جیاوازی واتای وشە لای منداڵ و مرۆڤی پێگەیشتوو ،گەشەکردنی واتا لای منداڵ هەتا هاوتا دەبێتەوە لەگەڵ واتا لای مرۆڤی پێگەیشتوو،گریمانەکەش بە ناوی ( **تیۆری وەرگرتنی نیشانە/فیچەرە واتاییەکان** Semantic Feature Acquisition Hypothesis )دیاردەی فێربوونی واتای وشەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە واتاییەکان لە سەرەتاکانی قۆناغی زمانپژاندندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت،بە پێی ئەم تیۆرییە منداڵ ئاگایی و سەرنجی لەسەر نیشانە/تایبەتمەندییە واتاییە گشتیی و ئاشکراکانە،پاشان نیشانە تایبەتییەکان،لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییەکانیش:( **جووڵە**،**شێوە** ،**قەبارە**، **دەنگ**،**تام**،**ماددە**،**کردار**)ن.

---

[١] گرنگی دان و باسکردنی وشەکان لە پرۆسەی زمانپژاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە توانای درککرن و گەشەکردنی لایەنی ژیریی وئاوەزمەندیی لە لای منداڵ،لەم بەشەدا باس لە پرۆسەی تێگەیشتن دەکرێت ،کە پەیوەندی بە واتاوە هەیە، بچووکترین ئاستی زمانیش کە خاوەنی واتا بێت وشە و مۆرفێمە پاشان ئاستی سینتاکسە.و یەکەمین قۆناغی زمانیی لای منداڵ بە یەك وشە دەستپێدەکات.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[٢] داود عطية عبده،سلوى حلو عبده(١٩٨٦: ١٦)

بۆ نموونە واتای وشەی (مەڕ/بەعە)لە لای مرۆڤی پێگەیشتوو لە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی پێکهاتووە،کە پەیوەستە بە قەبارە،شێوە،دەنگ....

**مەڕ/بەعە**

+ چوارپێ

_ قۆچدار/شاخدار

_قەبە(_ گەورە بەراورد بە مانگا)

+ باعاندن

_نینۆك،سم

کاتێك منداڵ فێری وشە دەبێت هەندێك لەو نیشانانە وەردەگرێت،نیشانەکان کورتدەکاتەوە،دیارترین نیشانە ،کە جێی سەرنجی منداڵە(+چوارپێ)یە ،بۆیە وشەی (مەڕ)بۆ (مەڕ،بزن،سەگ،پشیلە،ئەسپ، گوێدرێژ ، مانگا)بەکاردەهێنێت،نەك لەبەر ئەوەی هەست بە جیاوازییەکانیان ناکات بەڵکو لەبەرئەوەی جیاوازییەکانیان جێگەی گرنگیی پێدانی منداڵ نین[1].

شایەنی باسە جیاوازی پۆلینکردنی شتەکان لە نێوان منداڵ و مرۆڤی پێگەیشتوودا لە قۆناغێکدا دیاردەیەکی ئاساییە،تەنانەت پۆلینکردنی جیاوازی شتەکان لەنێوان گەورەکان(قسەپێکەرانی دوو زمانی جیاوازدا دیاردەیەکی دیاروئاشکرایە،واتە پۆلینکردن لە واتای وشەکان ،کە لە هەندێك زماندا جیاوازیی لە نێوان کۆمەلێك شت دەکات لەکاتێکدا لە زمانێکی دیکەدا بە یەك وشە گوزارشتی لێدەکرێت،بۆ نموونە لە ئەسکیمۆ چەند ناوێکی جیاواز بۆ( بەفر) هەیە ،بەلاّم لە زمانی کوردیدا یەك جۆر بەفر هەیە،لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی لە نێوان بەفری سروشتیی( snow) و بەفری دەستکرد/سەهۆڵ (ice)دەکات ،لە کاتێکدا لە زمانی عەرەبیدا بە یەك وشە گوزارشت لە هەردوو جۆرەکە دەکرێت بە وشەی (ثلج) ،ئەمە واتای ئەوە نییە قسەپێکەرانی ئەو زمانە درك بەو جیاوازییە ناکەن.هەروەها لە بەکارهێنانی وشەی ( tall)بۆ درێژیی ستوونی[+ستوونیی](واتە بەرز)،(long)بۆ درێژیی ئاسۆیی[_ستوونیی / +ئاسۆیی]،بەلاّم لە زمانی عەرەبیدا تەنها بە وشەی (طويل)گوزارشتی لێدەکرێت،هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر وشەی

---

[1] Clark,E.(1973: 74-76)

(لەنێوان) بە دوو وشە گوزارشتی لێدەکرێت،وشەی(between )بەکاردەهێنرێت لە نێوان دوو شتدا،بەڵام (among) لە نێوان دووشت زیاتردا بەکاردەهێنرێت[1].

کەواتە وەرگرتنی واتای وشەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە واتاییەکانیانە،پەیوەستە بە( شێوە ،قەبارە ،ڕەنگ،شێوازیی هەڵسوکەوت،لایەنی بەکارهێنان و ئەو ئەرکانەی جێبەجێی دەکات)،واتە منداڵ لەم قۆناغەدا بە شیکردنەوەی زمانیی بۆ واتای وشەکان و ئەو دەوروبەرە واتاییەی تیایدا بەکارهاتووە فێری وشەکان نابێت[2].تەنانەت ناونانی هەندێك لە شتەکانی دەوروبەر لەسەر بنەمای یەکێك لەو تایبەتمەندییە واتاییانە دەبێت،بۆ نموونە بە(پشیلە،سەگ،سەیارە،دەست...) دەڵێت (میاو ،وەوە، دیدە، چەچە...)،لە سەر بنەمای نیشانەی واتایی دەنگی سرشتی ئەو ناوانە،کە بریتیین لە: [+میاواندن]، [+وەڕین ] ،[+هۆڕینلێدان/دەنگی لێخوڕین] ،[+توانای چەپڵەلێدان]نن.

ئەم جۆرە تێگەیشتن و گشتوەگیریی و خەملاندنە لای منداڵ بەردەوام دەبێت و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت هەتا نزییکدەبێتەوە لە تێگەیشتنی وشە لای مرۆڤی پێگەیشتوو.

**دیاردەی** وەرگرتنی واتای وشەکان لای منداڵ لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە واتاییەکانیانە لە سەرەتای قۆناغەکانی زمانپژاندندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت،بۆ نموونە :

ا.لەسەر بنەمای نیشانەی واتایی (**شێوە**)،کە منداڵ بەپلەی یەك ناونانی شتەکانی بۆ ئەو وشانەی وەریدەگرێت و فێری دەبێت،بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (ترۆزی/تۆزی) بۆ (ترۆزی،خەیار)،یان وشەی (خەیار/خەیال) بۆ (خەیار،ترۆزی،کولەکە)،ئەمەش پەیوەندی هەیە بەو وشەیەیی سەرەتا منداڵ فێریدەبێت،کە لەسەر ئەو وشەیە دیارترین نیشانەی واتای ئەو شتە هەوڵدەدات ناو لە هاوشێوەکانی بنێت.هەروەها بە (مارمێلکە) دەڵێت (تیمساح/تیسماح)، ئاسنێك ژەنگی هەڵهێنابێت دەڵێت (خۆڵی گرتووە)،کە منداڵ نیشانەی واتایی [+ڕەنگی قاوەیی]وەرگرتووە.

---

[1] بڕوانە: ا.Clark,H. & Clark,E.(1978:555) ب.داود عطية عبده،سلوى حلو عبده(١٩٨٦: ٢١)

[2] Cruttenden,A.(1979: 85)

ب.لەسەر بنەمای (**قەبارە**)،بۆ نموونە بە هەموو پیاوێك دەڵێت (بابە)،کە لێرەدا سەرنجی منداڵ لەسەر نیشانەی واتایی[+گەورە]یە،بە هەموو منداڵێك دەڵێت (بەبە) تەنانەت ئەگەر منداڵەکە لە خۆدی منداڵەکە خۆی گەورەترین،لێرەشدا سەرنجی منداڵ لەسەر [_گەورە/+بچووك ] ە.

پ.(**ڕەنگ**) لێرەدا لەسەر بنەمای ڕەنگێك ناو لە شتێکی دیکە دەنێت،بۆ نموونە بە (شلیك) دەڵێت(تەماتە،قەیسی سوور/قەیتی تول)،ئەو نیشانە واتاییەی لێرەدا ناونانەکەی لەسەر بنیاتنراوە [+سوور] ییە.

ت.**لایەنی بەکارهێنان** ،بە کەوگیر وادەزانێت ڕیشەی یاریی ،بنەمای ئەم تێگەیشتنە پەیوەندی هەیە بە شێوە،لایەنی بەکارهێنان،کە سوود لە نیشانەی واتایی [+دەمێکی پان و خڕی کون کون]ە.کەواتە هەندێکجار سوود لە نیشانەیەکی واتایی زیاتر وەردەگرێت.

لە قۆناغی دواتردا منداڵ لە چەند وشەیەکی دیاریکراو تێدەگات ،کە ڕۆژانە لەناو ڕستە و دەربڕینەکاندا دووبارەدەبنەوە، واتە تێگەیشتنی منداڵ لە وشەکان وەکو هێمایەکی زمانییە(کە هەریەکێك لەو وشانە لە کۆمەڵێك مۆرفیم پێکهاتوون)،بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخ و دەوروبەرەی،کە وشەکەی تیادا بەکاردەهێنرێت .بۆ نموونە وشەی (وەرە،دەست/چەچە)لە ڕستەکانی(١،٢) دا.

٤.١) وەرە لال بکە/بخەوین.

ب)وەرە بۆ لای دایە.

٥.١) دەستەکەتم بدەرێ باسەیری بکەم/چەچەکەتم بەرێ با سەیری کەم.

ب) وەرە با دەستەکانت بشۆم.

پ) ئۆی دەستەکەی نامی بڤ بووە.

ت)کوا دەستەکەی نامی؟

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت چۆنییەتی فێربوونی واتا لای منداڵان لەگەڵ سێ جیاوازیدا مامەڵە دەکات ، هەر وەك لای ئەچیسۆن ئاماژەی پێدراوە، پەیوەستکراوە بە چەند ئەرکێکەوە[1]، ئەوانیش بریتیین لە :

١.ئەرکی کورتکردنەوەLabeling task :فێربوونی وشەیە،کە دەنگ و واتا بەیەکەوە دەبەستێتەوە،واتەپەیبردن بەوەی ،کە وشەی (دەست) ئاماژەیەکە بۆ بەشێك لە ئەندامی جەستەی.
٢.ئەرکی پێچانەوەpackaging task : پێچانەوەی کۆمەڵێك شتە ،کە لەیەکدەچن لە خانەیەکدا، نیشانەیەکی دیاریکراو گشتوەگیر دەکەن بۆ چەمکێکی گشتی بەکاریان دەهێنێت.
٣.ئەرکی دروستکردنی تۆڕی کارکردنNetwork buillding task:کە دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکانە لە نێوان ئەو واتایانەی قسەکەر دەیانزانێت لەگەڵ ئەو واتایانەی پێی دەگات.

## ٢/٢-٢-٢-٢) قۆناغەکانی تێگەیشتن و وەرگرتنی واتای وشەکان لای منداڵ

کاتێك منداڵ زمانی دەپژێت سەرەتا فێری دەنگەکان نابێت پاشان ڕێزمانەکەی،دواتر واتای ڕستە و دەربڕینەکان،چونکەکاتێك گوێی لە ئاخاوتن/دەربڕینەکان دەبێت وشەوشە نییە،بەڵکو ئاخاوتنێکی پەیوەست بە یەکتر و دەوروبەرێکی تایبەت وەردەگرێت،هۆکاری دووبارەکردنەوەی ئاخاوتن لەلایەن قسەکەران ،لاسایکردنەوە لە لایەن منداڵەوە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە فێربوونی زماندا.سەرەتای فێربوونی زمان لای منداڵ بە وشە دەستپێدەکات،یەکەمین ئەو واتایانەی منداڵ فێریان دەبێت واتای شتە کۆنکرێتیی و هەستپێکراوەکانی دەوروبەرییەتی بەتایبەتی ئەو وشانەی ئاماژەن بۆ ئەندامەکانی جەستە،ئەو ئامراز و بابەتانەی بەکاریدەهێنێت،فێربوونی ئەم وشانەش پێویستی بە کات هەیە،"سەرەتای فێربوونی ناوی شتێك لای منداڵ وەك تایبەتمەندییەکی ئەو شتە نەك وەك وەکو هێمایەك بۆ ئەو شتە لەیاددا دەمێنێتەوە،پەیبردنی بۆ شتەکان پێش ئەوەی بچێتە قولاییانەوە پەیبردنێکی دەرەکیی و ڕووکەشییە ، ئەمەش بەڵگەیە بۆ سادەیی و سەرەتاییبوونی هەردوو پرۆسەی گشتوەگیریی کردن و ڕووتاندن[2] (ئەبسترەکتکردن) ،منداڵ

---

[1] ا.ئاڤیستا کەمال (٢٠١٢: ١٦٥) ب. Forrester, J. W. (1973)
پ. http://aggslanguage.wordpress.com/chomsky/

[2] پرۆسەی ئەبسترەکتکردن(ڕووتاندن) ،ئەوەیە ،کە وێنە و چەمکێکی هۆشەکیی بۆ شتە کۆنکرێتییەکان لای مرۆڤ دروستبووە،دەتوانێت باسی شتەکە(بۆ نموونە،گوڵ) بکات بێ ئەوەی لەکاتی ئاخاوتندا ئەو شتە(گوڵ) لەبەرچاو و بەردەست

پلەبەپلە دەتوانێت واتای وشەکان تێبگات،ئەویش لە ڕێگەی زنجیرەیەك گۆڕانکاریی جەستەییەوە ،کە بەهۆیانەوە دەنگی وشە بە ئاماژەیەکەیەوە دەبەستێتەوە"[1]،چونکە فێربوونی واتای وشەکان لای منداڵ بە چەند قۆناغێدا تێدەپەڕێت تا هاوتا دەبێتەوە بەتێگەیشتن لای مرۆڤی پێگەیشتوو،کە دیاردەی گشتوەگیریکردن و ئەبسترەکتکردن هەستی پێدەکرێت ،ئەم پرۆسەی گستوەگیرییە بە چەند قۆناغێدا تێدەپەڕێت،ئەوانیش بریتیین لە:

## ٢/٢-٢-٢-١) گشتوەگیریی ناتەواوunderextension /undergeneralization

ئەو وشانەی سەرەتا منداڵ فێری دەبێت پەیوەستی دەکات بە یەك شت/ڕووداو(واتە بەکارهێنانی وشەکە بە واتایەکی تایبەت و تەسك)،گشتگیری ناکات بەسەر هاوپۆلەکانیدا،بۆ نموونە وشەی (پێڵاو/پاپە) دەیبەستێتەوە بە پێڵاوێکی دیاریکراوەوە،وشەی(دابەزە)پەیوەستدەکرێت بە کرداری دابەزین لەسەر کورسییەکی دیاریکراو،ئەگەری ئەوە هەیە منداڵ لەسەرەتادا واتە پێش تەمەنی پێنج مانگیی بە شێوەیەك لە شتەکانی دەوروبەری تێبگات ،کە ئەو شتەی دەیبینێت دەگمەنە و نموونەی نییە،واتە هەریەك لە شتەکان جیاوازە و جۆرێك نییە لە جۆرەکانی هاوپۆلەکەی،تەنانەت ئەگەر دووشتەکە وەك یەك بن[2]،بەڵام لە دوای تەمەنی پێنج مانگیی پەیپێبردن و درککردنی بۆ شتەکانی دەوروبەر جیاوازتر دەبێت لە قۆناغەکانی پێش پێنج مانگیی.

---

بێت،هەرچی پرۆسەی گشتوەگیرییە کۆبوونەوەی چەند جۆرێکە لە شت، لەسەر بنەمای چەند لێکچوونێك کۆبوونەتەوە ،بۆ نموونە بە هەموو جۆرەکانی گوڵ دەوترێت(گوڵ) بێ ڕەچاوکردنی جۆر،ڕەنگ،قەبارە،بۆن .

[1] نوری جەعفەر(١٩٧١: ١٣٧)

[2] a Cruttenden,A.(1985: 86) b. Bloom,L. & Lahey,M.(1978: 79).

## ٢/٢-٢-٢-٢-٢)گشتوەگیریی زێدەڕۆیی overgeneralization /overextension

دوای ئەوەی منداڵ ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت،کە پێی وایە هەریەك لە شتەکان جۆرێکی جیاوازیی سەربەخۆیە ،دواتر سەرنجی لایەنی لێکچوونی نێوان شتەکانی دەوروبەری دەدات،بۆ نموونە ئەو لێکچوونانەی لەنێوان (مەڕ،چۆلەکە،مۆتا،تۆپ) ئەوکات تێگەیشتنێکی گشتگیری لادروستدەبێت بۆ هەریەك لە وشەکان،کە ئەم قۆناغە پێچەوانەی قۆناغی پێشووترە، لێرەدا وشەکان بە واتا گشتگیرەکەی تێیدەگات ،(مەڕ) دەیبەستێتەوە بە هەموو چوارپێکانەوە،(چۆلەکە)بە هەموو باڵدارەکانەوە (چۆلەکە،کۆتر، مریشك ،وشەی(مۆتا)بۆ هەموو ساردەمەنییەکان (مۆتا،چلورە،نانەحەسیری،دۆندرمە، فالودە،ئایسکرێم، کاپوچینە ) هەروەها وشەی (تۆپ) بەکاردەهێنێنێت بۆ هەموو جۆرەکانی تۆپ و هەموو ئەو شتانەی لە ڕووی شێوە [+خڕ] ن،بۆ نموونە بە سێویش دەڵێت تۆپ.

گشتوەگیریی زێدەڕۆییی چەشنێکی دیکەش وەردەگرێت ،کە وەکو زنجیرەیەکی پەیوەستکردن chained assosiationsە،کە ئەویش دەربڕینی یەك وشەیە بۆ ئاماژەدان بە چەند شتێکی جیاواز ،بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی ( کوا/Qua) لە لایەن منداڵەوە بۆ ئاماژەدان بە(مراوی)یەك کە لە ئەستێڵ/گۆمێکدا مەلە دەکات، دراوێکی ئاسن ،کە وێنەی سەری داڵی تێدایە، هەروەها شیری ناو کوپێك و چاوی ورچەپەڕۆیینەکەی .شایەنی باسە ئەم خەملاندن و گشتوەگیرییە زێدەڕۆییە بەبۆچوونی ڤیگۆتسکی بە هۆی ئەوەیە،کە سەرنجی منداڵان لەسەر تایبەتمەندییەکی ئەو شتەیە لەو کاتەدا ،بەڵگەش بۆ ئەمە نموونەکەی سەرەوەیە،کە سەرەتا وشەی (Qua) مراوییەك بووە ،کە لە گۆماوێکدا مەلەی دەکرد، منداڵ بە سەرنج خستنەسەر ئەو شلەمەنییەی مراوییەکە مەلەی تیادەکرد وشەی(Qua) ی بۆ شیریش بەکاردەهێنا،بەڵام مراوییەکەی لەبیر نەچووەتەوە بۆیە بەو دراوە ئاسنەی سەری داڵێکی تێدابوو دەوت (Qua) و بەهۆی دراوە ئاسنەکەوە ،کە خڕە بە چاوی بوکەڵەکەشی دەڵێت(Qua)[١]،هەروەها بە هەموو شتێکی درەوشاوە(لەوانە:مانگ ،گڵۆپی دیوار، گڵۆپی ترافیك لایت... دەڵێت (مانگ).

---

١ a.Aitchison,J.(2007:115-119) b. Cruttenden,A.(1979: 87)
c. Bloom,L. & Lahey,M.(1978: 119-124)

نموونەیەکی دیکە بەکارهێنانی کرداری (دیاندت/دڕاندت،واتە کرداری دڕاندن) بە سودوەرگرتن لە نیشانەی واتاییی[+جیابوونەوە]بەکاریدەهێنێت بۆ(دڕاندنی کاغەز،شکاندنی شووشە،پارچەکردنی یاریی و کۆنترۆڵ. هەروەها وشەی (هەییچە/هەڵیبچڕە) بەکارهێنانی بەرامبەر(هەڵچڕینی ساردی، دەرهێنانی ناوکی فستق، کردنەوەی پاکەتی بسکیت،ئەویش بە سودوەرگرتن لە نیشانەی واتایی [+کردنەوە] .

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ،ئەویش بریتییە لەوەی،ئایا هۆکاری گشتوەگیریی زێدەڕۆیی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەموکووڕیی لە توانای پەیپێبردن و درککردن بە جیاوازییەکانی نێوان شتەکان یان نەبوونی وشە و هەژاریی لە فەرهەنگی ئاوەزیی منداڵدا ؟

دەتوانرێت بوترێت ڕەنگە لەسەرەتادا بەکارهێنانی وشەی (تۆپ) بۆ (سێو) و هاوشێوکانی ،کە توانای خلۆربوونەوەیان هەیە بەهۆی پەیپێنەبردن بە تایبەتمەندییە جیاکارەکانی هەریەك لە شتەکان بێت،بەڵام لەدوایدا وێنەیەکی هۆشەکیی (سێو)ی لادروست دەبێت،کە جیاوازە لەو وێنەهۆشەکییەی بۆ(تۆپ) لای دروست بووە،بۆ نموونە درك بەوە دەکات کە سێو دەخورێت بەڵام تۆپ ناخورێت و تۆپ توانای بەرزبوونەوەی هەیە بەڵام سێو بەرز نابێتەوە،هەروەها پێی بوترێت (سێوەکەم بدەرێ) سێوەکەت دەداتێ نەك تۆپەکە ،هەرچەندە بەسێویش دەڵێت تۆپ.کەواتە هۆکاری گشتوەگیری زێدەڕۆیی زیاتر پەیوەندی بە لاوازیی و هەژاریی فەرهەنگی وشەیی منداڵەوە هەیە،نەك پەیپێنەبردن بەجیاوازییەکان ،واتە پەیوەندی بە توانای بەرهەمهێنانی وشەی پێویستەوە هەیە بۆ گوزارشتکردن لە شتەکانی دەوروبەری ،چونکە منداڵ ئەوەی پەیپێدەبات جیاوازە لەوەی ،کە لەفەرهەنگی ئاوەزییەکەیدا هەڵیگرتووە،بەم پێیە جیاوازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمەکان و نەتوانینی بەکارهێنانی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن.

ئەم گشتوەگیریە زێدە ڕۆییە لە ئاستی سینتاکسیشدا هەستی پێدەکرێت،بۆ نموونە منداڵێکی ئینگلیز هەموو کردارەکان بە بێ ڕەچاوکردنی کردارە ناوازەکان تافی گۆڕینی کرداری ڕانەبردوو بۆ ڕابردوو بە مۆرفیمی(ed) دەیکات بە ڕابردوو،هەروەها کۆکردنەوەی ناو بۆ هەموو ناوێك بە ناوازەکانیشەوە ،کاتێك بە کۆ بەکاریدەهێنێت مۆرفیمی (S) بۆ زیاد دەکات.ئەم دیاردەیەش لە لای منداڵی کورد هەستی پێدەکرێت،بۆ نموونە لە کردنی کارێکدا ،بۆ نموونە دەڵێت:( تۆپ ئەکەم*،تواليت ئەکەم؟،یادی/یاری ئەکەم).یان بەکارهێنانی کرداری(وەرم)،کە ناوازەیە لە بری (بێم).

## ٢/٢-٢-٢-٢-٣) گشتوەگیریی دروست extension/generalization

بەپێی تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی توانای درککردن و پەیپێبردنی منداڵ بە لێکچوون و جیاوازی نێوان شتەکان و پێگەیشتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن پرۆسەی گشتوەگیریەکەی نزیکدەبێتەوە لە پرۆسەی گشتوەگیری لای مرۆڤی پێگەیشتوو.دوای وەرگرتن و فێربوونی وشەی (بەعە/مەڕ) پاشان فێری وشەی (مانگا،گوێدرێژ،پشیلە) دەبێت، بەڵام هێشتا بە (سەگ ،بزن) دەڵێت (مەڕ)،دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی توانای درککردن و پەیبردن فێری وشەی (بزن)یش دەبێت،ئەو کات واتای وشەی (بەعە/مەڕ) بەو واتایە بەکاردەهێنێت،کە لای گەورەکان بەکاردێت ،واتە وشەی (مەڕ) دەبەستێتەوە بە هەموو مەڕێك جا ئەگەر مەڕی ڕاستی/بووکەڵە/وێنە بێت ،بەمەش دەگاتە پۆلینکردن و گشتوەگیریی دروست ، کاتێك منداڵ تێگەیشتنی بۆشتێك لا دروست دەبێت ئەمە یارمەتی دەدات بۆ ئەو وشەیەی کە ئاماژەیە بۆ ئەو چەمك و تێگەیشتنە،هەروەها فێربوونی وشە یارمەتی دەدات بۆ فراوانبوونی واتا لای منداڵ.

لە کۆتایدا لەنێوان پێنج بۆ حەوت ساڵی تەمەنی منداڵدا دەچێتە قۆناغی پۆلینکردنی شتەکان زیاتر بەشێوەی ئەبسترەکت،بۆ نموونە وشەکانی(مەڕ،سەگ،پشیلە،ئەسپ،بزن)دەچنە پۆلی کێڵگەی واتایی (ئاژەڵ)ەوە،هەروەها وشەکانی(سێو ،پرتەقاڵ،مۆز،هەنار ) دەچنە پۆلی (میوە) . لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی ،کە چەند ئاستێك هەیە بۆ پەیبردن و درککردنی واتای وشە لای منداڵ ،هەروەها فێربوونی وشە،ئەرك و پەیوەندی بە وشەکانی دیکەوە ماوەیەکی زۆری دەوێت،لەبەرئەوە گریمانەکردنی هاوتایی واتای وشە لای منداڵ و مرۆڤی پێگەیشتوو گریمانەیەکی دروست دەرناچێت.

## ٢/٢-١-١-٣) تێگەیشتن لەڕێکخستی ڕستە و واتاکەی

پرۆسەی تێگەیشتن لە واتا و ناوەڕۆکی ڕستە ئاڵۆزترە لە جفرەلێکدانەوەی دەنگ،وشە و واتای لێکسیمەکان ،هەروەها ئاڵۆزترە لە شیکردنەوەی واتایی ڕستە،لەبەرئەوەی پرۆسەی تێگەیشتنی ڕستە تەنها جفرەلێکدانەوەی واتای فەرهەنگیی وشەکان و کۆزانیاریی ڕێزمانیی نییە، بەڵکو پێدانی نرخ و بەهاValuation لای گوێگر بۆ ڕستە و دەربڕینەکان بە پێی ئەزموون ،کۆزانیاریی دونیایی و پراگماتیکیی و چۆنییەتی کەوتنەوەی ڕستەکە دیاریدەکات ،واتە گرنگیدان بە بارودۆخ و دەوروبەری

بەکارهێنان و ڕەچاوکردنی تەمەن ،پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لە لایەن قسەکەرەوە ڕۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتن لای گوێگر لەبەر ئەمەیە " بارودۆخی کۆزانیاریی لە شیکردنەوەی ڕستەکاندا گرنگە بۆ پڕاوپڕبوونی تێگەیشتنەکان لە بیردا .هەربۆیە لە بەستنەوەی کۆزانیارییەکان لە یادگەی درێژ_خایاندا بە شیکردنەوەی ڕستەکان دەبێتە هۆی چارەسەرکردن و دروستکردنی واتای جۆراوجۆر"[1] .

یەکێك لە مۆدێلەکانی لێکدانەوەی ڕستە بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێن و گواستنەوەکەی چۆمسکیی گریمانەی شیکردنەوەی پێکهاتەکانDerivation Theory Of Complexity/DTS [2]ی ڕستەیە، بەپێی ئەم تیۆرییە پرۆسەی تێگەیشتن لە ڕستە پەیوەستە بە چۆنییەتیی پێکهاتن و جۆری ڕستەکان .بۆ نموونە:

٦.ا) پشیلەکە مشکەکەی ڕاونا.

ب.پشیلەکە مشکەکەی ڕاونەنا.

پ.پشیلەکە ڕاونرا لە لایەن پشیلەکەوە.

ت. پشیلەکە ڕاونەنرا لە لایەن پشیلەکەوە.

بە سەرنجدان لە ڕستەکانی (٦)دا خێرایی و ئاسانی پرۆسەی تێگەیشتن جیاوازن،بۆ نموونە تێگەیشتن لە ڕستەی(١.ا) دا ،کە هەواڵیی و ئەرێیە ئاسانترە لە رستەی (١.ب)دا کە نەرێیە،ڕستەی (١.پ) تێگەیشتنی خێراتر و ئاسانترە لە ڕستەی (١.ت)،کە ڕستەی نەرێی بکەرنادیارە.

لێرەوە دەگەین بەو ڕاستییەی ،هەتا وشە بەکارهاتووەکانی ناو ڕستەکان ئاشنابن بە منداڵ،واتە ئەو وشانەی وەرگرتبێت و لە فەرهەنگیی ئاوەزیی دا خەزنی کردبێت وپەییان پێببات ،ئەوا تێگەیشتن لە وشەکانی ڕستە ئاسانتر دەبێت،چونکە یەکێك لە مۆدیلەکانی لکێدانەوەی پرۆسەی تێگەیشتن دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگییە Lexical access،هەروەها هەتا پێکهاتەکانی ڕستەکان ساکارتربن ئەوەندە پرۆسەی تێگەیشتنی ڕستە خێراتر و سەرکەوتوتر دەبێت. ئەمەش پەیوەندی هەیە بە دیاریکراوی سنوری

---

[1] ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ٨٨)

[2] Scovel,T.(2009:59)

تواناکانی منداڵ ، چونکە پرۆسەی زمانپژاندن بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت ،ئەمەش پەیوەستە بە گەشەی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ژینگەی دەوروبەرەوە .واتە بە پێی لایەنەکانی گەشەی منداڵ توانای زمانیش گەشەدەکات ،هەروەها وەرگرتن و فێربوونی وشەکان و دەسەڵاتشکاندنەوەی بەسەر زمان دا زیاتردەبێت.

توانای تێگەیشتنی زمان لەلایەن منداڵەوە بەهۆی مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوروبەر و بارودۆخی بەکارهێنان دا ئاخاوتن و وشەکانی دەوروبەر تێدەگات و دووبارەیان دەکاتەوە،هەر لەبەر سنورداریی توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانە لای منداڵ ،کە دایك و باوك و دەوروبەر بەزمانی منداڵانە لە گەڵ منداڵەکانیاندا دەدوێن.

## ٤.تێگەیشتن لە واتای دەق

پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق پەیوەستە بە پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆك بۆمنداڵ/لەبەرکردنی هۆنراوە/یارییەك(هەلور بلور)،کە هەریەکێك لەو دەقانە لە کۆمەڵێك ڕستە پێکهاتووە،توانای خەزنکردن و هێنانەوەی زانیارییەکان لە یادگەی کارکەردا بە پێی ڕەوشی زنجیرەیی بەسەر جێکەوتەکاندا بەیەکسانی دابەشنابن،بەڵکو لە شێوەی پیتی U دایە واتە ئەو زانیارییانەی دەکەونە سەرەتاو کوتاییەوە توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەیان ئاسانترە.

## ٣/٢) بەرهەمهێنانی ئاخاوتن

بەرهەمهێنانی زمان language production /پرۆسەی کۆنکرێتکردنی بیرۆکە/یەکەی زانیاری یە و دەربڕینیەتی لەشێوەی شریتی دەنگیی ی/ نوسین /بزاوتن دا ،کەلەلایەن قسەکەرەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت.ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی کردە فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیی و سوسیۆلۆژییەکانەوە دەبێت،کە مێشك یەکەزانیارییەکان ڕێکدەخات و لێکیاندەدات بەپێی یاسا و دەستور(ڕێزمان)(واتە سیمانتیك و سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی تێدایە) .ئەم کردانە چەند پرۆسەیەکی کارەبایین Elictrical process و پاشان مێشك فەرمان دەکات بەئۆرگانەکانی ئاخاوتن بۆدەربڕین و بەرهەمهێنانی زمان ،ئەمەش بەپرۆسەمیکانیکییەکانMecanicall process ناودەبرێن.

پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن دوو پرۆسە سەرەکییەکەی زمان پێکدەهێنن،جیاوازی بنەڕەتیش لەنێوانیاندا هەیە لەچەندین لایەنەوە،کە پەیپێبردن و ناسینەوەی وشەکانی زمانی دایك خێرا و لەخۆوەیە، لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی هەمان وشە پێویستی بە ئامانج و مەبەست هەیە، پێویستی بەکاتی زیاترە بۆ بەرهەمهێنانی ئاخاوتن،[١]،هەروەها پێشخستن و باسکردنی پرۆسەی تێگەیشتن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بەهۆی گرنگیی و پێشکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتنە،منداڵیش توانای تێگەیشتنی پێش توانای بەرهەمهێنان گەشەدەکات .

لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا جەختکراوەتە سەر لایەنی ئامێرێتیی و جوولەیی دەنگ،بەڵام بەپێی زانستی زمانی دەروونیی،"تەنها وەك ئامێرێتی بەرهەمهێنانی دەنگ لێی ناکۆڵرێتەوە،بەڵکو گرنگی بە بازنەی دەنگ دەدات پەیوەست بە پلاندانی چەمکی و تێئاخنینی کۆزانیاریی، لێکۆڵینەوەکانیش لەم بوارەدا و لەزانستی زمانی دەروونی لە ڕوانگەی درکپێکردنی سایکۆلۆژیانەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانەوە لە کۆدە فۆنۆلۆژییەکان دەکۆڵرێتەوە "[٢]،واتە گرنگییدان بە پرۆسە سایکلۆلۆژییەکان، چۆنییەتی پەیوەستکردنی دەنگ بە پرۆسەی پلاندانانی چەمکیی جفرە سیمانتیکییەکان،داڕشتنی لە جفرەی دروستەیی و بەرجەستەکردنێکی کۆنکرێتی و گواستنەوەی لە ڕێگەی

---

[1] Taxler, M. J & Gernsbacher,M. (2006: 21)

[٢] ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٦٠)

(بزاوتن، فۆنیم، پیت)[1]ەکانەوە،لێرەدا ئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە گەیاندنی بیرۆکەکانە لە ڕێگەی فۆنیمەکانەوە،کە ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کردە سایکۆلۆژیی، فسیۆلۆژیی، سۆسیۆلۆژییەکانەوە گرنگ و کاریگەرە،باس لە چۆنییەتی ڕێکخستن و دەربڕینی ئاخاوتن دەکات ،لێرەدا لە ڕێگەی پرۆسە ئاوەزییەکانەوە پلان دادەنرێت بۆ ئەو بیرەی قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر ،هەروەها ئۆرگانەکانی ئاخاوتن،ئۆرگانە ماسوولکەیی و دەمارییەکان ڕۆڵدەبینن لە دەربڕنی ئاخاوتن،کۆی ئەم کردانەش بە پرۆسەی جفرەکردن/کۆدکردن ناودەبرێت[2]، لێرەوە قسەکەر لەبەردەم سێ جۆر جفرەکردندا دەوەستێتەوە :

١. جفرەکردنی واتایی ٢. جفرەکردنی دروستەییانە ٣. جفرەکردنی فۆنێمی

## ٢/٣-١)چەشنەکانی جفرەکردن

### ٢/٣-١-١)جفرەکردنی واتایی Semantic Encoding

"گۆڕینی تەسەوری قسەکەرە بۆ ناوەڕۆکی جفرەی زمانیی ،کە بەرهەم و ئەنجامی ئەم جفرەکردنە سیمانتیکییە ژمارەیەکە لە >>یەکەی ناوەڕۆکی زمانیی content units <<،کە هەمەکیی یان کەمەکیی لەگەڵ تەسەورەکاندا یەکدەگرنەوەو پەیکاڵن"[3] .

پرۆسەی بەجفرەکردنەکە،تەسەورێك / بیرۆکەیەکمان هەیە ،لەم کەرەستانە پێکهاتووە قسەکەرێك دەیەوێت بەگوێگرێك بڵێت :مرۆڤێك،مێ،ناوی( نوا)یە ،خەریکە بە کەرەستەیەکی شتن و پاککردنەوە ،ئەندامێکی جەستەی بە مەچەکییەوە بشوات ،ئەم دروستە بیرییە بەم شێوەیە:

[1] گەیاندنی پەیام و بیرۆکە لە ڕێگەی ئەم سێ هۆکارەوە، بزاوتن بە پلەی یەك منداڵ سوودی لێوەردەگرێت ،ئەویش لە ڕێگەی جوڵە و ئاماژەی جەستەییدا ،کە ئەم جۆرەیان لە قۆناغەکانی سەرەتای زمانپژاندندا پشتی پێدەبەسترێت لەلایەن منداڵ بۆ پەیوەندیکردن بە دەوروبەر و گەیاندنی پەیامەکەی پێیان ،بە پلەی دووەم ئاخاوتن،کە لە ڕێگەی دەربڕینی زنجیرەی دەنگیی و فۆنیمەکانەوەیە،کەناڵی نوسین بەسوودوەرگرتن لە هێمای نوسراو دانانی وێنە /نیگار بۆدەنگەکان،کە بەهۆی سنورداری لێکۆڵینەوەکەوە نەتوانرا باسی لێوەبکرێت.

[2] موفق الحمدانی(١٩٨٩: ١٤)

[3] محەمەدی مەحویی(٢٠٠٤: ٦٢)

٧.بیرۆکەکە




نیشانەکانی ناو هەرخانەیەك یەکەیەکی ناوەڕۆکی زمانییان دروستکردووە،ئەو تەسەورە بەرلەوەی بوویێت بە زمان لە مێشکدا بە خەزنکراوی هەیە ،تەسەورەکە لەنموونەی (٧)دا سەرەو ڕیزبوونی نیشانەکان لەخانەکاندا پێکهاتووە،بۆئەوەی ئەم تەسەورە ڕابگەیەنرێت پێویستە بگۆڕدرێن و بکرێن بە جفرە و دروستەی زمانیی،بۆ ئەم مەبەستە قسەکەر لە فەرهەنگیی ئاوەزییدا لە ڕێگەی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگییەوە دەگەڕێت ،یەکەیەك بۆ هەریەکێك لەو ناوەڕۆکە زمانییانە بەجفرەدەکات ،کە بەرهەمەکەی بە جفرەکردنی دروستەییانەیە،جۆری دووەمی بەجفرەکردنە لە ئاوەزیی قسەکەردا .

## ٢/٣– ١–٢)جفرەکردنی دروستەییانە ( Structural Encoding )

پاش قۆناغی یەکەمی جفرەکردن ،کە قسەکەر خاوەنی تەسەورێکە ،دەیەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر ،بۆ دەربرینی ئەم تەسەورە لە شێوەی جفرەی زمانییدا،پێویستە یەکە ناوەڕۆکانە لە شێوەی دروستەدا لای قسەکەر گەڵاڵە ببێت پلانی بۆ دابنێت ،ئیلیمێنتەکانی ڕستەکە دیاریبکات،واتە وشە و لێکسیمەکان بە پێی دەستپێداگەیشتنی فەرهەرهەنگیی و بەپێی تیۆرییەکانی (مۆدولاریتی،پەیوەندیتی) هەڵدەبژێررێن /هەڵاوێردەکرێن ، وشە و لێکسیم بەرامبەر یەکەناوەڕکییەکان دادەنرێن ، لەگەڵ پەیوەندی نێوان ئیلیمێنتەکان لەڕووی (کارا،کارتێکراو،ئامێریی...)،دارشتنی بە پێی یاسا سینتاکسییەکان،لە فۆڕمی دروستەدا ،واتە گۆڕینی یەکەناوەڕۆکییە زمانییەکان و بەجفرەکردنی دروستەییانە لە فۆڕمی دروستەدا ،کە جفرەکردنی سینتاکسیشی پێدەوترێت [١].

[١] بەجفرەکردنی سینتاکسی/پرۆسەکردنی سینتاکسی بەرامبەر بەجفرەکردنی دروستەییانە بەکارهاتووە ،بڕوانە:

٨. ا)   نوا   دەست   سابوون   پێدەشوات

(گیانلەبەر مرۆڤ ، ناو (نوا)) — کارایی ← (جەستە مرۆڤ بەمەچەکەوە) — کارتێکراو ← (کەرەستە کەفکردن) — ئامێریی ← (پێشتن بۆ پاککردنەوە شتن)

لە نمونەی (٨) دا (أ)یەکەکانی دەربڕینە،(ب)کە پێکهاتووە لە ئیلیمێنتە سیمانتیکییەکانی ناو خانەکان و یەکەی ناوەڕۆکی زمانییە،بەستنەوەی (ا) و( ب) لە ڕێگەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەوەیە ،کەواتە (یەکەی ناوەڕۆکیی + یەکەی دەربڕین = جفرە(دروستەی زمانیی)) ،لە نموونەی (٨) دا گیانلەبەر ئەرك و ڕۆڵی( کارا)،دەست (کارتێکراو)،سابوون ئەرکی (ئامێریی)پێدراوە، واتە بەم شێوەیە جۆری پەیوەندی نێوان هێماکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ یەکتریدا بەهەند وەرگیراوە،کە ڕێکەوتنی نێوان کەرەستەکان یەکێکە لە بەستنەوەکانی نێوان هێماکان ،بە پێی ئەم چەشنە پەیوەندییانە ئەوە هەڵدەهێنجرێت و دەزانرێت ،کە ڕستەی (٩) دەربڕاوە ڕاستەکەیە،کە بە سینتاکس پەیوەندی نێوان هێماکان ڕێکخراوە.

٩. نوا دەستی بە سابوون دەشوات.

[بکەر] [بەرکار] [ف.پێشناویی] [بەشی کردار]

لە ڕستەی (٩) دا زانیارییە بیرییەکە کراوە بە دروستەی زمانی ،بەمەش دروستەیەکی ناوڕۆکی پێکهێنراوە ،ئێستا جفرە دروستەییەکە پەیکاڵی جفرە سیمانتیکییەکەیە ، پاشان بەرهەمدەهێنرێت و دەردەبڕێت لە فۆڕمی جفرەی فۆنۆلۆژیدا،کە کۆتا هەنگاوی پرۆسەی بەجفرەکردنەکەیە.

## ٣/٢-١-٣ ) جفرەکردنی فۆنێمی ( **Phonemic Encoding** )

لە جفرەکردنی فۆنۆلۆژی دا وشە و لێکسێمە هەڵاوێرکراوەکان لە ڕێگەی یاسا و پێڕەوی فۆنۆلۆژی زمانەوە کۆنکرێت دەکرێن،پاش کۆتای هاتنی پرۆسەکانی جفرەکردن (کە پێویستە هەرسێ پرۆسەکەی

---

١.محەمەدی مەحویی(٢٠٠٤) ب.(23 :Kormos, J.(2006

جفرەکردن لەیەك کاتدا جێبەجێ ببێت) ئەوکات دروستەی دەربڕینی هێما زمانییەکە بەرهەمدەهێنرێت،لە فۆڕمی زنجیرەی دەنگییدا(ئاخاوتن) کۆنکرێت دەکرێت .لەم جۆرە جفرەکردنەدا لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی دابەشبوون ، کەسێتی فۆنێمی، پێڕەوی بڕگە ، سەگمێنت وسەرووسەگمێنتییەکان دەکرێت[١] .

## ٢/٣– ٢)قۆناغ و میکانیزمەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن

لە بابەتی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا جەختدەخرێتە سەر دوو ئاست ،ئەوانیش ئاستی فۆنۆلۆژیی (دەربڕینی دەنگەکان) ، ئاستی فۆڕمی لۆژیکیی (واتە بەرهەمهێنانی وشە/ ڕستە و گەیاندنی واتا) ،کە منداڵ سەرەتای قۆناغی زمانپژاندنی بە بەرهەمهێنان و دەربڕینی دەنگەکان دەستپێدەکات، پاشان دەربڕینی یەك وشە دواتر ئاخاوتنی تەلەگرافی،دروستەی ڕستە  ئەو کات دەتوانرێت ئەو دەربڕینانەی لەلایەن منداڵەوە بەرهەمدەهێنرێت بە زمان دابنرێت ،لێرەوە دەتوانرێت بوترێت ،کە هەرچەندە بنەمای بەرهەمهێنانی زمان دەربڕینی دەنگەکانە ،بەڵام دەنگ بە بێ بوونی ڕەگەزی واتا تیایدا بە زمان ئەژمارناکرێت ،چونکە زمان لەسەر بنەمای واتا دروستبووە پاشان ئەو یاسا گراماتیکییانەی پەیوەندی نێوان ئیلیمێنتەکانی ڕستە (فۆنیم،مۆرفیم،وشە،فرێز،ڕستە) ڕێکدەخەن لە پێناو بەرهەمهێنانی دروستەی ڕستەدا ،واتە بەرهەمهێنانی زمان توانای گوزارشتکردن و دەربڕینی فۆڕمی زمانی وشەکانە بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان لەدروستەی ڕستەدا،توانای قسەکەرە بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێکۆتایە لە ڕستە، بە پێی ئەو مۆدێلەی لێکۆڵینەوەکە هەڵیبژاردووە ڕستە و دەربڕینەکان تەنها بریتی نییە لە دانان و ریزکردنی وشەکان لە جێکەوتە و دروستەکانیاندا ، بەڵکو وەك زانیاریش  لە زمان دەڕوانرێت ، لە شێوەی یەکەدا بانگدەکرێتەوە ، پەیوەندیی لە نێوان یەکەکانیدا بەهێزە،هەروەها ڕیزبەندی یەکەکانی زمان لە  لەیادگەکاندا پەیوەستە بە قۆناغ و پرۆسەکانی فۆرمەلەکردنی زمانی لە سنوری پلانی ئاخاوتندا،بەم پێیە لیکۆڵەرەوان

---

[١] بۆ زانیاری لەسەر پرۆسەی جفرەکردنی فۆنیمیی/فۆنۆلۆژیی بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێت بەرهەمهێنانی ئاخاوتن لەڕووی لۆژیکییەوە دەبێت چوار میکانیزم و ڕەگەزی سەرەکی important componentis تێدابێت،ئەوانیش بریتیین[1] لە:

١. چەمکاندن ٢. فۆرمگەرایی/فۆڕمەلەکردن ٣. ئامێرێتی دەربڕین ٤. خود چاودێری

## ٢/٣- ٢ -١)چەمکاندنConceptualization

دەرکەوتنی یەکەمین دەربڕینی زمانیی لای منداڵ لەیەك وشە پێکهاتووە،ئەمەش سادەترین ئاخاوتنی منداڵە ،کە واتای ڕستەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە،بەرهەمهێنانی وشە بە هەڵاوێرکردنی نیشانە واتایی و پراگماتیکییەکان دەستپێدەکات ،قسەکەر بڕیاردەدات لەسەر دیاریکردنی ئەو واتا و بیرۆکانەی دەیەوێت گوزارشتیان لێبکات ،ئەمەش بە دانانی پلانی هزری بۆ ئەو بابەتە، ،ئەم پرۆسەیە هەنگاوی یەکەمە ،کە قسەکەر ئەو بابەتە دەستنیشان دەکات ،کە دەیەوێت دەربارەیان بدوێت،هەڵبژاردن و پلاندانان بۆ بیرۆکە و پەیامی قسەکەر پەیوەستە بە بارودۆخی ئاخاوتن،ڕەچاوکردنی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر ،پێوەر و یاساکانی پەیوەندیکردن،ئەتەکیەتی ئاخاوتن و کۆزانیاری گشتی،واتە ئایا ئەو شێوازەی هەڵیدەبژێررێت فەرمییە یان نافەرمی،پاشان دەستنیشانکردنی جۆر و ناوەڕۆکی بابەت،کە ئایا بۆ گفتوگۆکردنە لەگەڵ دەوروبەر /گەیاندنی زانیاریی/گێڕانەوەی چیرۆکە...،کە هەریەکێك لەم جۆرە بابەتانە پێویستی بە هەڵاوێرکردنی گۆڕاوەکانە(فۆنیم،بڕگە ،وشە ،فرێز،ڕستە،...)،واتە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو ئیلیمێنتانەی ڕستە ،کە دەتوانێت هەڵگری ئەو چەمك و واتایە بێت ،کە قسەکەر دەیەوێت دەربارەیان بدوێت، هەروەها دانانی پلانی هزریی بۆ شێوازی گوزارشتلێکردنەکە،چونکە هەر بابەت و بیرۆکەیەك پلانی هزریی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە.

کەواتە هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنان هەڵاوێرکردنselection و دانانی نەخشەی هزرییە بۆبیرۆکەکانی قسەکەر، پێویستە پلان بۆ ئەو دەربڕینانە دابنرێن،کە گونجاوە بۆ بابەتە دیاریکراوەکە لەلایەن

---

[1] بڕوانە:ا.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٥٢) b. Scovel,T.(2009:59) c. Kormos, J.(2006) d.Taxler, M. J&Gernsbacher,M. (2006:21) & Levelt,( 1989)

گوێگرەوە، چەمکگەرایی و پلاندانان بۆ ئاخاوتن وەکو پرۆسەی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان Problem Sloving دادەنرێت بۆ ئەو پەیام و بیرۆکەی دەویسترێت دەرببڕێت چونکە گرفتێکی شاراوە و نادیار هەیە ،کە پێویستە چارەسەربکرێت،ئەمیش بە چەند هەنگاوێك دەبێت(تێگەیشتن لە گرفت، پلاندانان بۆی،فۆڕمەلەکردن وجێبەجێکردن،خودەچاودێری) .

## ٢-٣/٢ –٢)فۆرمەلەکردن Formulation

دیاریکردنی چۆنییەتی گوزارشتکردن لە بابەتەکان لە ڕێگەی فۆڕمەلەکردنی وشە و پێکهێنانی ڕستە وەیە،ئەمییش بە دوو قۆناغ دەبێت ،کە بریتیین لە:

ا.هەڵاوێرکردنی لێکسیمی گونجاو Lexical selection / Lexicalization بۆ گوزارشتکردن لە پەیامەکە. منداڵ لەم قۆناغە بە پێی توانای درککردن و تێگەیشتنی بۆ شتەکانی دەوروبەری خاوەنی چەمك و یەکەی ناوەڕۆکییە،واتە چەمککردنێکی ئەبسترەکتی لێکسیم و لێماکانە ،هەروەها بە پێی قۆناغەکانی گەشەیی و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئاوەزیی توانای دەستپێداگەیشتن و هەڵاوێرکردنی ئیلیمێنتەکانی ڕستە و دەربڕاوەکانی دەبێت،لەسەر بنەمای پێگەیشتن ،توانای تێگەیشتن و ئامێرێتیی دەربڕینی دەنگەکان پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەئەنجام دەگەیەنێت.

ب.لە فۆڕمەلەکردنی ڕستەیی/دروستەی سینتاکسی Sentence formation،لەم پرۆسەیەدا دروستەی سینتاکسی گونجاو هەڵاوێردەکرێت ،کە حوکمی هەڵاوێرکردنی لێکسیمەکان دەکات ،کە ئەم قۆناغە بە پلاندانانی سینتاکسی Syntactic planning یش ناودەبرێت. ئەمیش بە ڕێکخستنی چەمکەکان لەگەڵ ڕێزمان،فەرهەنگ و کۆدکردنی فۆنۆلۆژیی دا و بەخشینی فۆرم و دروستەی واتای بە چەمکەکان،واتە هەڵاوێرکردنی ئەو وشە و ڕستانە ،کە توانای گەیاندنی پەیامەکەی هەیە، دیاریکردنی (کارا،کارتێکراو،شێوازی ڕستەکەش)،کە قسەکەر دەیەوێت لە ڕیگەی واتای فەرهەنگییەوە یان لە ڕێگەی میتافۆڕەوە بابەتەکە بگەیەنێت، واتە هەڵبژاردنی ئیلیمێنتەکانی ڕستە و دیاریکردنی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ،هەڵبژاردنی وشەکان و دانانی لە جێکەوتەی دروستی خۆیدا،پاشان ڕێکخستنی لە شێوەی پرۆگرامی دەنگیی Articulation Program لە ئاوەزی قسەکەردا ،کە پاش هەڵاوێرکردنی

وشەكان لەیادگەدا دادەڕێژرێن بەشێوەی پرۆگرامێكی دەنگیی ،هەریەكێك لە وشەكان جێكەوتەیەك لەڕستەدا دەگرێت ،ئەم پرۆگرامە دەنگییە پێكدەهێنێت،لە شێوەی بڕگەی دەنگیی و سترێس و ئاواز،كە لە هەنگاوی داهاتوودا جێبەجێدەكرێن،واتە فۆرمەلەكردن/لەشێوەدان"جفرەكردنی گراماتیكی، لێكسیكی، فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە "[١] .

## ٣/٢- ٢ -٣)ئامێرێتی دەربڕین Articulation

كۆتا هەنگاوی جێبەجێكردنی ناوەڕۆكە دەنگیی(جفرە سیمانتیكییەكە)ەكەیە ،گوزارشتكردن لە بیرۆكەكان بەهۆی ئۆرگانەكانی ئاخاوتنەوە دەبێت،ئەمەش بە كۆنكرێتكردن/بەرجەستەكردنی بابەتە ئەبستراكتەكان و دەربڕینی لەزنجیرەیەكی دەنگیدا دەبێت ،واتە لە ڕێگەی میكانیزمەكانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن ،كە بە شێوەی زنجیرەییە و دیاریكراوە بۆ پرۆگرامە دەنگییەكە،فەرمان دەكرێت بە ئۆرگانەكانی ئاخاوتن بۆ دەربڕین و جێبەجێكردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن[٢]،پاشان ئۆرگانەكانی ئاخاوتن ئەركی ئامێریی دەربڕینی دەنگەكان جێبەجێدەكەن،"ئامێرێتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەدوو قۆناغی سەرەكیدا دابەشدەبێت،ئەوانیش یەكەم بە ڕۆڵی سییەكان، قوڕگە ،كە ڕۆڵیان هەیە لە جوڵانەوەی دەنگە ژێكان،كە لەناو قوڕگدایە كە دەجوڵێنەوە(گرژبوون،خاوبوونەوە)كە دەربڕینی دەنگێك لە یاریگا و شوێنی ژاوەژاودا جیاوازە وەك لە شوێنێی چۆڵدا،ئەرك و قۆناغی دووەم لە لایەن ئۆرگانەكانی قورگ بۆ سەرەوەیە ،پێیان دەوترێت ئۆرگانەكانی دەنگthe vocal tract،پێكهاتوون لە بۆشای دەم ،بۆشایی لووت، لێو...ئەم ئۆرگانانە تەنیا تایبەت نین بە بەرهەمهێنای ئاخاوتنەوە بەڵكو بۆ ئەركی سەرەكی بایلۆژی دروست بوون،ئەوانیش كۆئەندامی هەناسەدان ،بەشێكی كۆئەندامی هەرسن،دەربڕینی دەنگەكان بە چەند هێمایەكی

---

1 . Kormos, J.(2006)

2 Clark,H. & Clark,E.(1977:223-225

دەنگی دەنوێنرێن ،وەکو کۆپی/نوێنەرێکی دەنگە زمانییەکانە ،بەرهەمهێنانی دەنگ لەڕێگەی هەوای سییەکانەوە زۆرینەی زمانەکان لە ڕێگەی هەناسەدانەوەن"[1] .

شایەنی باسە منداڵ توانای دەربڕینی دەنگەکانی وەکو کەسانی پێگەیشتوو نییە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ناکاملی ،پێنەگەیشتن و ڕانەهاتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن بۆ بەرهەمهێنان و دەربڕینی دەنگە زمانییەکان.بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە پێگەیشتن ،پێکهاتەی بایلۆژی نێوان منداڵ و پێگەیشتوودا وایکردووە ،کە گۆڕان و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان جیاوازبن لە نێوانیاندا،هەر لەبەر ئەمەشە ،کە چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیی لەقۆناغەکانی زمانپژاندندا هەستی پێبکرێت ،کە لای هەندێك لە لێکۆلەرەوان[2] بە هەڵەی زمانی ئەژمارکراوە ،لە ڕاستیدا ئەم دیاردانە هەڵەی زمانی نین و پێویست بە چاککردن ناکات،چونکە کۆمەڵێك دیاردەی فۆنۆلۆژییە لای منداڵ بە تێپەڕاندنی قۆناغەکانی زمانپژاندن خۆیان ئۆتۆماتیکی بەرەو لاوازبوون و نەمان دەچن .

## ٣/٢- ٢ -٤)خود چاودێری Self-Monitoring

پاش ئەوەی دروستە فۆنۆلۆژییەکان بە هەر سێ قۆناغی (چالاککردنی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان، هەلاوێرکردن و بەرهەمهێنانی لێکسیمە فۆنۆلۆژییەکان ،ئارتیکیولەکردنی فۆنەیتیکی) دا تێپەڕین ،واتە هێما زمانییەکان لە دروستەی فۆنۆلۆژیی دا بەرهەمهێنران لەم قۆناغەدا بەسەرداچوونەوە دەکرێت بۆ هەموو دەربڕاوە بەرهەمهێنراوە دەنگییەکان تاوەکو دروستی و شیاوێتییان دەستنیشانبکرێت پێش قۆناغی ئارتیکیولەکردن/دەربڕینی فۆنەیتیکی ،کە وشە و دەربڕاوەکان بەرهەمدەهێنرێن لە شێوەی پرۆگرامێکی دەنگی لە ئاوەزی قسەکەردا،واتە لەم قۆناغانەدا شیکردنەوە و بەسەرداچونەوەی (گفتوگۆی ناوەکی internal speech) دەکرێت بە شیوەی زنجیرەیی بۆ دەربڕاوە بەرهەمهێنراوە دەنگییەکان،هەوەها

---

[1] بۆ چۆنییەتی پرۆسەی میکانیکی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و ڕۆڵی سییەکان و قورگ و دەنگە ژێکان ،ئۆرگانەکانی سەروو قورگ لە جێبەجێکردنی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بروانە: ا.غازی فاتح وەیس(١٩٨٤: ٢٦-٣٢) ب.وریا عومەر (٢٠٠٩: ٤٦-٥٩) ت.محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨: ٧٧-١٣٧) ج. Gussenhoven, C.and Jacobs, H.(2011: 15-33)

[2] بروانە نەسرین فەخری(١٩٨٥: ٢٦١)

میکانیزمی خودەچاودێریی پێش دەربڕین گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی بڕگە،کە دووەم قۆناغی کۆدکردنی فۆنۆلۆژییە .

## ٣/٢– ٣)مۆدیلە شیکەرەوەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن

ئەم قۆناغانەی ئاماژەیان پێدرا سەبارەت بە بەرهەرمهێنانی ئاخاوتن بە شێوەیەکی گشتی بە پێی دوو تیۆری سەرەکی لێکدانەوە بۆ پرۆسەکانی زمان دەکرێت ،کە ئەوانیش بریتیین لە : مۆدولارێتیی ،کە لێکدانەوەکانی پەیوەستە بە پرۆسە زنجیرەییەکانەوەSerial Processes ،بەپێی ئەم مۆدیلە لە یادگەی هەمیشەییدا ئاستەکانی زمان(سیمانتیك،سینتاکس،مۆرفۆلۆژیی،فۆنۆلۆژیی) گرێی تایبەت بە خۆیان هەیە ،کە بیرۆکەکان لە داڕشتەکاندا جێبەجێدەکرێن و دەردەبڕرێن ، بەپێی ئەم مۆدیلە بۆ پرۆسەکانی زمان سەرە ئاڕاستەی فەرهەنگیی (Lexical Driven)دەکرێت ،واتە وشەکان لە دروستەی ڕستەکاندا بوونیاددەنرێن و چالاکدەکرێنەوە ، کاتێك کۆدکردنی فۆنۆلۆژی دەستپێدەکات ،کە پرۆسە ( فەرهەنگیی – سینتاتیکییەکان Lexical – Syntactic ) پێشتر پرۆسەکرابن و جێبەجێبوون ،نموونەش بۆ ئەم مۆدیلی زنجیرەییە لای فرۆمکین[1] و گاریت ئاماژەی پێدراوە، پەیوەست بە قۆناغەکانەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بە چەند هەنگاوێك دیاریدەکرێت و ئاماژەی پێدەدرێت ،بۆ نموونە گاریت[2] سێ ئاستی بۆ نواندنی ئاخاوتنەکان دیاریکردووە،بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە:

---

[1]فرۆمکین جەخت لەسەر ئەو چوار قۆناغەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن دەکاتەوە،پێنج هەنگاویش دیاریدەکات بە مەبەستی شیکردنەوەی چۆنێتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن،بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ١.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٥٢) b. Fromkin, V. A. ( 1971: 27-52),(1973)

[2] Garrett, M.F. (1975:133-177)




هێڵکاریی(٢-٤) قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن[1]

سەبارەت بە مۆدیلی دووەمی شیکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن پرۆسە هاوتەرییەکانە Parallel Processes ،ل" موۆدێلی هاوتەرییبیدا داڕشتەکان وەك یەك گرێ دەنوێنرێن ، کە لەیەك ئاستدا مۆدێلی هاوتەریبی پشت بە بەکارهێنانی مۆدێلی بڵاوبوونەوەی چالاککراو The Spreading Activation Model دەبەستێت مۆدێلەکە زیاتر وەك مۆدیلی تایبەتمەندێتی سیمانتیکی لێهات بەڵام لەوەدا جیاواز بوو کە کاتی کەمتر دەخایاند ،کە (بابەت ،تایبەتمەندێتی ،کاتیگۆری) یەکە فەرهەنگییەکان لە بەرچاو گیران، لێرەوە میکانیزمی بەرپرس لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بە پێی مۆدیلی پەیوەندێتی بڵاوبوونەوەی چالاککراوە"[2].لە مۆدیلی بلاوبوونەوەی چالاککراو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە

[1] وەرگیراوە لە : Garrett, M.F. (1980: 263-271)

[2] ١.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٤٩) ب.Kormos, J.(2006: 5)

دەگۆڕێت،واتە تاکگەرایی نیشان دەدات ،هەڵگری لایەنە فۆنۆلۆژیی و گراماتیکییەکانە،بە پێی بڵاوبوونەوەی چالاککراو جگە لە چالاککردنەوەی وشە هاوڕێ و پەیوەندیدارەکانی ناو گێڵگە واتاییەکان ، بەرهەمهێنانی وشەیەك تاکو دەگات بە بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕینەکان بە چەند چینێکدا دابەشدەبن،هەروەها قسەکەر چێوەیەك بۆ ڕستە و دەربڕاوە فۆنەتیکییەکانی دادەنێت ،پاشان هەڵاوێرکردنی تایبەتی فۆنەتیکی گونجاو بۆ یان، لەپێناو پڕکردنەوەی جێکەوتەposition و کەلێنەکانی ڕستەکە،سەرەڕایی بوونی جیاوازی لە لێکدانەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەپێی ئەو دوو مۆدیلە،بەڵام هەردوو تیۆرییەکە پڕۆسەی بەرهەمهێنان وەك پڕۆسەیەکی ئەفراندن پەسەندەکات.

# دیاردە سایکۆ_فۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن

# ٣) دیاردە سایکۆ–فۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن

## ١/٣) جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە پڕۆسەی زمانپژاندندا

### ١/٣– ١ )جفرەکردنی فۆنۆلۆژی لای منداڵ

جفرەکردنی فۆنۆلۆژی بەرجەستەکردنی کۆنکرێتیی ئەو بیرۆکە و چەمکانەیە ،کە لە ڕێگەی ئاماژەی جەستەیی ، دەنگ ،نوسین ) بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەوە بەکاردێت، بە بۆچوونی کریستاڵ[١] منداڵ لە سەرەتاکانی زمانپژاندندا زمان بەکاردەهێنێت بۆ ( بەدەستهێنانی شتێك/ پێداویستییەك، گرنگیی پێدانی دەوروبەر،سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر بۆ شتێك)،باسکردن و شیکردنەوە لە جفرەی فۆنۆلۆژیی لە زانستی زمانی دەروونیی دا لە ڕوانگەی درکپێکردنی سایکۆلۆژیانەوە لێی دەکۆڵرێتەوە ،کە" کۆدکردنی فۆنۆلۆژیی پێشی دەگوترێت (WEVER ) ،ئەم ڕوانگەیە بە دوو جۆر لە کۆدکردنی فۆنۆلۆژی دەڕوانێت :

یەکەم/تێورەکانی فیچەرێتیFeatural Theories

دووهەم / تێورەکانی سەگمێنتاڵێتی Segmental Theories"[٢].

بە پێی تێوری نیشانە واتاییەکان/ فیچەری جفرەکردنی فۆنۆلۆژی لە ڕێگای نیشانەکانەوە دەبێت بە پشت بەستن بە تێوری بڵاوبوونەوەی چالاککراوەوە . هەروەها لە دیدی تێوری سەگمێنتاڵیی (بەشەکانی

---

[١] کریستاڵ قۆناغەکانی زمانپژاندن و ئامانجی بەکارهێنانی زمانی کردووە بە پێنج قۆناغەوە:١.بۆبەدەستهێنانی شتێك ب.پرسیارکردن، بە بەکارهێنانی وشەی پرسی ( چی ، کوا) ، بەدوایدا ( ناو/ کردار ) دێت ، پ.پرسیارکردن بەسود وەرگرتن لە هێز و ئاواز ، ت.داواکردن و فەرماندانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ، ج .دەسەڵاتشکاندنەوەی بەسەر زمان و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی نزیك لە زمانی کەسانی پێگەیشتوو . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://aggslanguage.wordpress.com/chomsky/

[٢] بڕوانە :١.ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٦٢) ب.(Roelof,A ( 1997: 249-284

ئاخاوتن)ەوە هەریەکێك لە جفرەکان ( سەگمێنتەکان) هەڵگری نواندنی ئەبستراکتی خۆیانن لە یادگەدا ،کە وەك کۆمەڵێك نیشانە/ فیچەر هەڵگیراون، لە ڕێگەی جیاکردنەوەی پێکهاتەکانەوە دەنوێنرێن.

مۆدیلی وەیڤەر هەموو ئاستەکانی زمان(رێزمان) دادەپۆشێت،بەهۆیەوە و لەیەك کاتدا پرۆسەی بەدەستهێنانەوەی هەموو سەگمێنتەکانی وشە بەئەنجام دەگات ،پاشان قۆناغی پەیوەستکردنی سەگمێنتەکانی لە جێکەوتەی برگە دا بەدوادێت دواتر ڕێکخستنییەتی بە شێوەی زنجیرەیی ،لێرەدا خێراییspeed لە ئەنجامگەیاندنی مۆدیلەکەدا ڕەچاودەکرێت،بەشێوەیەك بۆ وەرگرتن ،خەزنکردنی زانیارییەکان و بەدەستهێنانەوەی پێویستیان بە (کات)ە،لە بەشی یەکەمی جفرەکردنی فۆنۆلۆژیدا بۆ ڕێکخستنی سەگمێنتەکان لە جێکەوتەی برگە و دروستکردنی وشە دا کات گرنگە،پاش قۆناغی جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی کۆتا هەنگاوی،کە کۆدکردنی فۆنیتیکییە ،واتە دەربڕینی وشە و ڕستەکان لە شێوەی زنجیرەیەکی دەنگیدا[1]، بڕوانە هێڵکاریی(٣-١)

---

1 Taxler, M. J & Gernsbacher,M. (2006: 38)




هێڵکاری (٣-١)جفرەکردنی فۆنۆلۆژیی[١]

قۆناغەسەرەتاییەکانەکانی جفرەکردنی فۆنۆلۆژی لای منداڵ پەیوەستە بە دەربڕینی بڕگەوە،کە بە شێوەیەکی نائاگایی، بێ مەبەست بڕگەی کراوە لە چەشنی ( CV)دەردەبڕێت پاشان بە دووبارەکردنەوەی

[١]مۆدیلی (WEAVER)ی (Levelit:1999 وەرگیراوە لە Taxler, M. J & Gernsbacher,M. (2006:27)

ئەم بڕگانە بەشێوەی دەربڕاوی( CVCVCV)دەردەبڕێت،سەرەتا وەکو فیدباکFeedback [1] دەیبیستێتەوە ، لێرەدا وەك جۆرێك لەخۆشیوەرگرتن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لای منداڵ نەك ئاخاوتن و زمان ، کەهۆکارێکی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانە،دیارترین ئەو بڕگانەش بریتیین لە : ( با،دا، تا،ما، ...) ، پاشان دووبارەکردنەوەی ئەم بڕگانە ( بابابا ،دادادا ، تاتاتا، ماماما،...) ،لەم قۆناغەدا ، لەئەنجامی گرنگیپێدان و دواندنی منداڵ لەلایەن دایکو باوك ،دەوروبەرەوە ئەو دەربڕینانەی منداڵ پەیوەست دەکرێت بە وشەکانی زمان ،واتای پێدەدرێت ،لە ئەنجامدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت ،کە دەتوانێت لە ڕێگەی دەربڕینی ئەو دەنگانەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەی پەیوەندی دروست بکات .

## ٢-١/٣) گۆڕانەکان لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا

### ١/٣– ٢–١) فۆنیم و پێڕەوی فۆنۆلۆژیی

فۆنۆلۆژیی لە نیشانەکانی بەجێهێنانی ئەرکی واتا گۆڕینی سەگمێنتەکانی پێڕەوی زمان دەکۆڵێتەوە،کە "پێڕەوی فۆنۆلۆژیی پێکهاتە و وەچە پێڕەوێکی پێڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێکە،ئەو پێڕەوە دەنگییە/ فۆنۆلۆژییە phonplogical system کۆی پێکەوەبوونی فۆنەیتیکی جیهانیی و فۆنەیتیکی تایبەت بەهەر زمانێکی وەك زمانیی کوردییە لەگەڵ دروستەی زماندا language structur، فۆنۆلۆژیی بەندو بەستراوە بە پێکهاتەی ڕێزمانەوە grammatical component ( سینتاکس و فۆنۆلۆژیی و واتا)،کە زمان مۆدولێکی مێشکە"[2]،هەروەها فۆنۆلۆژیی" جگە لە توێژینەوە لەسەر چۆنییەتیی جیاکردنەوەی یەکەی دەنگیی بایەخی زۆر بە ڕوانگەکانی داینامیکی سیستمی دەنگیی زمانی مرۆڤ

---

[1] مرۆڤ کاتێك قسەدەکات لەکاتی قسەکردنەکەیدا ئەو زنجیرە دەنگییەی دەریدەبڕێت بەشێکی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ،دەیبسیتێت،ئەمەش بە فیدباك/دەنگی گەڕاوەی قسەکەر/خودەچاودێری ناودەبرێت،کە وەك گرێدانەوەیەك وایە لە نێوان دەربڕینەکانی قسەکەر و بیرۆکەکانی ئاوەزیدا ،یارمەتی قسەکەر دەدات لە نەبڕینی زنجیرەی بیرکردنەوە،باشترکردنی دەربڕینەئاخاوتنیەکان .

[2] محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨: ١)

دەدات،گۆڕانكاری دەنگیی، گەشەسەندنی بێژانی منداڵان و ئاڵوگۆڕی سیستمی دەنگیی بە پێی شوێن ، كات و ژینگەی كۆمەڵایەتیی دەكەوێتە چوارچێوەی ئەو بایەخەوە"[1] .

لە زانستی زماندا فۆنۆلۆژیی نموونەیەكی ئەبسترەكتی ئەو پێڕەو و دەستورانەیە،كە جفرەی فۆنۆلۆژیی/فۆڕمێكی دەنگیی دروست دەكەن بۆ بیری مرۆڤ،ئەو گرفت و تەگەرانەی دەكەونە ڕێگەی فۆنۆلۆژییەوە لە كاتی بەرهەمهێنانی كۆدە فۆنۆلۆییەكان دوو جۆرە:

ا."ئەو گرفتانەی لە مەزرای فۆنۆلۆژیدا سەرهەڵدەدەن،

ب. ئەو گرفتانەی لە سنووری فۆنەیتیكەوە دێنە نێو فۆنۆلۆژییەوە ،چونكە فۆنۆلۆژیی تەمسیلی شێوەی ئەبسترەكتی فۆنەیتیك دەكات، دەبێت كەرەستەكانی فۆنۆلۆژیی لە فلتەری فۆنەیتیكەوە دەربچن و ببن بە كەرەستەی فۆنۆلۆژیی"[2].

پرۆسەی جفرەكردنی فۆنۆلۆژیی و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بە گەڵاڵەكردن و چەمكردنی بیرۆكەكانی قسەكەر و پلاندانان بۆی دەستپێدەكات،پاشان داڕشتن و فۆڕمەلەكردنی بە پێی پێڕەوی زمان ،واتە پێش ئەوەی دەرببڕێت یاسانی ڕێزمانی بەسەردا جێبەجێ بووە ،هەتا ئێرە كاری مێشكە بە شێوەی چەند پرۆسەیەكی سایكۆلۆژیی ،دواتر پێویستە مێشك فەرمان بكات بە ئۆرگانەكانی ئاخاوتن ،بە ئەو فەرمانەی لە مێشكەوە دەردەچێت بۆ بەرهەمهێنانی جفرەی فۆنۆلۆژیی كردە و پرۆسەیەكی زۆر خێرایە، بە پرۆسە كارەباییەكان electreca process ناودەبرێت،دواتر قۆناغی ئامێرێتیی دەربڕینە ،كە لێرەوە كاری ئۆرگانەكانی ئاخاوتن دەست پێدەكات بۆ دەربڕینی بیر لە شێوەی زنجیرەیەكی دەنگییدا بەمەش دەوترێت پرۆسە میكانیكییەكان mecanical process ،كە ئەم دوو كردەیە تەواوكەری یەكترن ،كە پرۆسەكارەباییەكان خێراترن لە پرۆسە میكانیكییەكان لێرەدا مێشك وەك فلتەرێك ڕۆڵدەبینێت بۆ هاوتاكردنی لە ڕووی جێبەجێبوونی كاری دەربڕین .ئاشكرایە بوونی هەركەموكووڕییەك لە یەكێك لەم دوو پرۆسەیە گرفت و كەموكورتیی و گۆڕان دەكەوێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەوە.

---

[1] غازی عەلی(٢٠١٠ :١٦٨)

[2] غازی فاتح(١٩٨٤: ١٨)

کاتێك باسی گۆڕان دەکرێت لە زماندا هەموو ئاستەکانی زمان( فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس، سیمانتیك ) دەگرێتەوە،لە هەرئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆڕان لە پێڕەوەی ئەو ئاستەدا بەدیدەکرێت،ئەو بابەتەی دەچێتە سنوری لێکۆڵینەوەکەوە ، گۆڕانە لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا ،ئەم ئاستەی زمان بەبەراورد بە ئاستەکانی دیکەی زمان گۆڕان لە پێڕەوەکەیدا زیاترە.گۆڕانی فۆنیمەکان هەندێکیان فۆنەیتیکین،هەندێکیان فۆنۆلۆژیین،گۆڕانی دەنگەکان بە ئەڵتەرناسیۆن ناودەبرێن،چونکە"وشەکان و مۆرفیمەکان لەدەربڕینیاندا دەگۆڕێن ،دەربڕینی گۆڕاوی جۆراوجۆریان هەیە،دەربڕینە جۆراوجۆرەکان وابەستەی هەندێك مەرجن ،ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە/ دەربڕینە گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان alternation/variation ناوی پرۆسەی فۆنۆلۆژییان لێنراوە ئەڵتەرناسیۆنەکان ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەن ،کەنابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە/دەربڕینەکان ، مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان کە بە چەند خاڵێك دەتوانرێت ئاماژەی پێبدرێت،ئەوانیش بریتیین لە:

أ. دەقی / دەوروبەری دەنگیی
ب. جێکەوتەposition لە ناو وشەدا
ت. مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان ( نیشانەکانی شکاندنەوە inflectional features چەشنەکانی لاگرaffix type)
پ. خێرایی قسەکردن
ج. شێواز"[1].

## ٣/١– ٢–٢)هۆکاری گۆڕان لە پێڕەوی فۆنۆلۆژیدا

هەرچەندە دابەشبوونی فۆنێمەکان خاڵێکی گرنگی ڕوونکردنەوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانن لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی دا ،کە لە ڕێگای ئەم دابەشبوونانەوە جێکەوتەی هەر فۆنێمێك پەیوەستدەبێت بە فۆنێمەکانی تری زمانەکەوە ،ئەو یاسایەی بەرپرسە لە ڕێکخستن ،ڕێپێدان و ڕێپێنەدانی بەدوای یەکداهاتنی فۆنیمەکان فۆنۆتاکتیکە،واتە فۆنۆتاکتیك "بریتییە لەو یاسایانەی لەناو مۆرفیمەکان،وشەکان و بڕگەکاندا تەحەکوم بە

---

[1] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨: ١٧)

دابەشبوونی فۆنیمەکانەوە دەکەن"[١]، کە چەشنەکانی دابەشبوونەکان بریتیین (دابەشبوونی تەواوکارانە ،دابەشبوونی هاوتا ، دابەشبوونی هاوتای _کەمەکی )، کە ئەم دابەشبوونانە یارمەتی لێکدانەوەی دیاردەفۆنۆلۆژییەکانی (وێکچوون ، جێگرتنەوە ، کرتاندن ،پەیدابوونی دەنگ ،...هتد) دەدات ، دیاردەی بێلایەنبوون و مەرجی مۆرفۆلۆژی لایەنێکی تری شیکردنەوەی گۆڕانەکانن.

لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەو دیاردە فۆنۆلۆژییانە ڕووندەکرێتەوە،کە لە زمانپژاندنی منداڵدا ڕوودەدەن،واتە لە تەمەنی ساواییی تا تەمەنی شەش ساڵی ،کە لێرەدا ڕۆڵی قسەکەر و بیسەر لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی دەنگەکانی زمان و فێربوونی منداڵان بۆ بێژان و تێگەیشتنی زمانی دایك دەکەوێتە چوارچێوەی بایەخی فۆنەیتیکەوە"[٢]،گۆڕان لە زماندا چەند هۆکارێکی هەیە ،چەند تیۆرییەك[٣] هەن بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکان،لە دیارترین ئەو هۆکارانە[٤]ی گۆڕان لە زماندا دروست دەکەن، ڕاستەوخۆ دەبنە هۆکاری گۆڕان لە ئاستی دەنگدا (فۆنەتیك ،فۆنۆلۆژیی) ، دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

ا.هۆکاری فسیۆلۆژیی ، پەیوەستە بە پێگەیشتنی بایلۆژیی، کە پێگەیشتن ئەو هۆکارە ناوخۆییانەیە لە تاکدا ڕوودەدات ،بەتایبەت لە مێشك ،ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن ،واتە ئەم هۆکارە پەیوەستە بە هەڵکەوتنی مرۆڤ و ئۆرگانەکانی ئاخاوتن،کە ئەم هۆکارەیان بە پلەی یەك کاریگەرە لە سەر توانای بەرهەمهێنان ، دەربڕینی ئاخاوتن و دروستبوونی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان[٥] .

---

١ محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨: ٢٥٨)

٢ غازی عەلی( : ١٦٩)

٣ لە دیارترین ئەو تێۆریانەی لێکدانەوە بۆ گۆڕانەکان دەدەن بریتین لە:ا/تیۆری سایکۆلۆژی فرۆیدیانە، فرۆید ئەم حاڵەتە بۆ هۆکارە سایکۆ_داینامیکییەکان دەگێڕێتەوە،کە لە کردەی پێکداچوونی بیرەکاندا دەردەکەوێت ، لێرەدا کێبڕکێ و ململانێ لە نێوان بیرەکان لە نەستدا ڕوودەدەن و دواتر بۆ هەست دەگوێزرێتەوە ،لە دەربڕینەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. ب/ تیۆریی زانستی زمانی دەروونیی : لێرەدا جەخت لەسەر میکانیزمەکانی زمان دەکرێتەوە بەتایبەت لەکاتی تێگەیشتندا ،کە پەیوەندی هەیە بەتوانا و جێبەجێکردنە زمانەوانییەکانەوە،بە پێی ئەم تیۆرییە لێکدانەوەکان بۆ بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە کراوە.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ١٧٢)

٤ محەمەد مەعروف فەتاح( ٢٠١١: ١٢٩–١٣٢)

٥ ئەم هۆکارە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی توانای جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ڕۆژانەی تاك،کە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەشێکە لەو چالاکییانە ، بوونی هەر گرفت و کەمووکورتییەکی بایلۆژیی گرفتی ئاخاوتنی لێدەکەوێتەوە ، وەکو

ب.هۆکاریی سایکۆلۆژیی،کە دەگەڕێتەوە ڕێکنەکەوتنی کارەبایی مێشك و فەرمانەکانی لەگەڵ جولاّندنەوەی ماسوولکەکانی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن.

پ.مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان(دەوروبەری دەنگیی ، جێکەوتە له ناو وشەدا ،مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان ،خێرایی قسەکردن ،شێواز ).

**گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان دوو چەشنن**[1] :

ا.**گۆڕانە ڕێپێدراوە فۆنۆلۆژییەکان** : ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەن،کە بەپێی دەستوور و پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانن، وەك ئەلتەرناسیۆن دەنوێنرێن، فۆڕمی ئاسایی تێگەیەنراو بەرهەدەهێنێت،واتە نابێتە هۆی دروستبوونی گرفتی واتایی .

ب. گۆڕانە ڕێپێنەدراوەکان فۆنۆلۆژییەکان /هەڵەی زمانیی[2]: ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەیە،کە لە دەستووربەردەرن ، بەپێی دەستوور و پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمان نین، جۆرێك لە فۆرمی نا ئاسایی و ناباوی تێنەگەیەنراو دروستدەکەن ،واتە دەبنە هۆکاری دروستبوونی گرفتی واتایی هەڵەی زمانیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

---

نەخۆشی و باری نائاسایی مامەلەی لەگەڵ دەکرێت،لە دیارترن ئەو نەخۆشییانەش کە تێکچوون language disorders و گرفتی زمانیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت بریتیین لە نەخۆشی (ئۆتیزم ، سێندرۆم داون ،...).

[1] ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ١٦٩)

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵەی زمانیی و چەشنەکانی بڕوانە: ا. ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢: ١٧٠–١٧٥)
ب .Garrett,M.F (1976: 274-293). پ.Harley, T. A.(2005: 376-378)

## ٢/٣) دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی زمانپژاندن

"یاساکانی فۆنۆلۆژیی بەشێکن لە کۆزانیاریی قسەکەر بۆ زمان "[1] فێربوونی دەنگەکانی ئاخاوتن پێکهاتووە لە فێربوون و دەربڕینی ڤاوڵ، کۆنسۆنانت،کە بڕگە و وشەی لێدروستدەکرێت ،بە جوڵاندنەوەی دەم بۆ بەرهەمهێنانی فۆنیمەکان دەوترێت دەربڕین / ئارتیکولەکردن،کە منداڵ سەرەتا توانای دەسەڵاتشکاندنەوەی بەسەر ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا نییە ،لە بەرهەمهێنانی هەندێك دەنگدا گرفتییان هەیە،لێرەوە بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە،پێکهاتووە لە پلاندانانی ئاخاوتن،هەڵاوێرکردنی ئیلیمێنتەکان و ڕێکخستنیان لە چێوەی ڕستەدا،پاشان جێبەجێکردن و دەربڕینی بە هۆی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە(لچولێو،ددان،بۆشایی دەم ،مەلاشوو،قوڕگ...)،گۆڕان و هەڵەکردن لە چۆنییەتیی دەربڕینی فۆنیمەکان بە هەڵەی دەربڕین/هەڵەی زمانیی ناودەبرێت،کە لە قۆناغەکانی زمانپژاندنی منداڵدا پێی دەوترێت پرۆسەفۆنۆلۆژییەکان Phonological processes /لادانی فۆنۆلۆژیی phonological deviations[2] .

## ٢/٣- ١)چەشنەکانی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان

زۆرێك لە منداڵانی تەمەنی دایەنگە،باخچەی ساوایان و سەرەتاکانی قۆناغی بنەڕەتی گرفتی زمانیی (ئاخاوتن) یان هەیە ،هەندێکیان گرفتی یەك دەنگییان هەیە ،لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان گرفتیان لەگەڵ چەند دەنگێکدایە،پێویستە بپرسین بۆچی ئەم دیاردەیە ڕوودەدات؟ چەشنەکانی ئەم دیاردەیە چین؟ لە زمانەوانیدا ئەم دیاردە[3]یە بەچی ناودەبرێت؟ ئەو کاتە کەیە ،کە پێویستە منداڵان لەم دیاردەیە بوەستنەوە،

---

[1] Fromkin ,V. & Rodman, R. & Hymas, N. ( 2011: 244)

[2] A. Julie A. Daymut, M.A. (2009) b. Bowen, C.( 1999) c. Nathan, G. S.(2008: 71)

[3] لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی دیاردە بەرامبەر پرۆسەفۆنۆلۆژییەکان و هەڵەی زمانیی منداڵ بەکارهاتووە.هۆکاری هەڵبژاردنی (دیاردە)وەك زاراوەیەك لە ڕووی چەمکەوە دیاردە بۆ کردە و حاڵەتێك بەکاردێت کە زۆر دووبارە نەبێتەوە لە لایەن کەسێك یان چەند کەسێکەوەلەکاتێکی دیاریکراودا بەڵام مەرج نییە بەردەوام بێت واتەنابێت بە بەشێك لە ڕەفتاری کەسەکە(خوو).هەروەها هەڵەی زمانیی بەکارنەهات چونکە ئەم حاڵەتانە گۆڕانێکە بەسەر دەربڕینەکاندا دێت،کاتێك وشەی هەڵە بەکاردێت کە ڕاستەکەشی لەلای قسەکەر هەبێت ،بەڵام هۆکاری ڕوودانی ئەم حاڵەتانە پەیوەستە بە سنورداری توانای

بۆچی ؟ لە ڕاستیدا هەموو منداڵێك تا گەورە دەبێت ئەم گرفتی دەربڕینانەی دەبێت، بەڵام بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز ، هەندێکیان گوێ بە چاککردنیان نادەن لەسەر ئەم نایاساییبوونە بەردەوام دەبن ،کە بە تێکچوونی زمانیی Languge disorders ناودەبرێت.

دیاردە /پرۆسەفۆنۆلۆژییەکان ئەو تەرزانەن ،کە لەلایەن منداڵەوە بەکاردەهێنرێت بۆ لاسایکردنەوە و ئاسانکردنی دەربڕینەکانیان ،کە ئەم دیاردانە بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان /پرۆسەی ئاسانکردن[1] simplificationsی دەربڕینەکانی منداڵ ناودەبرێت هەموو منداڵان ئەم پرۆسەیە بەکاردەهێنن،ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لە قۆناغەکانی زمانپژاندندا، دەربڕینەکانیان وەکو کەسانی پێگەیشتوو نییە،ئەم دیاردانە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە وشەی (دایە ) بە (دا)،وشەی (یاری) بە (یادی/ یالی/لالی) ، وشەی (قسە) بە(قتە) دەردەبڕێت ،ئەم دیاردانەش چەند جۆرێکن ،کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە. دیاردەفۆنۆلۆژییەکان چەن جۆرێك لەخۆدەگرێت، کە لێرەدا دیارترینیان دەخەینە ڕوو ،ئەوانیش بریتیین لە:

## ٣/٢– ١ –١) وێکچوون[2] Assimilation

ئەو دۆخەی دەکەوێتە دەوروبەری دەنگێك کاریگەری بەسەر چۆنییەتی پەیدابوونی ئەو دەنگەوە دەبێت،بەشێوەیەك ئەم دەنگە پەیدابووە بە پێی دۆخەکە وەکو ئەلەفۆنێك دادەنرێت،کە شێوەیەکی لێکچووی دەنگیی لەگەڵ دۆخی دەوروبەریدا دەبێت،لەم دیاردەیەدا دەنگێك دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی دیکە لەژێر کاریگەری دەنگەکانی دراوسێدا،واتە وێکچوون بریتییە لە گۆڕانی دەنگێك بۆ ئەوەی لەدەنگێکی دراوسێی خۆی بچێت،ئەمەش لەپێناو ئاسانکردنی درکاندنە ،"هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیەش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و ڕێکخستن و گونجاندنی جوڵاندنەوەی ماسوولکەکان لە کاتی

---

ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و ڕانەهاتنیان بۆ دەربڕینی دەنگەکان ،ئەم دیاردانە بە بەراورد بە زمانی کەسانی پێگەیشتوو هەڵەن ،کە لە ڕاستیدا ناکرێت زمانی منداڵ بەراوردبکرێت بە زمانی کەسانی پێگەیشتوو ،چونکە دوو قۆناغی جیاوازن لە ڕووی سایکۆلۆژیی و بایلۆژییەوە.

[1] Clark ,E.(2009: 105)

[2] لە سەرچاوەکاندا سەرەڕای زاراوەی وێکچوون زاراوەکانی وێکچواندن، توانەوە و گونجانی بۆ بەکارهاتووە، بڕوانە:

ا.محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨) ب. تالیب حسین( ١٩٨٩) پ.دولبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠)

درکاندنی دەنگەکاندا ،ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لە ناو دەنگە دراوسێکاندا،کە بە چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژیی دەستنیشاندەکرێت و لێکدەدرێتەوە"[1].

لێرەوە دیاردەی توانەوە/وێکچوون گۆڕانی دەنگێکە بۆ دەنگێکی دیکە لە ژێر کاریگەریی دەنگەکانی دەوروبەریی، بە هۆی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە لە پێناو ئاسانکردنی دەربڕینەکان، گەشەی زمانیی منداڵ پەیوەستە بە گەشەی ژیریی و فسیۆلۆژییەوە،منداڵ سەرەتا ئۆرگانەکانی ئاخاوتنی ڕانەهاتووە لەسەر دەربڕینی چەند دەنگێك ، کاتێك گوێی لە ئاخاوتنی دەوروبەرەکەی دەبێت،دەیەوێت دووبارەیان بکاتەوە،ئەو کات ئەو دیاردانە ڕوودەدات،واتە دەربڕینی دەنگەکان پەیوەستە بە جووڵە و ڕانەهاتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن ،بۆ نموونە منداڵ سەرەتا دەنگە لچولێوییەکان(ب،م) بەرهەمدەهێنێت ،چونکە ئەم ماسولکانە هۆکاری ژیان و مانەوەی منداڵن و بەهۆی کردەی مژینەوە ئەم ئۆرگانە ڕاهێنانی پێکراوە.

منداڵ ئەو وشە/دەربڕیینانەی گوێی لێدەبێت هەولدەدات بیانلێتەوە،دووبارەیان بکاتەوە ،بەلام ناتوانێت وەکو کەسانی پێگەیشتووو بیانلێتەوە بە هەڵە دەریان دەبڕێت/گۆڕان لە دەربڕینی فۆنیم و وشەکاندا ڕوودەدات ،"منداڵ بەردەوامە لە ڕاستکردنەوەیان بە پەنا بردنەبەر گوتنەوەیان گوێگرتن،خۆڕاهێنان لێیان بە یاریدەی ئەو هەوڵە ئیرادییە و مەیلە فیترییەی ،کە هەیەتی سود لە تاقیکردنەوەکانی وەردەگرێت تا زمانی ڕاست دەکاتەوە"[2]،هەروەها فرومکین دیاردەی توانەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری فسیۆلۆژیی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە،کە بە مەبەستی ئاسانکردنی هێز و وزەی قسەکەر.دیاردەی وێکچوون بە کۆنسۆنانت هاڕمۆنیش ناودەبرێت.

**کۆنسۆنانت هاڕمۆنیی consonant harmony** ، دیاردەی وێکچوونە، کاریگەریی دەنگەکانە لەسەر یەکتری ، ئەمیش دوو جۆر هاڕمۆنییە،ئەوانیش بریتیین لە: (هاڕمۆنیی تەواو ، هاڕمۆنیی ناتەواو

---

[1] بڕوانە:تالیب حسن( ١٩٨٩: ٤٩) ،دولبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠: ٥٣)

[2] نەسرین فەخریی(١٩٨٥ : ٢٨٤)

### ١.هارمۆنیی تەواو, complete harmony[١]

گۆڕینی کۆنسۆنانتێکە بۆ کۆنسۆنانتێکی دیکە بەکاریگەریی کۆنسۆنانتێکی دیکەی هەمان وشە لە پێناو ئاسانیی دەربڕین ،ئەم دیاردە دەنگییە لە سەرەتاکانی قۆناغی زمانپژاندندا دەست پێدەکات ،کە لەم کردەیەدا هەردوو دیاردەی کۆنسۆنانت هارمۆنیی و ڤاوڵ هارمۆنیی تیادا جێبەجێبووە[٢]، نموونە (ماما،بابا،پاپا،...) . کۆنسۆنانت هارمۆنیی بە پێی جێکەوتە و کاریگەریی دەنگەکان بۆ سەر یەکتری دوو چەشنن[٣]:

١.وێکچوونیی پێشەوەProgressive assimilation :واتە دەنگەکەی پێشەوە کاردەکاتە سەر دەنگەکەی دواوە.

٢. وێکچوونیی دواوە regressive assimilation:واتە دەنگەکەی دواوەوە کاردەکاتە سەر دەنگەکەی پێشەوە.

### ١. گۆڕینی دەنگی / ن/ بە دەنگی / م / یان بە پێچەوانەوە

لەم گۆڕانەدا توانەوەی هەندێك فیچەری واتای دەنگێکە ، وێکچوانی بە دەنگێکی دیکەی هەمان وشە، لێرەدا لە نێوان دوو فۆنیمی لووتیدایە ،دەربڕینی دەنگی /ن/ بە/م/ کە لچولێوییە و بۆدەربڕین بە بەراورد بە /ن/ ئاسانترە ،دەربڕینی وزەی کەمتری دەوێت،ئەم دیاردەیەش زیاتر کاتێك ڕوودەدات ،کە دەنگی /م/ لەو وشە و دەربڕینانە هەبێت ،کە دیاردەی گۆڕانەکەی تیادا ڕوودەدات.

| / ن/ | | / م/ | |
|---|---|---|---|
| | − برگەیی /+ C | | − برگەیی |
| | + لووتیی | | + لووتیی |
| | + دەنگدار | | + دەنگدار |
| | +دانیی و پوکیی | | + لچولێویی |

---

[1] Dominik R, T.( 2003: 30-35)

[2] A.Cruttenden,A.(1985:25) b. Bowen, C. (1998 )

[٣] احمد مختار( ٣٧٩: ١٩٩١)

نامی~ مامی [mami:] ←/ :Nami/ لێرەدا /ن/ فیچەری (+ لچولێویی) لە /م/ وەرگرتووە.

هێمن ~ هێمم[hemin] ← /hemim/

ئامین ~ ئامیم[amin] ←/amim/

مەیموون~ مەینوون [məinu:n]←/məimu:n/

مەکتەب~ نەتەکپ [nətəkp] ←/məktəb/

**ب.گۆڕینی دەنگی / ن/ بە دەنگی /ح/**

/ ن/ ← [ + c/ بڕگەیی، + لووتیی، + دەنگدار، + دانیی و پوکیی ] / ح/ [ – بڕگەیی، +گەروویی، + دەنگدار، +خشۆك ]

گوناحە~ گوحاحە [guħaħə] ← /gunaħə/ لێرەدا /ن/ فیچەری (+ گەروویی ،خشۆك) ی لە /ح/ وەرگرتووە.

**پ.گۆڕینی دەنگی / ر/ بە دەنگی / ی/ .**

/ ر/ [ _ بڕگەیی، + دەنگدار، + گڤۆك، +دانیی و پوکیی ] /ی/ [ _ بڕگەیی، + دەنگدار، +سیمی ڤاوڵ، + ڕەقەمەڵاشوویی ]

یارِی ~ یایی [yayi] → /yari/ لێرەدا / ر/ فیچەری (+سیمی ڤاوڵ ، +ڕەقەمەڵاشوویی) ی لە / ی/ وەرگرتووە.

مراوی~ میاوی [myawi] → /mrawi/

## ت.گۆڕینی دەنگی / ڕ/ بە دەنگی / ن/ .

| / ڕ/ | | / ن/ | |
|---|---|---|---|
| | _ بڕگەیی | | _ بڕگەیی |
| | + دەنگدار | | + دەنگدار |
| | + گڤۆك | | +لووتیی |
| | +دانیی و پوکیی | | + دانیی و پوکیی |

بارانە~ بانانە[ barane] → /barane/ لە دەربڕاوی(بارانە) دا / ر/ فیچەری (+لووتیی ) ی لە / ن/ وەرگرتووە.

ئەم نموونە و گۆڕانانەی ئاماژەیان پێکرا لە چەشنی وێکچوون/ هارمۆنیی تەواو complete harmony ن.

## ب. هارمۆنیی ناتەواو

ئەم چەشنەی وێکچوونە گۆڕانە لە یەکێك یان زیاتر لە فیچەرە واتاییەکان بەڵام گۆڕانی دەنگەکە تەواو نییە بەڵکو ڕێژەییە،کە گۆڕینی یەکێکە لە نیشانەکان بە کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەر،بۆ نموونە:

### ١. گۆڕینی دەنگی / ب/ بە دەنگی / پ/ یان بە دەنگیی / م/

/ ب / 
_ بڕگەیی
+ دەنگدار
+ گیراو/وەستاو
+لچولێویی

/پ / 
_ بڕگەیی
_ دەنگدار
+ گیراو
+لچولێویی

/م / 
_ بڕگەیی
+ دەنگدار
+ لووتیی
+لچولێویی

بیکەم ~ پیکەم [pikəm]→/bikəm/ لێرەدا / ب/ فیچەری (_دەنگدار ) ی لە / ك/ وەرگرتووە.

بنێشت ~ پنێشت [pɨneʃt]→/bɨneʃt/ لێرەدا / ب/ فیچەری (_دەنگدار ) ی لە / ت/ وەرگرتووە.

بێنە ~ مێنە [menə]→/benə/ لێرەدا / ب/ فیچەری (+لووتیی ) لە / ن/ وەرگرتووە.
برنج ~ مرنج [mɨrɨnj]→/bɨrɨnj/

## ب.گۆڕینی دەنگی / ن/ بە دەنگی / م/

/ ن/ 
_ بڕگەیی
+ دەنگدار
+لووتیی
+ دانیی و پوکیی

/ م/ 
_ بڕگەیی
+ دەنگدار
+لووتیی
+لچولێویی

بێنە ~ بیمە [ bima ] →[bena/ لێرەدا / ن/ فیچەری (+لچولێویی) ی لە / ب/ وەرگرتووە.

پەنیر ~ پەمیم[ pamim] → [panir/ لێرەدا / ن/ فیچەری (+لچولێویی) ی لە / پ/ وەرگرتووە.

## ٢/٣– ١ –٢) جێگۆڕکێ /ئاڵو گۆڕکردن Exchange/[1]Metathesis

ئەم دیاردەیە ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی دوو سەگمێنتە ،ئەم دیادەیەش زیاتر لە نێوان کۆنسۆنانتەکاندا ڕوودەدات،لە پێناو ئاسانی دەربڕین و گونجانی دەنگەکان پێکەوە،بۆ نموونە:

تەکسی ~ تەسکی /taksi/ →[taski]

محەلەبی~ ملەحەبێ [ mɨləĥəbe ] →/ mɨħƏlƏbi /

تیمساح ~ تیسماح [tismaħ] → /timsaħ/

کوشتی ~ توشکی [tuʃki] → /kuʃti/

مەکسی ~ مەسکی [maski] → /maksi/

ساحێب ~ سابێح [sabeħ] → /saħeb/

قۆپچە ~ قۆچپە [qoçpə] → /qopçə/

گالاکسی ~ گالاسکی [galaski] → /galaksi/

بەجێم مەهێڵە ~ بەلێجم مەکە [balejm maka] → /bajem mahela/

پەنیر~ پەلین[2] [pəlin] →/pənir/

تێگەشتم~ تێدەشگم [tedƏȘgɨm]→/tegƏȘtɨm/

---

١. Cruttenden,A.(1985:26) ب. احمد مختار( ٣٩٠: ١٩٩١ )

٢ کاتێك باسی ئەم گۆڕان و دیاردانە دەکرێت ،کە بەسەر فۆنیمەکاندا دێت مەرج نییە هەر وشەیەك یەك گۆڕانی تێداڕووبدات ،بەڵکو هەندێك جار لە گۆڕانێك زیاتر بەدیدەکرێت لە وشەکاندا ،بۆ نموونە لە وشەی (پەنیر،تێگەشتم ) دا،کە لە وشەی (پەنیر)دا دەنگی (ر) گۆڕاوە بە دەنگی (ل) پاشان دیاردەی جێگۆرکێ ڕوویداوە،و لە دەربڕاوی (تێگەیشتم )دا (ت)بە (د) پاشان دیاردەی جێگۆرکێ .

## ٣-١ -٢/٣) گۆڕین shift / جێگرتنەوە[1] Substitution

جێگرتنەوە گۆڕینی دەنگێکە بە دەنگێکی دیکە ، کە هەندێك جار دوو دەنگەکە لە ڕووی فیچەرە واتاییەکانیانەوە نزیکن لە یەکترەوە، هەندێکجار دوو دەنگی تەواو دوورن لە یەکترەوە ، ئەم دیاردەیە زیاتر پەیوەستە بە دەسەڵات نەشکانەوەی منداڵ بە سەر ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا بۆ دەربڕینی ئەم دەنگانە ،واتە گۆڕینی ئەم دەنگانە پەیوەندی بە جێکەوتەکەیەوە نییە ،کە ئەم خاڵێکی بنەڕەتیی جیاوازییی نێوان وێکچوون و گۆڕینە. ،لە دیارترین پرۆسەکانی گۆڕین بریتیین لە:

### ا.گۆڕینی دەنگی / ز / بە دەنگی / د/ یان بە دەنگی / ش/

| | | |
|---|---|---|
| _ بڕگەیی | _ بڕگەیی | _ بڕگەیی |
| + دەنگدار | + دەنگدا | _ دەنگدار |
| + خشۆك | + گیراو | + خشۆك |
| دانیی | دانیی | + ڕەقەمەلاشوویی |

/nza/ → [nda] /[nʃa] نشا ~ ندا ~ نزا

/moz/ →[mod] / [moʃ] موش/مۆش ~ مۆد/مۆت ~ مۆز

### ب.گۆڕینی دەنگیی / س/ بە دەنگیی/ ت/

| | |
|---|---|
| _ بڕگەیی | _ بڕگەیی |
| _ دەنگدار | _ دەنگدار |
| + خشۆك | + گیراو |
| +دانیی | + دانیی |

1 A. O'GRADY,WILLIAM & SOOK WHAN CHO (2003 : 334)
b. www.superduperinc.com

سەیارە ~ تەیالە /s̲əyarə/ →[t̲əyalə]

قسە ~ قتە /qs̲ə/ →[qt̲ə]

سەرەوە ~ تەلەوە /s̲arəwə/ → [t̲əlawə]

سەگ ~ تەگ/طه گ /s̲ag/[ṣag] → [t̲ag]

شایەنی باسە بە پەیدابوونی دەنگێکی وەستاو/گیراو لە دەنگێکی خشۆك / ئەفریکات یان دەنگێکی دیکە دەوترێت پرۆسەی وەستاندن[1] Stopping process ،وەك گۆڕینی دەنگی(/س/بە /ت/ ، /ز/بە /د/، /ش/بە /ت/،/ف/ بە /ت،ب/،/ڤ/بە/د/،/ڕ،ر/ بە /د/،...).هەروەها بە پرۆسەی گۆڕینی دەنگێکی دەنگدار/گڕ بۆ دەنگێکی کپ دەوترێت پرۆسەی کپکردن/وێکچوونی کپیی،وەك دەربڕینی دەنگی(/ب/ بە /پ/، /ژ/ بە /ش/)،هەندێکجار ئەم دیاردەیە وەك نەمانی جیاوازییەکی نێوان دوو فۆنیمە لە فیچەری واتایی ± دەنگداریی/ گڕ ،کە ئارخیفۆنیمەarchiphomeme نیشانەکانی هەردوو فۆنیمەکەی تیادا هاوبەشە،لە جێکەوتەکانی بێلایەنبووندا دەردەکەون، بە دیاردەی(کۆتای داخستن) بێلایەنبوون neutralization ناودەبرێت ، ئەم دیاردەیەش لە دەربڕینەکانی کەسانی پێگەیشتوو زیاتر لە کۆتایی وشە و بڕگەدا ڕوودەدات[2]، هەروەها بە دیاردەی گۆڕینی دەنگێکی کپ بۆ دەنگێکی دەنگدار دەوترێت پرۆسەی دەنگدارییکردنvoicing process.

---

[1]a. Bowen, C. (1998) b .Richtsmeier, P.(2010)

[2] بڕوانە:ا.محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨: ٢٢٠) ب.عادل ڕەشید(٢٠٠٨: ٨١) پ. تالیب حوسێن (٢٠٠٥: ١٢٩)

http://www.superduperinc.com/handouts/pdf/66_Phonological.pdf

### پ. گۆڕینی دەنگی / ر/ ،/ ڕ/ بە دەنگی / د/ ،یان دەنگی / ل/

| / ر/ | | / د/ | | /ل/ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | _ بڕگەیی | | _ بڕگەیی | | _ بڕگەیی |
| | + دەنگدار | | + دەنگدار | | + دەنگدار |
| | + گڤۆك | | + گیراو | | + لایی |
| | +دانیی | | + دانیی | | + دانیی |

بمەرێ ~ بمەدێ ~ بمەلێ /bɨmər̲e/ → [bɨməd̲e] / [bɨməl̲e]

ئەڕۆم ~ ئەدۆم ~ ئەلۆم /ʔəR̲om/ → [ʔəd̲om] /[ʔəl̲om ]

### ت.گۆڕینی دەنگی / ف/ بە دەنگی / ت/ و / ب/

| | ← | | / | |
|---|---|---|---|---|
| _ بڕگەیی | | _ بڕگەیی | | _ بڕگەیی |
| _ دەنگدار | | _ دەنگدار | | + دەنگدار |
| + خشۆك | | + گیراو | | + گیراو |
| +لچودانیی | | + دانیی و پوکیی | | +لچولێویی |

مارف ~ مارت /marf̲/ → [mart̲]

قەنەفە ~ قەنەتە /qənəf̲ə/ → [qənət̲ə ]

فستەق ~ بتەق /f̲ɨstəq/ → [b̲ɨtəq]

شفتە ~ شپتە / Ṣɨftə/ → [Ṣɨptə]

**ج.گۆڕینی دەنگی / ك/ بە دەنگی / ق/ ،یان پێچەوانەکەی ،واتە گۆڕینی دەنگی /ق/ بە/ ك/.**

| | |
|---|---|
| _ بڕگەیی | _ بڕگەیی |
| _ دەنگدار | _ دەنگدار |
| + گیراو | + گیراو |
| +نەرمە مەلآشوو | + زمانە بچکۆلە |

کاوە ~ $/\underline{k}aw\text{ə}/ \rightarrow [\underline{q}aw\text{ə}]$ قاوە

کاك قایەر ~ $/\underline{k}a\underline{k}\ qayar/ \rightarrow [\underline{q}a\ \underline{q}ayae]$ قاقایەر

کەڵەشێر ~ $/\underline{k}\text{əɫəʃer}/ \rightarrow [\underline{q}\text{əɫəʃer}]$ قەڵەشێر

قەڵەم ~ $/\underline{q}\text{əɫəm}/ \rightarrow [\underline{k}\text{ələm}]$ کەلەم

قۆنەرە ~ $/\underline{q}\text{onəra}/ \rightarrow [\underline{k}\text{onənə}]$ کۆنەنە

**چ. گۆڕینی دەنگی / ڤ/ بە دەنگی / ف/ یان / د/**

| | | |
|---|---|---|
| _ بڕگەیی | _ بڕگەیی | _ بڕگەیی |
| + دەنگدار | _ دەنگدار | + دەنگدار |
| + خشۆك | + خشۆك | +گیراو |
| +لچودانیی | +لیچودانیی | +لچولێویی |

ئاڤان ~ ئافان ~ ئادان $/a\underline{v}an/ \rightarrow [a\underline{f}an]/[a\underline{d}an]$

خ. **گۆڕینی دەنگی / چ/ بە دەنگی / ش/ یان دەنگی / ت/**،لێرەدا بە دیاردەی گۆڕینی /چ/ کە دەنگێکی گیراوە بە/ش/ ، کە دەنگێکی خشۆکە دەوترێت بە خشۆکی کردن[1] Deaffrication .

| /چ/ | /ش/ | /ت/ |
|---|---|---|
| _ برگەیی | _ برگەیی | _ برگەیی |
| _ دەنگدار | _ دەنگدار | _ دەنگدار |
| + گیراو | + خشۆك | + گیراو |
| +ڕەقەمەلاشویی | +ڕەقەمەلاشویی | + دانیی |

چاو ~ شاو ~ تاو /Çaw/ → [ʃaw] /[t̠aw]

چۆلەکە ~ شۆلەکە ~ تۆلەکە /Çoləkə/ → [ʃoləkə] / [t̠oləkə]

چا ~ شا ~ تا /Ça/ → [ʃa] /[t̠a]

گوێچکە ~ گیشکە /gweÇkə/ → [giʃkə]

د. **گۆڕینی دەنگی / ژ/ بە دەنگی / ش/**

پرۆسەی گۆڕینی دەنگێکی دەنگدار بۆ دەنگێکی کپ دەوترێت پرۆسەی کپکردن devocing .process

| /ژ/ | /ش/ |
|---|---|
| _ برگەیی | _ برگەیی |
| + دەنگدار | _ دەنگدار |
| + خشۆك | + خشۆك |
| +ڕەقەمەلاشویی | +ڕەقەمەلاشویی |

---

[1] http://www.superduperinc.com/handouts/pdf/66_Phonological.pdf

/ʤu:r/ → [ʃu:l] ژوور~شوول

### ز.دەربڕینی دەنگی / ڵ/ بە دەنگی / ل/

<table><tr><td>_ بڕگەیی<br>+ دەنگدار<br>+ لایی<br>+ ڕەقەمەلاَشوویی</td><td>_ بڕگەیی<br>+ دەنگدار<br>+ لایی<br>+دانیی</td></tr></table>

/guɫ/ → [gul̠] گوڵ ~ گول

/maɫi xoman/ → [mal̠i xoman] ماڵی خۆمان ~ مالی خۆمان

### ح.گۆڕینی دەنگی / گ/ بە دەنگی / ج/ .

<table><tr><td>_ بڕگەیی<br>+ دەنگدار<br>+ گیراو<br>+نەرمە مەلاَشوو</td><td>_ بڕگەیی<br>+ دەنگدار<br>+ گیراو<br>+ ڕەقەمەلاَشوو</td></tr></table>

/lili gyən/→ [lili jən]لیلی جان~لیلی گیان

## گۆڕین لە ڤاوڵەکاندا

منداڵ سەرەتا بە ڤاوڵە کراوەکان زمانی دەپژێت پاشان ڤاوڵە داخراوەکان،گۆڕین لە ڤاوڵەکاندا پەیوەندی هەیە بەجێکەوتەکەی لە وشەکەدا ئاسانی دەربڕن، یەکێك لەو دیاردانە گۆڕینی ڤاوڵی / ە/ بە ڤاوڵی / و/ .

قەڵەم ~ قولوم [qulum]→/qəɫəm/

شایەنی باسە دیاردەی گۆڕین بەگشتیی لە دەربڕینەکانی منداڵدا سنورێکی فراوانی هەیە،لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە دەگۆڕێت ،کە باسکردنی هەمووی کارێکی ئاسان نییە ،لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە دیارترین و گرنگترین ئەو دیاردە فۆنۆلۆژییانە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

## ٢/٣– ١ –٤) کرتاندن deletion/dilinking[١]

ئەم دیاردەیە کرتاندنی سەگمێنتێك یان چەند سەگمێنتێك لە پێناو ئاسانی دەربڕیندا دەگرێتەوە ،کە خۆی دەبینێتەوە لەدەرنەبڕین و کرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لە دروستەی وشە و بڕگە و ڕستەدا[٢]،دیاردەی کرتاندنی سەگمێنت دەگونجێت ڤاوڵ بێت یان کۆنسۆنانت یان هەردووکیان پێکەوە،جا لە هەر جێکەوتەیەکی وشەدا بێت،"ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەك پرۆسەی تێگەیشتن لای کەسانی پێگەیشتوو گران دەکات"[٣]،کەواتە کرتاندن "بریتیە لە سوانی دەنگێك یان زیاتر لە فۆڕمێکدا بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین ،ئەم جۆرە گۆڕانەش

---

[١] پرۆسەی کرتاندن بە پرۆسەی پشتگوێخستن omission و دەرنەبڕینیش ناودەبرێت،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
a. Clark ,E.(2009: 106)   b. (Cruttenden,A.(1985:23)

[٢] سنور و بابەتی لێکۆڵینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە ئاستی دەنگسازیی و خۆی بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکانەوە خەریکدەکات ،هەر لەبەر ئەمەیە ئاماژە بە پرۆسەکانی گۆڕان لە ئاستی ڕستەدا نەکراوە ،کە ئەم بابەتە بە تەنها خۆی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی پێویستە.

[3] Julie A. Daymut, M.A. (2009:1 )

،كە بەسەر وشە یان مۆرفیمەکان دێت لە ئەنجامی هەڵکەوتن و دەرکەوتنیان لە سنوری جیاوازدا دێتە کایەوە،لە هەندێ حاڵەتدا شێوە قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێئەوەی لە ئەرك و واتایان کەم ببێتەوە"[1] .بۆ نموونە:

### ا.کرتاندنی سەگمێنتێك/دەنگێك لە وشەدا

ئەم دیاردەیە لە زمانپڕاندنی منداڵدا زیاتر پەیوەندی هەیە دەسەلأتنەشکاندنەوەی منداڵ بەسەر ماسوولکەکانی ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا ،بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی هەندێك فۆنیمدا،لەوانە ( /ر/ ،/ ڕ/ ،/ ڵ/ ،/ س /،/ د/ ،/چ/ )

پشیلە ~ شیلە[ʃilə] ← /pɨʃilə/

فستەق ~ بتەق [bɨtəq] ← /fɨstƏq/

جانتا جاتا [ɟata] ← /janta/

کۆمپیتەر~ کۆپیتەل/کۆمیتەر [komitƏr]/ [kopitƏl] ← /kompitƏr/

کلأو ~ کاو [kaw] ← /kɨɫƏw/

ڕۆشت ~ ۆشت [oʃɨt] ← /ŕoʃt/

خورما~خوما[xuma] ← /xurma/

مقەست ~ مقەت [mɨqət] ← /mɨqƏst/

دەست خۆش ~ دەخۆش [dəxoʃ] ← /dəst xoʃ/

**ب.کرتاندنی بڕگەیەك لە وشەیەکدا** ،کە لە دوو بڕگە یان زیاترپێکهاتبێت ،بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی قورسایی لەسەر نییە unstrees Consonant / کەمترین قورسایی لەسەرە،بۆ نموونە:

کۆنترۆڵ ~ کۆتۆل [kotl] ← /kontɨroɫ/

---

[1] تالیب حسن( ١٩٨٩: ٥٨) ،دولبەر ئیبراهیم(٢٠٠٠: ٦٠-٨٢)

سپایدەرمان ~ سایدەلمان /sɨpaydər man/ → [saydəl man]

مۆبایل ~ بالیل /بایل /mobiyl/ → [balil] / [ biyl]

پلەی ستەیشن ~ پلەی شێتەن /pləy sɨtəyʃn/ → [pləy ʃetən]

باوەش ~ باش/بیاش /bawəʃ/ → [baʃ] /[ biyəʃ]

تەماتە ~ ماتە /təmatə/ → [matə]

مەمە(ی شیر) ما /məmə/ → [ma]

ناوچەوان ~ نۆشان /nawÇəwan/ → [noʃan]

شیرمۆز ~ مۆش /ʃirmoz/ → [moʃ]

ئەرەوەڵلا ~ ئەوەلا /ʔərəwəɫɫəh/ → [ʔəwəla]

گوڵەبەڕۆژە ~ گۆبەلۆژە /guɫə bəroʒə/ → [gobəloʤə]

محەلەبی ~ حەلەبی /mɨħləbi/ → [ħələbi]

هەڵبوو ~ هەبوو /həɫbu:/ → [həbu:]

هێلکە ~ هێکە/ئێکە /helkə/ → [hekə]

هاتەوە ~ ئاتەوە /hatəwə/ → [ʔatəwə]

کاك کاروان ~ کا کاو /kak karwan/→[ka kaw]

## ٢/٣– ١ –٥) زیادکردن/ تێهەڵکێشکردن Addition

دیاردەی تێهەڵکێشکردن زیادکردنی فۆنێمێك یان زیاتر دەگرێتەوە،بەڵام ئەم دیاردەیە بە بەراورد بە دیاردەکانی دیکە کەمتر ڕوودەدات ، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە زمانی منداڵدا کردەی ئاسانکردن باڵادەستە لەبەر سنورداری تواناکانی منداڵ لەم قۆناغەداپرۆسەی دەستگرتن بە وزەوە زۆرە. بۆ نموونە:

/kəwa/ → [kəwatə]کەواتە ~ کەوا

/sɨk/→ [mɨsɨk] مسك ~ سك

/bo/→[boq] بۆق~بۆ

/həzəli/→ [həzəliq] هەزەلیق~هەزەلی

## ٢/٣– ١ –٦) تێکەڵیی و ناڕوونی Distortion دەربڕینی دەنگ

بۆ تێگەیشتن لەدەربڕینەکانی منداڵ ئاگاداربوون لە دەوروبەری باروودۆخی هۆکارو خاڵی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتن،واتە تاوەکو دەربڕینەکانی منداڵ تێگەیەنراو بێت ،بەڵام سەرەڕای ئەمەش زۆرجار منداڵ هەندێك دەنگ دەردەبڕێت کە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە،ئەمەش بە تایبەتی لە دەنگە ئەفریکاتەکاندا( [ʃ] ، [ dʒ ]،[ ç ]، [ʒ] ) بە پلەی یەك هەستی پێدەکرێت پاشان دەنگەکانی تر.

خاڵە ڕێبوار خاڵ ڵ ڵ بب ر

## ٣ –٢)بڕگە و دیاردە سەرو سەگمێنتییەکانی زمانپژاندن

دیاردە سەرو سەگمێنتییەکانی زمانپژاندن پێکهاتووە لە بڕگە ،قورسایخستنەسەر و ئاوازە.

## ٣-٢- ١) بڕگە[١]

فۆنۆلۆژیی بڕگە syllable phonologyوەك لقێکی فۆنۆلۆژیی ئازاد لە سەگمێنت autosegmental phonologyدانراوە،بۆ نموونە (چەندێتی بڕگە syllable quantiti ،سەگمێنتی ئالۆز complex-segments،پرۆسەکانی هارمۆنیی harmony process،دروستەی بڕگەsyllable struter ،ئاواز intonationو مۆرفۆلۆیی نازنجیرەیی non-concatinative morphology.

ا.بڕگە یەکەیەکی مامەڵەکردنە بە زمانەوە languge unit use ،بۆ بەکارهێنانی زمانە ،واتە یەکەی کارکردنە بەزمان ، بەڵام یەکەیەکی دەروونییە psychological unit بۆ پلاندانانی دەنگدروستکردن و دەربڕینیانە ،زیاتر یەکەیەکی دەنگییە وەك لەوەی یەکەیەکی واتایی بێت ، سەرەتا پێویستە دەنگەکان لەبڕگەدا ڕێکبخرێن پاشان دەربڕێن ،هەروەها بڕگە بۆ دەنگ وەرگرتن و فێربوونیش گرنگە ،چونکە دەنگەکان لە بڕگەدا دەبیسترێن ،کە منداڵ سەرەتا زمانی دەپژێت بە بڕگەی کراوە لە چەشنی CV یە ،ڕێکخستنی ئەمانەش بەپێی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانە،واتە لایەنێکی دیکەی فۆنۆتاکتیك گشتگیرییەکی سەرەو ڕیزبوونی باڵاترە دەربارەی دروستەی بڕگە ،جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لە بڕگەدا بە شێوەیەك بەسەر کاتەگۆریی و پۆلە گشتییەکانی وەك( کۆنسۆنانت ، ڤاوڵ ...) جێبەجێدەکرێن ،کە گەورەترین بڕگەی زمانی کوردیی CCVCC و بچوکترینیان CV یە(بڕوانە :هێڵکاریی (٣-١)). (پڕکردنەوەی جەمسەرەکان و لوتکەی بڕگە ،واتە پڕکردنەوەی ئەو جێکەوتانە بە پێی نیشانە ئۆرگانییەکانی دەنگدروستکردن و نیشانە دەنگییەکانی سەگمێنتەکانە)،" لەمەوە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ،کە بڕگەکانی زمانی کوردی بەزۆرترین ڕادەی خێرایی و کەمترین کات هەڵدەگیرێن لە یادگەدا و –پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان خێرایی و کاتەوە – ئەو بڕگانەی لە کەمترین فۆنێم و سەگمێنت دروستبووبن ، بەخێرایی وەردەگیرێن و گەنج–هەڵگردەکرێن"[٢]،هەر لەبەر ئەمەشە کە منداڵ سەرەتا فێری وشە دەبێت ،ئەو وشانە

---

[١] ا.محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨: ٦٢) ب.عادل ڕەشید (٢٠٠٨: ٢٥) پ.عەبدولوەهاب خالید(٢٠٠٩: ١٥–١٩) ت. Nathan, G. S.(2008 : 68)

[٢] ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ١٨٠)

وەردەگرێت ،دەردەبڕێت بە پلەی یەك كە لە چەشنی برگەی كراوەن، هەروەها لە دیارترین پرۆسە فۆنۆلۆژییەكانی سەرەتای زمانپژاندن پرۆسەكانی دروستەی برگەن[1] .




هێڵكاریی (٣–١) مۆدیلی دروستەی برگە

ب.برگە وەك هەلگری ئەدگارو نیشانە سەروسەگمێنتییەكان prosodic or super segmentalلەكاردایە و كاردەكات نەك وەك نیشانەی سەگمێنتە تاكەكان، كە نیشانە و ئەدگارەكانی لەم چەشنەن ( زرنگدانەوەtone ،ئاوازintonation، قورسایخستنەسەر strees) ،كە قورسایخستنەسەر لە زۆر زماندا پەیوەستە بە قورسیی برگەوەsyllable weight، ئەمەش لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەكاندا ڕەنگدانەوەی هەیە ،بەتایبەتی لە دیاردەی كرتاندندا مندالّ ئەو برگەیە دەرنابڕێت ،پشتگوێی دەخات لە دەربڕینی وشە و دەربڕاوەكانیدا ،كە قورسایی لەسەر نییە، واتە قورسایی خستنەسەرلە برگە،وشە و دەربڕاوەكاندا دەبێتە جێی گرنگیی پێدانی مندالّ و خێراتر كردنی پرۆسەی زمانپژاندنەكەی.

پ.ڕكێفی برگە/برگە ڕكێفێك domain،مەودای جێبەجێبوون بۆ پرۆسە فۆنۆلۆژییەكان دروستدەكات ،واتە پرۆسە فۆنۆلۆژییەكان لە مەودا و سنوری برگە و وشەدا ڕوودەدەن ،بەتایبەتی پرۆسەكانی دروستەی برگە.

## ٣–٢– ٢) هێز Stress

[1] http://www.superduperinc.com/handouts/pdf/66_Phonological.pdf

سترێس ئەو هێز و قورساییەیە دەخرێتەسەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە کەواتە کاتێك باسی هێز دەکرێت کە بڕگە لە ئارادابێت، بڕگە سترێس وەردەگرێت ،کەواتە سترێس "زیادە وزەیەکی دەنگییە لەپڕ لەسەر یەکێ لە لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات"[1] ،لێرەوە سترێس زیادە وزەیەکی دەنگییە لە ناو دروستەی بڕگەدا دەردەکەوێت، کە لە ناو دروستەی بڕگەدا بەهۆی ئەدگارە فۆنەیتیکییەکانەوە ڤاوڵەکان لوتکەی بڕگە پێکدەهێنن و قورسایی وەردەگرن[2] ، هەروەها وشەکان لە بڕگە پێکهاتوون بەپێی ژمارەی بڕگەکان دابەش دەبن بەسەر:١. وشەی یەك بڕگەییmonosyllabic word،٢.وشەی فرە بڕگەییpolysyllabic word.لە وشە فرە بڕگەییەگاندا هێز وقورساییخستنە سەر بڕگەکان جیاوازە، قورسایخستنەسەری بڕگە پەیوەندی هەیە بە درێژ و کورتی بڕگەکانەوە.

مندالْ سەرەتا ئەو بڕگە و وشانە وەردەگرێت ،کە لەڕووی ستراکچەرەوە کورت وئاسان و سادەن بۆ دەربرین ،هێز ڕۆڵی هەیە لە سەر وەرگرتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن لای مندالْ ،ئەو بڕگانەی سترێسیان لەسەرە زیاتر جێی سەرنج و گرنگیی پێدانی منداڵن ،بە پێچەوانەشەوە، ئەمە لە پرۆسەکانی ستراکچەری بڕگەدا هەستی پێدەکرێت لای منداڵ ،بە تایبەتی دیاردەی کرتاندن (کرتاندنی کۆنسۆنانت ، کەمکردنەوەی هێشوویی ،کەمکردنەوەی بڕگە،...) ن ، بۆ نموونە :

دەست ~ دەت [d'ət] →/dəs̱t/ ( کرتاندنی کۆنسۆنانت و کەمکردنەوەی هێشوویی )
جانتا ~ جاتا [j'a.t'a]→/janta/

دۆندرمە~ درمە [dɨr.m'ə] →/dondɨrmə/ (کەمکردنەوەی بڕگە،کە لە وشەی فرە بڕگەیی)
ژیار گیان~شیاکە [ʃy'a.kə]→/ʒyar giyan/

## ٣-٢- ٣) ئاواز

یەکێکە لە دیاردە سەرو سەگمێنتییەکان ،دەچێتە پێکهاتەی یەکە دەنگییە دەربڕاوەکانەوە ، ئاوازێکیان پێدەبەخشێت بە پێی پێکهاتە ،واتا و مەبەستی دەربڕاوەکان بە هەماهەنگیی لەگەڵ کات و شوێنی ئاخاوتنەکە ،ئاواز بە مۆسیقای ئاخاوتن[3]prosodic speech ناودەبرێت ،کە یەکە سەرو

---

[1] وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩: ٢٨٤)
[2] Nathan, G. S.(2008 :68)
[3] احمد مختار (١٩٩١: ٣٦٦)

سەگمێنتییەکانی دیکەی تیادا ڕێکدەخرێت،لێرەوە ئاوازە"گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە ،کە واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێت"[1]،واتە ئاواز لە ئاستی ڕستەدایە بۆ مەبەستی چەند ئەرکێك بەکاردێت،کە کریستاڵ بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێکردووە،ئەوانیش بریتین [2]لە: (هەڵچوون/ سۆزداریی emotional ،ڕێزمانییgrammatical ، زانیاریی informational، پۆلداریی indexical )،ئاواز لەسەرەتاکانی قۆناغی زمانپژاندنەوە هەستی پێدەکرێت،تەنانەت لە قۆناغی وشەی یەك ڕستەیدا ،کە یەك وشە بۆ چەند مەبەستێك بەکاردێنێت ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕینی ئاوازەکەی لە مەبەست وناوەڕۆکەکەی تێدەگەیت ،کە ئایا گەیاندنی هەواڵە/پرسیاری /سەرسوڕمان /داخوازیی....ە.بۆ نموونە:

ئەدۆین(ئەڕۆین) ← ئەدۆین .هەواڵیی

ئەدۆیین . سەرسەڕمان

ئەدۆین ؟ پرسیاریی

یە خایەوی ؟(لە قاتی خوارەوەیت)

زۆرجار منداڵ ئاواز پێش وشەکان وەردەگرێت،کە دەربڕینەکانی شێوەی نا–وشە لەخۆدەگرێت ،تاڕادەیەك واتاکەی تێنەگەیەنراوە لای کەسانی گەورە ،بەڵام مەرج نییە بێ واتا بن لای منداڵ خۆی،ئەمەش لە وەرگرتنی گۆرانیدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت ،بۆ نموونە:

هانی کە هاشاپە هەنۆکە هەتابە.....

---

[1] وریا عومەر (٢٠٠٩: ٢٨٤)

[2] عەبدولوەهاب خالید( ٢٠٠٩ : ٧٨)

# ئەنجام و پێشنیاز

# ئەنجام و پێشنیاز

لە گرنگترینیان ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە بریتیین لە:

١. زمان و قسەکردن وەك هەموو دیاردە مرۆیی و سایکۆلۆژییەکانی تر بنەمای فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی تایبەت بە خۆی هەیە،چونکە زمان لە ڕێگەی ئەو ئۆرگانانەوە کاردەکات،هەر ئەمانیش تایبەتمەندێتی مرۆڤ دەردەخەن ،کە زمانوەرگرتن سیمایەکی تایبەتی مرۆڤە،لەبونەوەرەکانی دییکەدا نەسەلمێنراوە.

٢. پرۆسەی زمانپژاندن ئەو کردەو هەنگاوانەیە ،کەیارمەتی گەشەکردنی توانست دەدات بۆ وەرگرتنی زمانی دایك ،لێرەوە زمان فاکولتیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە، توانایەکی بەدەستهاتووی مرۆڤە.

٣. بەرهەمهێنان ودەربڕین ، بیستن و تێگەیشتن بنەماکانی زمانن و لەیەکدی جیاناکرێنەوە ،بەڵام توانای تێگەیشتن لای منداڵ زووتر گەشەدەکات بەبەراورد بە توانای بەرهەمهێنانی ئاخاوتن ،کە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان پێویستە بەچەند قۆناغ و میکانیزمێکدا تێبپەڕێت.

٤. پەیوەست بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانەوە پرۆسەی ئاسانکردن و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان دیاردەیەکیی جیهانییە و لە پرۆسەی زمانپژاندنی هەموو زمانەکاندا هەستی پێدەکرێت ،سەرەڕای بوونیی جیاوازیی و تایبەتمەندیی لە زمانەکاندا،لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی پرۆسە و دیاردە فۆنۆلۆژییەکان دابەشدەبن بەسەر :

ا. پرۆسەکانی ستراکچەری بڕگە ،کە لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە لە دیاردەی نەکرتاندنی کۆنسۆنانتی کۆتایی بڕگە و وشە ، کرتاندنی فۆنیم ، کەمکردنەوەی هێشوویی و کرتاندنی بڕگە ،هەروەها زیادکردن و تێهەڵکێشکردنی فۆنیم و بڕگە دەچنە سنوری ئەم چەشنە پرۆسەوە.

ب.پرۆسەکانی جێگرتنەوە لە نێوان فۆنیمەکان ،ئەم پرۆسەیەش چەند وەچە پرۆسەیەکی دیکە لەخۆدەگرێت ،لەوانە: پرۆسەکانی هارمۆنیی تەواو ، ناتەواوە ،بە پێی ئەو نموونە و داتایانەی وەرگیراون هەردوو چەشنەکەی هارمۆنیی وەکو یەك لەدەربڕینە زمانییەکانی منداڵی کورددا هەستی پێدەکرێت ; چەشنی دووەمیان گۆڕینی ئەو دەنگانە دەگرێتەوە ،کە منداڵ توانای دەربڕینیانی نییە ،لە دیارترین جۆری ئەم پرۆسەیە دیاردەی وەستاندن ،بەخشۆکیکردن... دەگرێتەوە،کە لە دیاردەی وەستاندندا دەنگە خشۆکەکان بە تایبەتی / ڤ ،ف، ز، س/ دەگۆڕێن بە دەنگەوەستاوەکانی [د ، ت]،لە دیاردەی

بەخشۆکیکردندا دەنگی /چ، ج/ دەگۆڕێت بە [ش] ; هەروەها چەشنێکی دیکەی پرۆسەکان دیاردەی ئاڵوگۆڕکردنە لە نێوان جێکەوتەی دوو دەنگدا لە پێناو ئاسانی دەربڕین،کە پەیوەستە بە شوێنی دروستبوون و نزیکی نێوان دەنگەکان لە یەکتری .

٥.چەشنی پرۆسەکان لای منداڵ پەیوەستە بە قۆناغەکانی زمانپژاندنەوە ،تا منداڵ تەمەنی بەرەو ژوور بڕوات دیاردەکان خۆیان بەرەو نەمان دەچن ،ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی،کە لە لێکۆڵینەوەکەدا دیاردەفۆنۆلۆژییەکانی بە هەڵەی زمانیی ئەژمار نەکردووە.

٦.ئەو دەنگانەی منداڵ سەرەتا وەریدەگرێت و فێری دەبێت بە پێی شوێنی دروستبوونی لە پێشەوە بۆ دواوەیە ،واتە سەرەتا دەنگە لچولێوییەکان ،پاشان دانی و پوکیی...،بەپێی حاڵەتی دروستبوونیشیان سەرەتا دەنگە وەستاو و لووتییەکان وەردەگرێت ،دواتر دەنگە خشۆکەکان ،دەنگە لاییەکان ; بە پێی نموونە و دەربڕینەکانی ئەو مندالانەی لێکۆڵینەوەکە وەکو داتا وەریگرتووە کۆتا دەنگێك، کە فێری دەربڕینی دەبن دەنگە گڤۆکەکانە /ر،ڕ/،کە سەرەتا دەیگۆڕن بە دەنگی لایی [ ل]،کە ئەمە تایبەتمەندییەکی دەربڕینەکانی زمانی کوردییە ،کە مەرج نییە لە زمانەکانی دیکەدا بەو شێوەیە بێت.

٧. پرۆسەکانی بڕگە و دیاردەسەروسەگمێنتییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە زمانپژاندنی منداڵدا بەگشتیی ،کە وەرگرتنی ئەم دیاردانە تاڕادەیەك ئاسانترە لە وەرگرتنی وشە و دەربڕاوەکان ، زۆر جار منداڵ کۆمەڵێك دەنگ دەردەبڕێت لە فۆڕمی نا– وشەدا .

## پێشنیازی لێکۆڵینەوەکە:

١ .لێکۆڵینەوەکە دەتوانرێت سودی لێ ببینرێت بۆ دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەت بە منداڵان لە ئاستی دایەنگە و باخچەی ساوایاندا ،هەروەها دەروازەیەکی باشە بۆ کەسانی تایبەتمەند لە بوارەکانی پەروەردەی زمانیی منداڵدا بەگشتی ،بەتایبەتی بواری نوسینی هۆنراوە و چیرۆك بۆ منداڵ ،ئەویش بە ڕەچاوکردنی تواناکانیان بۆ وەرگرتن و فێربوون ، گرنگی دان بە پرۆسەکانی تێگەیشتن ، هەتا پرۆگرامەکە ئامانج و مەبەستیی خۆی بپێکێت ، بە کەمترین کات زۆرترین زانیاریی بدرێت بە منداڵ لە هەمان کاتیشدا ئاسانی هێنانەوە و بیرکەوتنەوەی زانیارییەکان .

٢.لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی زمانپژاندن ،تایبەتمەندیی و قۆناغەکانی شارەزاییمان پێدەبەخشێت دەربارەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان ،تا چ تەمەن و رادەیەك ئەو دیاردانە ئاساین ،چونکە بەردەوامبوونیان بەرەو تێکچوونی زمانیی و هەڵەی ئاخاوتنی دەبات،هەروەها لێکۆڵینەوەی لەم بابەتە یارمەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئاخاوتنی منداڵ دەدات .

٣.خستنە ڕوو باسکردنی پرۆسەی زمانپژاندن گرنگە بۆ دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی و ئاسانکردنی فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم.

# سەرچاوەکان

## ١. سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:


١. ئاڤێستا كەمال مەحموود.(٢٠١٢). **پرۆسە سايكۆلۆژييەكان لە زمانی كورديدا**، نامەی دكتورا(بلاٌوكراوە) . كولێژی زمان . زانكۆی سلێمانی.

٢.ئەوڕەحمانی حاجی مارف.(١٩٧٦).**زمانی كوردی لەبەر ڕۆشنايی فۆنەتيكدا**. چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد–بەغدا.

٣. بەكر عومەر عەلی . ( ٢٠٠٠) .**ميتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانييەوە** . نامەی دكتورا(بلاٌونەكراوە) . كۆلێژی زمان .زانكۆی سلێمانی .

٤. بێستون حەسەن .( ٢٠١١) .**كۆمەڵە وشە و پێكەوەهاتن لە زمانی كورديدا** . نامەی دكتورا. كۆلێژی زمان . زانكۆی سلێمانی.

٥. تاليب حسێن عەلی.(١٩٨٩).**فۆنۆلۆجی كوردی و دياردەی ئاسانبوونی فۆنيمەكان لە زاری سلێمانيدا**.نامەی ماجستێر ،زانكۆی سەلاحەددين،كۆلێجی ئاداب.هەولێر.

٦.چنور محەمەد محەمەد.(١٩٩٩).**منداڵ چۆن فێری زمان دەبێت** .چاپەمەنی زاموا –سلێمانی.

٧. چيمەن نيزامەدين مەحموود. (٢٠١١).**كاريگەرييا تەمەنی ل سەر پەيوەنديكرنێ (باژێرێ دهۆكێ وەك نموونە)** نامەی ماجستێر.فاكولتيا زانستێن مرۆڤايەتی–زانكۆيا دهۆك.

٨. دانا تەحسين محەمەد.(٢٠٠٨).**نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی كورددا(لێكۆڵينەوەيەكی زمانەوانی پراكتيكييە)**. نامەی ماجستێر. كولێژی زمان . زانكۆی سەلاٌحەدين.

٩. دولبەر ئيبراهيم .( ٢٠٠٠). **ياسا دەنگييەكان لە زمانی كورديدا** .نامەی ماجستێر. كۆلێژی زمان . زانكۆی سلێمانی.

١٠. شيلان عومەر حسەين. ( ٢٠١١ ) . **پەيوەنديی سينتاكس و سيمانتيك لە ڕێزمانی كورديدا** . نامەی دكتورا(بلاٌوكراوە) . كۆلێژی زمان . زانكۆی سلێمانی.

١١. عادل ڕەشيد قادر. (٢٠٠٨) . **فۆنۆلۆژی زمانی كوردی –كرمانجی سەروو** . نامەی دكتورا . كولێژی زمان.

١٢. عەبدولستار تاهيرشەريف(١٩٨٢).**نەشونماكردنی زانياری لای منداڵ**.ئەميندارێتی گشتيی و ڕۆشنبيری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی–بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبيری.

١٣.عەبدولستار تاهيرشەريف. (١٩٨٦ ).**وشە و ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی( ١–٦) ساڵان**.گۆڤاری كۆڕی زانياری عێراق"دەستەی كورد "،بەرگی چواردەهەم .چاپخانەی كۆڕی زانياری عێراق–بەغدا.

١٤. عەبدولوەهاب خاليد.(٢٠٠٩). **هێزوئاوازە لە ديالێكتی كورديی ژووروودا**.كوردستان – هەولێر.

١٥. غازی فاتح وەيس .(١٩٨٤). **فۆنەتيك** .چاپی يەكەم.لە چاپكراوەكانی ئەميندارێتی گشتيی ڕۆشنبيری و لاوانی ناوچەی كوردستان.

١٦.غازی عەلی خورشید. (٢٠١٠).**فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی**.چاپی یەکەم.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی.

١٧. کاروان عومەر قادر. ( ٢٠٠٩) . **ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا** . مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٨. کاروان عومەر قادر. (٢٠١٠) . **فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا** . نامەی دکتورا (بڵاوکراوە). کۆلێژی زمان . زانکۆی سلێمانی.

١٩. کاروان عومەر قادر .(٢٠١٢) . **سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی** . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،بەشی B .ژمارە (٣٤). چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٢٠.کەریم شەریف قەرەچەتانی.(١٩٩٧).**سایکۆلۆژییەتی منداڵ**.بەشی یەکەم-هەولێر.

٢١. کەریم شەریف قەرەچەتانی.(٢٠١١).**سایکۆلۆژیا و پەروەردەی منداڵ**. چاپخانەی پەیوەند-سلێمانی .

٢٢.کۆمەڵێك زمانەوان.**مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان**. وەرگێڕانی محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠٩).مەڵبەندی کوردۆلۆجی.چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی.

٢٣.لارس مێلین.**سایکۆلۆژیای زمان**،وەرگێڕان و ئامادەکردنی:غازی عەلی خورشید(٢٠١٠).بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.چاپخانەی سپیرێز-دهۆك.

٢٤. محەمەد رەزا باتنی.**چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ** .وەرگێڕانی :هێرش کەریم(٢٠١٢).چاپخانەی گەنج-سلێمانی.

٢٥. محەمەد عودە ئەلریماویی.**لە دەروونزانی منداڵدا**،وەرگێڕانی:ئاری عوسمان خەیات(٢٠١١) .چاپی دووەم ،چاپخانەی نارین- سلێمانی .

٢٦.محەمەد مەعروف فتاح. (٢٠١١ ). **زمانەوانی** .بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.چاپی سێیەم . چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.

٢٧. محەمەدی مەحویی .( ٢٠٠٨).**فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی** . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٢٨.محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر .(٢٠٠٤).**مۆدێلی ڕێزمانی کوردی**. چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٢٩. نەسرین فەخری.(١٩٨٥) **لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا**.گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ،بەرگی سیازدە،دەستەی کورد.بەغدا.

٣٠.هـ.د.ویدۆوسن.**سەرەتایەك بۆ زمانەوانی**.وەرگێڕانی:هۆشەنگ فاروق (٢٠٠٨)،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی دهۆك.

٣١. وریا عومەر ئەمین (١٩٨١).**زانستی زمان**.گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە(٨٨)،بڵاوکراوەتەوە لە کتێبی **ئاسۆیەکی تری زمانەوانی( ٢٠٠٩)** . دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس .

٣٢. وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩).**فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی**.گۆڤاری گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق–دەستەی کورد –بەغدا، ،ژمارە(٢٠)،بلاوکراوەتەوە لە کتێبی ئاسۆیەکی تری زمانەوانی( ٢٠٠٩) . دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس .

٣٣ .وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤).**هێز و ئاواز**.گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە(١٣٤)،بلاوکراوەتەوە لە کتێبی . ئاسۆیەکی تری زمانەوانی( ٢٠٠٩) . دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس .

٣٤. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:ڕێباز عەزیز(٢٠٠٩).**فێربوونی سەرکەوتوو**. چاپخانەی موکریانی–**هەولێر**.

٣٥.یوسف شەریف سەعید. (٢٠١١).**زمانەوانیی**.کۆکردنەوەی:نەریمان خۆشناو.چاپی یەکەم.چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر–هەولێر.

## ب. سەرچاوەکان بە زمانی فارسی :

١. ادریان اکمجیان ،ریچارد ای .دمزر ، ا ن ك . رابرت ام . هارنیش (٢٠٠٣).**زبان شناسی در امدی برزبان و ارتباط** ،ویراست چهارم.مترجم(علی بهرامی ).چاپخانه دانش: چاپ اول :بهار ١٣٨٢ ، إنتشارات رهنما–تهران ،.

٢. بهمن زندی (١٣٨٨). زبان اموزی .چاپ هفتم .چاپ و صحافی مهر _ قم .

٣. دنی استاینبرگ (١٩٩٣) . **در امدی بر روانشناسی زبان** .ترجمه: د.ارسلان گلفام .چاپ چهارم زمستان ١٣٨٧. چاپ و صحافی مهر _ قم .

٤. جولیا اس . فالك (٢٠٠٨) **. زبان شناسی و زبان** : بررسی مفاهیم اساسی و کاربردها .ویراست دوم . مترجم (علی بهرامی ) .چاپخانه گوهر اندیشه ،چاپ سوم :تابستان ١٣٨٧. إنتشارات رهنما– تهران

٥.گرور هادسن (١٩٩٣).مباحث ضروری و بنیادین زبان شناسی مقدماتي (ضروریات زبان شناسی مقدماتي ). مترجم (علی بهرامی ) . إنتشارات رهنما– تهران.

## پ. سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

١. احمد مختار(١٩٩١).**دراسة الصوت اللغوي**.عالم الكتب،عبدالخالق ثروت – القاهرة.

٢. بنعيسى زغبوش(٢٠٠٨).**الذاكرة واللغة**(مقاربة علم النفس المعرفي للذاكرة المعجمية و امتداداتها التربوية).جدارا للكتاب العالمى .عمان–الاردن.

٣. جمعة سيد يوسف .( ١٩٩٠). **سيكولوجية اللغة و المرض العقلي** . المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب– الكويت .
٤. جني هانت ،أليسون سلاتر(٢٠٠٧).**النطق و الصوت لدى الاطفال المشكلة والحل**.إعداد قسم الترجمة بدار الفاروق،الناشر : دار الفاروق للنشر والتوزيع– القاهرة.
٥. حاتم صالح الضامن ( ١٩٨٩).**علم اللغة** .وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد.بيت الحكمة– بغداد.
٦. حسام البهنساوى (١٩٩٣).**لغة الطفل فى ضوء مناهج البحث الغوى الحديث**.مكتبة الثقافةالدينية.
٧. داود عطية عبدة،سلوى حلو عبدة(١٩٨٦).**دراسة في مفردات طفلين**(و قائمة شاملة بمفرداتها حتى سن السادسة.مطبوعات الجامعة –جامعة الكويت.
٨. صباح حنا هرمز ( ١٩٩٠). **سايكولوجية لغة الاطفال** .دار الشوؤن الثقافية .
٩. مارجريت دونالدسون(١٩٨٩).**عقول الاطفال** .ترجمة و تقديم د.عادل عبدالكريم ياسين.مطبوعات الجامعة–جامعة الكويت.
١٠. محمد عبدالظاهر،رشدى عبدة،محمود عبدالحليم (بدون سنة طبع).**الطفل في مرحلة ما قبل المدرسة**.سلسلة علم النفس المعاصر ابنائنا و بناتنا.منشاة معارف بالاسكندرية.
١١. موفق الحمداني .(١٩٨٢). **اللغة و علم النفس** . دار الكتب للطباعة و النشر . جامعة الموصل.
١٢. نايف خرما(١٩٧٨).**اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة**. المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب– الكويت .
١٣. نوري جعفر( ١٩٧١ ) .**اللغة والفكر**.مكتبة التومى–رباط.

## ت. سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :

1 Aitchison , J. (2007)The Articulate Mammal:An introduction psycholingustics.Fifth edition.London and New York.
2.Bloom,L. & Lahey,M.(1978).Language Development and Language Disordrders.N.Y.:John Wiley.
3. Bowen, C. (1998). Developmental phonological disorders. A practical guide for families and teachers. Melbourne: ACER Press.
4 . Chmsky,N.(1957). Syntactic Structuer,The Hague:Mouton
5.Chmsky,N.(1965).Aspects of the Theory Syntax,Cambridge,AM:MIT prees.

6.Chmsky,N.(1986).Knowledge of Language :Its Nature,Origin and Use,New York:praeger.
7.Chmsky,N.(1988).Language and Problems of Knowledge, Cambridge,AM:MIT prees.
8.Clark, E. V. (1973). What's in a word? On the child's acquisition of semantics in his first language. In T. E. Moore (Ed.), Cognitive Development and the acquisition of language, N.Y.: :Acadimic prees.
9. Clark, E. (2009). First Language Acquisition. Cambridge University Press.
10. Clark, H.H., and Clark, E. (1977). Psychology and language: n introduction to psycholingsuitics. New York: Harcourt Brace Javanovich.
11. Cook,V. and Newson,M.(1997).Chomsky's Universal Grammar.an introduction.second edition.
12. Cooper, J., Moodley, M. and Reynell, J. (1978), Helping Language Development,London,: Edward Arnold.
13.Cruttenden,A.(1985). Language in Infancy and Childhood: A Linguistic Introduction to Language . Manchester : Manchester Universtiy.
14. Davies , A.(2007).An Introduction to Applied Linguistics.From Practice to Theory.Second Edition
.Edinburgh University Press.
15. Dominik R, T.( 2003). Phonological Development in Child Language .University of Osnabrück, Germany.
16. Eimas, Peter D.; Siqueland, Einar R.; Jusczyk, PeterW.; & Vigorito, James. 1971. Speech perception in infants. Science 209.
17. Fromkin, V. A. (1973). Speech Errors as Linguistic Evidence. The Hague, Netherlands: Mouton.
18. Fromkin, V. , Rodman, R. & Hyams, N.(2011). An Introduction to Language. 9e.
19. Garrett, M.F. (1975). Syntactic process in sentence production. In G. Bower (Ed.). Pyshcology of learning and motivation: Advances in research and theory.
20. Garrett, M.F. (1980). THe limits of accommodation. In V.FRomkin (Ed.), Errors in linguistic performance. New York: Academci.
21. Gussenhoven, C.& Jacobs, H.(2011 ). Understanding Phonology. Third edition. London – Britain.
22. Harley, T. A.(2005)The Psychology of Language From Data to Theory,Second Edition. Psychology Press Ltd, HOVE AND NEW YORK.
23. Julie A. Daymut, M.A. (2009). Types of Articulation Errors – A Simple Guide. Super Duper.number 201.

24. Kormos, J.(2006) Speech Production and Second Language Acquisition.
25. .Matthews , A.( 1996). Linguistic Development.
26.Nathan, G. S.(2008). Phonology, A cognitive grammar introduction. John Benjamins Publishing Company Amsterdam / Philadelphia.
27. Newell, Allen & Simon, H A.( 1972) “Human Problem solving” Prentice- Hill, Englewood Gliffs.
28. O'grady,W.& Sook whan C. (2003 ) . First language acquisition.
29.Richtsmeier, P.(2010). Child phoneme errors are not substitutions.- University of Arizona.
30. Scovel,T. ( 2009).Psycholinguistics,Oxford university press .
31. Sinclair ,H.& Huxley ,R. & Ingram ,E.(1971). Sensorimotor action patterns as a condition for the acquisition of syntax , (Eds), Language acquisition : models and method ,London:Acadimic prees.
32. Susan,m. G. and Larry, s.(2008). Second Language Acquistion.Third edition. Taylor & Francis e-Library.
33. Susan,E.G.(2010). The structure and functioning of phonological short-term memory . University of Bristol, England.
34.Taxler, M. J&Gernsbacher,M. (2006). Handbook of Psycholinguistics . Second Edition . Academic Press in on imprint of Elserier .

ت. پێگەی ئەلیکترۆنی :

1. http://en.wikipedia.org
2.http://en.wikiversity.org/wiki/Psycholinguistics/Models_of_Speech Production
3. 1. www.janegoodall.org
4. http://aggslanguage.wordpress.com/chomsky
5. http://www.audioenglish.net/dictionary/psycholhnguistic.htm
6. http://www.ahm1.com/nu/articles-action-show-id-1595.htm
7.http://www.google.iq/imgres?q=baddeley's+model+of+working+memory&hl
8.http://www.superduperinc.com/handouts/pdf/66_Phonological.pdf

## پاشکۆ

## ناوی ئەو منداڵانەی دەربڕین و ئاخاوتنەکانیان وەکو داتا سوودی لێوەرگیراوە

| ژمارە | ناوی منداڵ | ڕەگەز | تەمەنی ئێستا | تەمەنی دیکۆمێنتکردنی داتا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دلین محمد ساڵح | ♀ | ٣ مانگ | ٠–٣ مانگ |
| ٢ | سایە بەهائەدین عەلی | ♀ | ٨مانگ | ٨مانگ |
| ٣ | ئەنەس ئاوات ساڵح | ♂ | ١ و ٢ مانگ | ١سال و ٢ مانگ |
| ٤ | نامی ئاری مارف | ♂ | ٣ ساڵ و٨ مانگ | ٠–٣ ساڵ و ٨ مانگ |
| ٥ | نزا ئومێد مارف | ♀ | ٥ ساڵ | ١–٣ساڵ و نیو |
| ٦ | لیا ئومێد مارف | ♀ | ٣ ساڵ و ٤ مانگ | ٠– ٣ ساڵ و چوار مانگ |
| ٧ | تنۆک ئالان مارف | ♀ | ٢ ساڵ و ٥ مانگ | ٢ ساڵ |
| ٨ | محەمەد زەردەشت مەحموود | ♂ | ٣ساڵ و٩ مانگ | ٢ساڵ و٣ مانگ |
| ٩ | زیویان زەردەشت مەحموود | ♀ | ٢ ساڵ و ١ مانگ | ١ساڵ و ٦ مانگ |
| ١٠ | دییە محەمەد ساڵح | ♀ | ٤چوار ساڵ ٨ مانگ | ٣ساڵ و ٥مانگ |
| ١١ | لیا هێمن عوسمان | ♀ | ٢ ساڵ و ٣ مانگ | ٢ساڵ و ٣مانگ |
| ١٢ | ئەلەند دانا ڕەزا | ♂ | ٣ ساڵ و٢ مانگ | ٣ ساڵ و ٢ مانگ |
| ١٣ | ژێنەر یادگار نەجمەدین | ♂ | ١٠ ساڵ | ٢ ساڵ و ٥ مانگ |
| ١٤ | نوا ئاری مارف | ♀ | ٩ ساڵ | ٣ساڵ ٤ مانگ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ئەحمەد ئاوات ساڵح | ♂ | ٤ ساڵ | ٣ ساڵ |
| ١٦ | هیران سۆران حەسەن | ♀ | ٣ساڵ و ٦مانگ | ٣ساڵ و ٦مانگ |
| ١٧ | محەمەد ئاریان جلال | ♂ | ٣ساڵ و ٤مانگ | ٣ساڵ و ٤مانگ |

# الخلاصة

هذا البحث بعنوان " **إكتساب اللغة الاولى والظاهرة سايكو_فونولوجية في اللغة الكردية** " مخصص للاكتساب اللغة الاولى لدى الاطفال في مجتمع ذات لغة واحدة (منذ لحظة الولادة حتى السادسة من عمره)،إن موضوع الاساسي للبحث هو تحليل و توضيح كيفية إكتساب اللغة و العمليات العقلية المرتبطة بها و ظواهر الفونولوجية النطق عند الاطفال في اللغة الكردية المرتبطة بتحاليل علم اللغة النفسي. لأن موضوع البحث ينتمي لعلم اللغة التطبيقية ،لذا يظهر أهميته على مستوايين: المستوى النظرى : في هذا المستوى نتحدث عن جوانب المجردة في إكتساب اللغة الاولى و كيفية نظرة الطفل و فهمه لمحيطه و مراحل إكتساب اللغة و كيفية إيصال الفكر عن طريق الكلام، أما في المستوى العملي : البحث يساعد البالغين في كيفية مساعدة الاطفال و تصحيح عملية النطق لديهم،و وضع منهج تربوي علي المستوى الحضانات ورياض الاطفال ،أيضا تعتبر بوابة جيدة للمختصين في مجال تعلم اللغة للاطفال بصورة عامة.

يتكون هذا البحث من مقدمة ، ثلاثة فصول ، أهم النتائج و قائمة بالمصادر المستخدمة بالبحث.

**الفصل الاول** :خصص هذا الفصل لشرح كيفية إكتساب اللغة و قسم الى قسمين،القسم الاول يختص بتحليل العلاقة بين إكتساب اللغة و مكونات العقل البشري و علاقتهما بالقدرة على إكتساب اللغة ،و كذلك توضيح لغة الحيوانات المرتبطة بهذه القدرة .و في القسم الثاني :وضحنا أشهر النظريات المتعلقة بهذه العملية و مراحل إكتساب اللغة.

**الفصل الثاني** :يختص بالعمليات العقلية المتعلقة بإكتساب اللغة والجانب النظري والعملي فيها قسم الى ثلاثة أقسام ،حيث يتناول القسم الاول العلاقة بين تعلم اللغة والذاكرة و توضيح أقسام الذاكرة ، واشارة الى تطوير الذاكرة لدى الاطفال وكيفية تحليل معالجة المعلومات في الذاكرة . والقسم الثاني : يتحدث عن إدراك الكلام وفهم اللغة و مراحله عند الأطفال وهو المقصد الأساس من هذا القسم ، و قد حاولنا فيها و بدقة البحث في كيفية فهم المعنى والتعميم ، هي ظاهرة معلومة و مهمة في إكتساب اللغة. وقد تناولت أيضاً تعلم اللغة ومستوياتيها لدى الأطفال .القسم الثالث : يتحدث عن عملية إنتاج الكلام وأنواع الترميز وكذلك يتحدث عن الميكانيكية التى يساعد على إنتاج الكلام بشكل صحيح و ملائم ،كما اشارنا الى انواع تحاليل انتاج الكلام لاحقاً .

**الفصل الثالث** : يختص هذا الفصل ب (ظاهرة السايكو _فونولوجية النطق ) وينقسم البحث فيه الى قسمين ، القسم الأول : يتحدث عن الترميز الفونولوجي في عملية النطق ،توضيح ،النظام الفونولوجى ، تغييراته و أسباب التغييرات لدى الأطفال . القسم الثانى : يتحدث عن (الظاهرة الفونولوجية في النطق) ، أنواعه و ظاهرة الفونيمات فوق التركيبية و يعمل على البحث فيها ،تحليلها ، وكذلك كجانب عملي للبحث قدمنا مع النظريات و الظواهر أمثلة و متغيرات صوتية.

# Abstract

This research" **First Language Acquisition and psycho_phonological process in Kurdish language”** is about First Language Acquisition in a (monolingual)society which has only one Language by the children (from born till six years),the main purpose of this research is analysing how and what Language Acquisition is,it's a phonological phenomenon and it is connected with Psychology processes . Because the research subject deal whith theoritical and practical issues , it's emportance appenred in two sides:Theory ;in this one ,abstract sides of Language Acquisition ,how is Comprehension ,child's looning at the time of Language Acquisition ,how can express idea through Language are studied. Also in practical side: this research is useful to adult to help children for beter Language Acquisition ,getting education program and also it's a great gate for entering child world and education .

The research consistis of an introduction, three parts, conclution and the references.

**first part:** concentrates on Language Acquisition and it is two sections: the first section for Language Acquisition connection that states the structure and which building of human's brain is connected with Language Acquisition ability, also states animals Language connected to this ability. In the second section : the famous Language Acquisition the ovies illustrated .also Language Acquisition classes clussitied into two main classes that are separated according to their meaning.

**Second part :**specialized for Psychological process of Language Acquisition ,theory and practical sides of this part studied in three section , section one: is about the connections between Language learning and memory ,kinds of memory, devloping of childs memory, discussing how is

information processing . Section two : is about Language Comprehension and Generalization ,that is one of the important phenomena of Language Acquisition , Language learning and it's steps, in its normal meaning of Comprehension illustrated. Section three: is for language production and encoding. Also techniques that control over the terms in the forms, in helping children to produce conversation correctly based on the production of analyzing model.

**The third part :**this part specialized for Psycho-phonological process of Language Acquisition ,it contains two sections: the first section : is about phonological encoding and changing phonology from Language Acquisition ,discussing phonological encoding , phonplogical system changing reasons from children. The second section : is about Language Acquisition phonological phenomenan ,it's kinds and supersegmental .Also we explained all the samples and data.

# Abstract

This research" **First Language Acquisition and psycho_ phonological process in Kurdish language**” is about First Language Acquisition in a (monolingual)society which has only one Language by the children (from born till six years),the main purpose of this research is analysing how and what Language Acquisition is,it's a phonological phenomenon and it is connected with Psychology processes . Because the research subject deal whith theoritical and practical issues , it's emportance appenred in two sides:Theory ;in this one ,abstract sides of Language Acquisition ,how is Comprehension ,child's looning at the time of Language Acquisition ,how can express idea through Language are studied. Also in practical side: this research is useful to adult to help children for beter Language Acquisition ,getting education program and also it's a great gate for entering child world and education.

The research consistis of an introduction, three parts, conclution and the references.

**first par**t: concentrates on Language Acquisition and it is two sections: the first section for Language Acquisition connection that states the structure and which building of human's brain is connected with Language Acquisition ability, also states animals Language connected to this ability. In the second section : the famous Language Acquisition the ovies illustrated .also Language Acquisition classes clussitied into two main classes that are separated according to their meaning.

**Second part** :specialized for Psychological process of Language Acquisition ,theory and practical sides of this part studied in three section , section one: is about the connections between Language learning and

memory ,kinds of memory, devloping of childs memory, discussing how is information processing . Section two : is about Language Comprehension and Generalization ,that is one of the important phenomena of Language Acquisition , Language learning and it's steps, in its normal meaning of Comprehension illustrated. Section three: is for language production and encoding. Also techniques that control over the terms in the forms, in helping children to produce conversation correctly based on the production of analyzing model.

**The third part** :this part specialized for Psycho-phonological process of Language Acquisition ,it contains two sections: the first section : is about phonological encoding and changing phonology from Language Acquisition ,discussing phonological encoding , phonplogical system changing reasons from children. The second section : is about Language Acquisition phonological phenomenan ,it's kinds and supersegmental .Also we explained all the samples and data.